ناوەڕۆك

- بەرگی دووەم لە پڕۆژەی تەمەن ..... ٩
- ڕۆژنامەی خەبات لە سێ بابەتدا ..... ١١
- کوردایەتی، سەرەتا، ناوەڕۆك، کۆتایی ..... ٤٤
- سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی لە کوردستانی خواروودا ..... ٦٤
- با ئێمەش قسەیەك بۆ ئازادیی بکەین ..... ٧٨
- ڕاپەڕین ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان ..... ٨٨
- گۆڤاری چوارچرای سوید ..... ٩٩
- شتێك لە ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگە ..... ١٣٠
- پڕۆژەیەك بۆ نووسینەوەی ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی کوردیی لەناو شارەکاندا ..... ١٤٧
- ئاشتیی کۆمەڵەی گەلی کوردستان ..... ١٦٦
- سانسۆری ڕۆژنامە لە سیستمی سۆسیالیستیدا ..... ١٨٣
- هەواڵنامەی کوردستان لە ڕۆژنامەکانی ئەورووپادا ..... ١٩٧
- گۆڤاری زەنگی مەجەرستان ..... ٢١٠

## بەرگی دووەم لە پڕۆژەی تەمەن

چەند مانگێك لەمەوبەر بەرگی یەكەمینی ئەم پڕۆژەیەم خستە بەردەم خوێنەران، وەك چەند برادەرێكی نووسەرو ڕۆشنبیر پێیانڕاگەیاندم بووەتە جێگای ڕەزامەندیی خوێنەران، بە تایبەتیش ڕۆژنامەنووسان و شارەزاو پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەنووسی، وەك پەیمانیشم دابوو كە لەسەر پڕۆژەكەم بەردەوام بم، وا بەرگێكیترم خستە بەردەست خوێنەران، كە هیوادارم كارو كاریگەریی خۆی لە زاكیرەی خوێنەران هەبێت و بۆ لێكۆڵەرانیش ببێتە سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو.

بابەتەكانی ئەم بەرگەش وەك بەرگی یەكەم هەمەرەنگ و هەمەجۆرن، كە دەكرێت سەبارەت بە هەر یەكێك لەم بابەتانە كتێب یاخود نامیلكەی سەربەخۆ بنووسرێت، سەبارەت بەم بەرگە سەرەتا بیرم كردەوە كە تەنیا ئەو بابەتانە لەخۆی بگرێت كە سەبارەت بە ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی نووسیومە، بە تایبەتیش كە زۆربەی بابەتەكانی ئەم بەرگە دەچێتە ئەو خانەیە، بەڵام پاشان ماوەیەك دەستبەرداری ئەو فكرەیە بووم و وتم، یەكەم: لەبەر تایبەتمەندیی پڕۆژەكە، كە بریتییە لە چەند بابەتێكی هەمەرەنگ و هەمەجۆری ڕۆژنامەگەریی، دووەم: ماوەیەكە سەرقاڵی نووسینی مێژووی ڕۆژنامەگەریی چەپی كوردیم و ڕەنگە لە كۆتایدا ببێت بە كتێبێكی سەربەخۆ.



لەم بەرگەشدا هەمیسان دووبارەی دەكەمەوە، كە زۆربەی بابەتەكانی دوو تویی ئەم پڕۆژەیە پێشتر بڵاوكراونەتەوە، بەڵام ئەوەی ئێستا لەبەردەستی خوێنەرانە، بریتییە لە تەتەڵەكردن و پێداچوونەوەو بژاردكردنەوەو دەستكاریكردنەوەی بابەتەكان، كە ئومێد دەكەم نووسەرو پسپۆڕانی بواری ڕۆژنامەگەریی بە سەرنج و بەدواداچوون و ڕەخنەكانیان، ئەم بابەتانە دەوڵەمەندتر بكەن.

چاوەڕێی بەرگی سێیەم بن...

نەوزاد عەلی ئەحمەد
سوید- ستۆكهۆڵم
٢٠٠٨/٦/١٣
Nawzad.ali@hotmail.com

# ڕۆژنامەی خەبات

# لە سێ بابەتدا


... لاتحاد الـ...
... الديمقراطية ...
ولا ديمقراطية من دون الحياة البرلمانية والحريات الديمقراطية ... العادل للقضية الكردية

لسان
الحزب الديمقراطي الكردستاني

العدد ( ٤٦٥ ) اوائل نيسان ١٩٦٢ الثمن ( ١٠٠ ) فلسا

يا جماهير شعبنا ناضلي من اجل جبهة اتحاد وطني للعمل :-

ضد الاستعمار ومشاريعه واحلافه واعوانه .
ضد الدكتاتورية الفاشستية المعادية للشعب واهدافه الكبرى .
لاقامة نظام ديمقراطي برلماني سليم .
لتمتين الروابط الاخوية والنضالية بين الشعبين العربي والكردي .
لتمتع الشعب الكردي بحقوقه القومية بما فيها الحكم الذاتي لكردستان العراق .
لاسترجاع حقوق البلاد من شركات النفط الاستعمارية فعلا .
لضمان حقوق العمال والفلاحين الديمقراطية والمعاشية .

٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧٧

عودة "خبات" الى الصدور لمواصلة نضالها ضد الاستعمار والدكتاتورية وفي سبيل التحرر والديمقراطية والسلم ومن اجل الحقوق القومية للشعب الكردي

تنهي خبات احتجابها القسري عن ميدان الصحافة الوطنية لتعود من جديد - بعد سنة كاملة - لتواصل اداء رسالتها الوطنية والديمقراطية والقومية ولتكون كما كانت نبراسا ينير الطريق لمناضلي كردستان وجماهيرها الغفيرة في سيرها الحثيث المستمر نحو النور ، نحو الحرية والتحرر الوطني الحقيقي ، نحو عراق مستقل ديمقراطي يضمن لشعبيه العربي والكردية وجميع الاقليات العنصرية والدينية كل الحقوق والحريات الديمقراطية والقومية المشروعة .

تعود خبات لتواصل حمل لواء الاخوة الصادقة بين الشعبين العربي والكردي ، لواء كفاحهما المشترك ضد الاستعمار والدكتاتورية والاضطهاد والاستغلال ، لتفضح مؤامرات ودسائس المستعمرين و [illegible] قاسم [illegible] على قاعدة فرق تسد ولتنبيه المخلصين من ابناء الشعب الى خطورة [illegible] انكار موجودية شعبنا الكردي ووطننا كردستان وغصب حقوقنا القومية .

تعود خبات لتواصل النضال من اجل الديمقراطية وانهاء فترة الانتقال التي اطالها قاسم خلافا لرغبة الشعب ولتصريحاته العديدة هو نفسه ، ومن اجل الغاء المحاكم العرفية والاوضاع الاستثنائية والاحكام الصادرة بحق المسجونين السياسيين والاحزاب والصحف الوطنية ، ومن اجل انهاء الحكم الدكتاتوري الفردي واطلاق الحريات الديمقراطية العامة والخاصة وفي الاخص حرية تاليف الاحزاب لجميع الاطراف الوطنية لممارسة نشاطها السياسي في جميع انحاء الجمهورية ، وضمان حريات النشر والصحافة والاجتماع والتظاهر والاضراب وحرية ابداء الرأي والتعبير والافكار لابناء الشعب .

وبمناسبة عودة خبات ترى من الضروري ان تعيد الى الاذهان بعض الحقائق عن سبب احتجابها :

يعلم الرأي العام العراقي جيدا ما ادته "خبات" من خدمات للحركة الوطنية والديمقراطية ولاخوة العربية الكردية وكيف انها خاضت المعارك بجانب الشعب وفي مقدمة الصحف الوطنية ضد الاستعمار ومؤامراته واحابيل حلف [illegible] ومطامع قاسم الدكتاتورية وفي سبيل صيانة الاستقلال الوطني والديمقراطية والسلام مما اكسبها احترام وتقدير الاوساط الوطنية من جهة وحقد وغضب قاسم من جهة اخرى فاصبحت تخيفه وتثير حقده لاستمرارها في فضح اعماله المضرة بمصالح الشعب ، وسياسته المعادية للديمقراطية والحقوق الشعب الكردي القومية ، بحيث غدت ( خبات ) عقبة كأداء في طريق سعي قاسم لتثبيت دكتاتوريته الفردية وتنفيذ سياسته الادماجية بحق شعبنا الكردي ، فبدأ يجمع الخطط لازالتها من طريقه متخذا حملة بسيل من الوعيد والتهديد للعاملين بها وطلبه اياهم للحضور امام الهيئة التحقيقية في وزارة الدفاع مرارا ، وتم ايعازه بتوجيه الاعتداءات اليها باسم الحاكم العسكري العام ، وتقديمها



## (١)

## چەند زانیارییەك سەبارەت بە ڕۆژنامەی خەبات

### سەرەتا

ڕۆژنامەی خەبات یەكێكە لەو ڕۆژنامە حزبییانەی كە دوای ئەوەی بیرۆكەی دامەزراندنی حزبی كوردی لە كوردستانی باشووردا (عێراق)، چەكەرەی كردو دوای ڕۆژنامەی (ڕزگاری) وەك ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كورد، ڕۆژنامەی خەبات بە دووەم ئۆرگانی ناوەندی ئەم حزبە دێت، وەك دەزانرێت دوای كۆنگرەی سێیەمی پارتی، كە لە ٢٩ی كانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ لە شاری كەركووك گرێدرا ناوی پارتەكە لە پارتی دیموكراتی كورد-ەوە، كراوەتە پارتی دیموكراتی كوردستان-عێراق و هەر لەم كۆنگرەیەشدا بڕیاردراوە، ناوی ئۆرگانەكەش لە (ڕزگاری)یەوە بكرێتە (خەبات)، بەڵام هەندێك كەس پێیانوایە، كە ڕزگاری وەك ئۆرگانی پارتی دیموكراتی كوردستان-عێراق تا ساڵی ١٩٥٥ بەردەوامبووەو لە ساڵی ١٩٥٥-ەوە (خەبات) دەرچووە.

ئێمە قسە لەسەر زەمەنێكی تری خەبات دەكەین، ئەویش سەرەتاكانی شۆڕشی ئەیلوولە، چونكە وەك دەزانرێت ڕۆژنامەی خەبات لە ساڵی ١٩٥٥ تا ساڵی ١٩٥٩ بە شێوەیەكی نهێنی ناوناوە دەرچووەو ماوەیەكیش بەناوی (خەباتی كوردستان) چاپ و بڵاوكراوەتەوە، ئیتر لە ١٩٥٩/٤/٤ تا ١٩٦١/٣/٢٨ بە شێوەیەكی ئاشكراو بە مۆڵەتی ڕەسمیی دەرچووە،

قسەکانی ئێمە لێرەوە وەك پرسیار دەکرێن، ئایا ڕۆژنامەی خەبات لە قۆناغی شۆڕشدا چی بەسەرهات؟ دوای گەڕانێکی زۆرو ئەودیو ئەودیوکردنی چەند لاپەڕەیەك بۆم بەدەرکەوت، کە ڕۆژنامەی خەبات لە قۆناغی نهێنی و ئاشکرایدا، تا ڕۆژی ٢٨/٣/١٩٦١ کە دەسەڵاتداریتی عێراق بڕیاری داخستنی دا (٤٦٢) ژمارەی لێ دەرچووە.

## سۆراغ

لە پێناوی کۆکردنەوەی زانیاری و باشتر تەئکیدکردنەوە لە ژمارەکانی ڕۆژنامەی (خەبات) لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلوولدا، سەیری کتێبەکانی ڕابەری ڕۆژنامەگەریی کوردی- جەمال خەزنەدار، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا- د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەگەریی کوردی- ئیسماعیل تەنیا، ڕۆژنامەگەریی کوردی دوای ڕاپەڕین، عەبدوڵلا زەنگەنەو چەند سەرچاوەیەکی ترم کردووە، بەڵام بەداخەوە ئەوەی من دەمویست ئەوە نەبوو، کە پشت بەزانیارییەکانیان ببەستم، ئەوەی زیاتر سەرنجی ڕاکێشام دوو کتێبی تر بوون. یەکەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان- وریا جاف و دووەم: ڕزگاری ئم خەبات- ڕزگار نوری شاوەیس، کتێبی یەکەم لە چەند شوێنی جیاجیادا لە قۆناغەکانی دەرچوونی ڕۆژنامەکە دەدوێت کە دێتە سەر ئەسڵی مەبەستەکەی من و دەڵێت:

ڕۆژنامەی خەبات بە ئاشکرا (٤٦٢) ژمارەی لێدەرچووەو لە دوا ڕۆژی دەرچوونیشیدا لە ١٨/٣/١٩٦١، کە دوا ژمارەی بوو بە ئاشکرا



پشتگیریی مانگرتنی شوفێرەکانی کردووە دژی بەرزبوونەوەی نرخی بەنزین... ل٢٥.

لە کتێبی دووەمدا بەم شێوەیە لە قۆناغی ئاشکرای خەبات دەدوێت (یەکەم ژمارەی ئاشکرای خەبات کە هەڵگری ژمارە (١) لە ٤ی نیسانی ساڵی ١٩٥٩ لە بەغدا دەرچووە، خاوەن ئیمتیازو سەرنووسەرەکەی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد بوو کە ئەوسا سکرتێری پارتی بوو، ژمارەکانی (١-٥) بە زمانی کوردی و ژمارەکانی (٦-٧) بە عەرەبی و ژمارەکانی ٨- ٩ بە کوردی و (١٠-١٢) بە عەرەبی، بەڵام ژمارەکانی (١٣-٢٤) بە کوردی دەرچووە، مێژووی دەرچوونی ژمارەکانی (١٥-٢٤) بریتییە لە ٢١، ٢٢، ٢٣، ٢٤، ٢٦، ٢٧، ٢٨، ٢٩، ٣١ی تەمووزی ١٩٥٩، ژمارە (٢٣)ش لەسەر ئەم مێژووە یەك بەدواییەکانە نیشاندەدەن، کە ئەمە هەوڵێك بووە بۆ دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە بەزمانی کوردی، خەبات بەو شێوەیەو بە زمانی کوردی و هەروەها بە زمانی عەرەبی یەك بەدوای یەك بەردەوام بووە، بەڵام لە ژمارە (١١٢)ەوە تا ژمارە (٤٦٢)ی ڕۆژی ٢٨/٣/١٩٦١ بە تەواویی بە زمانی عەرەبی دەرچووە، دیارە ئەو مێژووەی پێشەوەش ئەو ڕۆژەیە کە ڕۆژنامەکەی تێدا وەستاوە. ل٣٢).

لەو دوو پەرەگرافەی پێشەوەدا، کە لە دوو کتێبی جیا وەرگیراون وا پێشاندەدەن، کە ژمارە (٤٦٢) دوا ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات- ە کە بە ئاشکرا دەرچووە، ئێستا بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەڕێین، کە ئایا ڕۆژنامەکە لە چ ڕۆژێکدا لە ڕۆژانی شۆڕشی ئەیلوولدا دەستی بە دەرچوون کردووەتەوە؟ ئایا لە ژمارە (٤٦٣)ەوە دەرچووەتەوە یاخود هەڵەیەك لە

ژمارەکەدا هەیە؟! دیسان سەیری کتێبی مێژووی ڕۆژنامەگەریی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەینەوە. نووسەر کە دێتە سەر قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولی ڕۆژنامەکە دەنووسێت: (ڕۆژنامەی خەبات، ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پاش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول کەوتەوە بارودۆخی نهێنی و زۆری نەخایاند ژمارەکانی ڕۆژنامەی خەبات گەیشتەوە سەرانسەری کوردستان و بەغدای پایتەختیش ل٣٠)، هەروەها چەند دێڕێکیش سەبارەت بە دەرچوونەوەی خەبات لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلوولدا لە کتێبی (رزگاری ثم خەبات) وەردەگرین (لە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١دا ڕۆژنامەی خەبات لەوەکرێکی نهێنی لە سلێمانی ژمارە بەراییەکانی چاپکردووەتەوە.... ل٥٢)، لە (کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢، خەبات بۆ ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان گواسترایەوە. ل٥٥).

نامەوێت درێژە بەم ژێدەرە مێژووییە بدەم، بەڵام ئەوەی لەم چەند دێڕە وەرگیراوە، لەم دوو کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ لەم دوو نووسینە دەستنیشانی ژمارەی ڕۆژنامەکە ناکەن، هەروەها وەك چۆن خۆیان لە ژمارەکە بواردووە بە هەمانشێوەش مێژووی دەرچوونەکەشیان فەرامۆشکردووە.

بە هۆی خەریك بوونم بە نووسینی نامەی ماجستێرەکەم و گەڕان بە دوای سەرچاوەو تەئکیدکردنەوە لە سەرچاوەکاندا لە ڕێگای برای بەڕێز شازین هێرش ژمارەییێکی کۆنی ڕۆژنامەی (خەبات)م دەستکەوت، کە لەسەری نووسراوە: (خەبات لسان الحزب الدیمقراطی الکردستانی، العدد ٤٦٥- اوائل نیسان ١٩٦٢).



## پێناسە

بە دۆزینەوەی ژمارە (٤٦٥)ی نیسانی ١٩٦٢ی ڕۆژنامەی خەبات پێش هەموو شتێك دەپرسم، ئایا ئەم ژمارەیە یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەکەیە؟ دوای وەستانەکەی! ئەگەر یەکەم ژمارەیە بۆ لەسەری نەنووسراوە (٤٦٣) پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، پێشەکی پێناسەیەکی ئەم ژمارەیە دەنووسمەوە:

ژمارەکە لەسەری نووسراوە خەبات، لسان الحزب الدیمقراطی الکردستانی، العدد (٤٦٥) اوائل نیسان ١٩٦٢، الثمن (١٠٠) فلسا. ڕۆژنامەکە لە قەبارەی فولسکابدایەو بریتییە لە (١٤) لاپەڕەو بابەتەکانی هەمووی بە زمانی عەرەبییەو ناونیشانی بابەتەکان:

لە سەرووی لاپەڕە یەکەوە چەند دروشمێك نووسراوە، بابەتێکی تریش هەیە بە ناوی (عودة "خەبات" الي الصدور لمواصلة نضالها ضد الاستعمار والدکتاتوریة، وفي سبیل التحرر والدیمقراطیة والسلم ومن اجل الحقوق القومیة للشعب الکردي).

لە لاپەڕە دوودا، ناونیشانی (نداء من الحزب الدیمقرطی الکردستانی الی الشعب العراقی الابی، الی/ جمیع الاحزاب السیاسیة الوطنیة/ الي کافة المنظمات الوطنیة في العراق، بمساندة النضال الثوری المسلح للشعب الکردی وبالنضال في جبهة وطنیة متحدة تتحقق جمیع الاهداف الدیمقراطیة والقومیة للشعب العراقي بعربه واکراده) دێتە بەرچاو، کە ئەمە بەیاننامەی ڕاگەیاندراوی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی

کوردستانەو مێژووی ١٦/٣/١٩٦٢ی لەسەر نووسراوەو زیاتر لە هەشت لاپەڕەی ڕۆژنامەکەی بۆ تەرخانکراوە.

لە لاپەڕە (١٠) تا دوا لاپەڕەی ڕۆژنامەکە باس لە چالاکییەکانی پێشمەرگە دەکات.

## پرسیار

نامەوێت لەمە زیاتر لەسەر ئەم ژمارەیەی خەبات بدوێم و ئەو وردەکارییانەش شیبکەمەوە، کە باس لە چالاکی و دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلوول دەکات، ئەوەی من مەبەستمە، ئایا ئەم ژمارەیە یەکەم ژمارەی ڕۆژگاری دەستپێکردنی شۆڕشە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە باشترین بەڵگە خوێندنەوەی وتارێکی لاپەڕە (١)ی ڕۆژنامەکەیە، کە بەڕای من دەچێتە خانەی سەروتاری ڕۆژنامەکە، تیایدا هاتووە (عودة "خەبات" الي الصدور لمواصلة نضالها ضد الاستعمار والدكتاتورية وفي سبيل التحرر والديمقراطية والسلم ومن اجل الحقوق القومية للشعب الكردى)، ئەگەر بە وردیی لەم نووسینە بکۆڵینەوەو وردببینەوە، ئەوەمان بۆ ساغ دەبێتەوە، کە ئەم ژمارەیەی خەبات یەکەم ژمارەی دوای وەستانی ڕۆژنامەکەیەو وەکو لە پێشەوەش باسمانکرد، کە دوا ژمارە، ژمارە (٤٦٢)یە، بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییەش کە ژمارە (٤٦٥)، یەکەم ژمارەی دەستپێکردنی شۆڕشە، چەند پەرەگراف و دێڕێك لەو نووسینە وەردەگرین و دەقاو دەق وەکو خۆی دەیگوازینەوە:



(تنهى "خەبات" احتجابها القسرى عن ميدان الصحافة الوطنية فتعود من جديد بعد سنة كاملة- لتواصل اداء رسالتها الوطنية والديمقراطية والقومية لتكون كما كانت نبراسا ينير الطريق لمناضلي كردستان وجماهيرها الغفيرة في سيرهما الحثيث المستمر نحو النور، نحو الحرية والتحرر الوطني الحقيقي، نحو عراق مستقل ديمقراطي يضمن لشعبه بقوميتيه العربية والكردية وجميع الاقليات العنصرية والدينية كل الحقوق والحريات الديمقراطية والقومية المشروعة.

تعود "خەبات" لتواصل حمل لواء الاخوة الصادقة بين الشعبين العربي والكردى، لواء كفاحهما المشترك ضد الاستعمار والدكتاتورية والاضطهاد والاستغلال، لتفضح موأمرات ودسائس المستعمرين وخطط قاسم المبنية علي قاعدة فرق تسد ولتنبيه المخلصين من أبناء الشعب الي خطورة ومضار انكار موجودية شعبنا الكردي ووطننا كردستان وغصب حقوقنا القومية.

تعود "خەبات" لتواصل النضال من اجل الديمقراطية وانهاء فترة الانتقال التي أطالها قاسم خلافا لرغبة الشعب ولتصريحاته العديدة هو نفسه. ومن اجل الغاء المحاكم العرفية والاوضاع الاستثنائية والاحكام الصادرة بحق المسجونين السياسيين والاحزاب والصحف الوطنية، ومن اجل انهاء الحكم الدكتاتوري الفردي واطلاق الحريات الديمقراطية العامة والخاصة وعلي الاخص حرية تأليف الاحزاب نهيب بجميع الاطراف الوطنية لممارسة نشاطها السياسي في جميع أنحاء الجمهورية وضمان حريات النشر

والصحافة والاجتماع والتظاهر والاضراب وحرية ابداء الرأي والتعبير والافكار لأبناء الشعب.

وبمناسبة عودة "خەبات" نري من الضروري ان نعيد الي الاذهان بعض الحقائق عن سبب احتجابها!؟

يعلم الرأي العام العراقي جيدا مأادته "خەبات" من خدمات للحركة الوطنية والديمقراطية وللاخوة العربية الكردية وكيف انها خاضت المعارك بجانب الشعب وفي مقدمة الصحف الوطنية ضد الاستعمار ومؤامراته واحابيل حلف سنتو و مطامع قاسم الدكتاتورية وفي سبيل صيانة الاستقلال الوطني والديمقراطية السلام مما اكسبها احترام و تقدير الاواسط الوطنية من جهة ونقمة وغضب قاسم من جهة اخري فأصبحت تخفيه وتثير حقدة لأستمرارها في فضح اعماله المضرة بمصالح الشعب، وسياسته المعادية للديمقراطية ولحقوق الشعب الكردى القومية، بحيث عدت "خەبات" عقبة كأداء في طريق سعي قاسم لتثبيت دكتاتورية الفردية وتنفيذ سياسته الادماجية بحق شعبنا الكردى).

ئینجا لە پەرەگرافێکی تردا باس لە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی تایبەت دەکات، کە بەرامبەر بە ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەری ڕۆژنامەکە کراوەو بڕیاردراوە کە بگیرێت، بەوردیی باس لەو ڕووداوە کراوە، پێش کۆتاییش نووسراوە (ان خەبات التي عرفتها جماهير العراق ستبقي جريدتها الشعبية جريدة للعمال والفلاحين والكسبة والمثقفين الاحرار).



### وەڵام

بە خستنەڕووی ئەم ژمارەیە، کەواتە دوو ژمارەی ڕۆژنامەی خەبات ونە، واتە ژمارەکانی (٤٦٣ و ٤٦٤)، نازانرێت بۆ ئەم دوو ژمارەیە فەرامۆشکراوە، ئایا ڕێکەوت ڕۆڵی بینیوە، کە لە ژمارە (٤٦٥)ەوە دەست بە دەرچوونەوەی کراوەتەوەو هەر بەو شێوەیە ڕۆیشتووە؟ یاخود لە دوای ئەم ژمارەیە هەڵەکە ڕاستکراوەتەوە! چونکە ژمارەکەی دوای ئەم ژمارەیەم نەبینیوە، بەڵام ئەوەی وەك بەڵگە لەبەر دەستماندایە تا جیابوونەوەکەی ساڵی ١٩٦٤ ڕۆژنامەی خەبات ژمارەکانی گەیشتووەتە (٤٧٣) ژمارە، واتە ئەگەر بەحیساب بێت لەماوەی زیاتر لە دوو ساڵدا (١٩٦٢-١٩٦٤) تەنها نۆ ژمارە لە ڕۆژنامەی خەبات دەرچووە.

لە کۆتاییدا پێمانوایە، کە ئەم ژمارەیەی خەبات واتە ژمارە (٤٦٥) سوودێکی مێژوویی باشی دەبێت، ئەگەر جارێکیتر چاپ بکرێتەوە، بە تایبەتیش، کۆمەڵێك هەقیقەتی مێژوویی تیایە سەبارەت بە سەرەتاکانی شۆڕشی ئەیلوول، سوودێکی باش بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەگشتیی و ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردی بە تایبەتی پێدەبەخشێت، هەروەها بۆ خودی مێژووی ڕۆژنامەی خەبات-یش کارێکە جێگای شیاوی خۆی دەگرێت، بە تایبەتیش بۆ ڕیزبەندکردنەوەی ژمارەکانی.

### سەرنج:

لە ٢٠٠١/١/٢٥ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، هەروەها گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، لە ژمارە ١٢، ساڵی ٢٠٠٨ جارێکیتر بڵاویکردووەتەوە.

## (٢)

## رۆژنامەی خەبات و گۆڤاری
## Facts Kurdish

### پێشەکی

رۆژی ٢٥/٣/٢٠٠١ لە لاپەڕە (٩)ی کوردستانی نوێ وتارێکم بە ناوی (چەند زانیارییەك سەبارەت بە رۆژنامەی خەبات) بڵاوکردەوە، کە بریتیبوو لە سۆراغ و دۆزینەوەی ژمارە (٤٦٥)ی رۆژنامەی خەبات- ی تازە دۆزراوە، تا ئەو کاتەی ئەو نووسینەم بڵاوکردەوە لە هیچ شوێنێك بەو شێوەیە باس لە وردەکارییەکانی ئەو ژمارەیە نەکراوە، لە دوا دێڕی وتارەکەمدا ئومێدم خواستووە کە (ئەم بابەتە بۆ یادی ١٠٣ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیی نووسینو لێکدانەوەی زانستیانەو بە دواداچوونی بە دواوە بێت)، بەڵام بەداخەوە دوو وتاری بەدوادا هات، یەکەم: بۆ شێواندنی هەوڵەکەی من بوو. دووەم: شوێنبزرکردنی کارەکەم بوو، دوای چاوەڕوانی نزیکەی ساڵێك تێپەڕبوون بەسەر ئەو دوو نووسینەدا، کەس وەڵامێکی ئەو دوو نووسینەی نەدایەوەو کەس نەهاتە دەنگ.

ئینجا بۆ ئەوەی ئەو کارەشم وەك چەند نووسین و وتاری ترم کەس خۆی نەکات بە خاوەنی، وا هاتمە قسە، بەڵام ئەمجارە تەییار بە بەڵگەیەکی ترو کورتە وەڵامێکی ئەو دوو نووسینەش دەدەمەوەو لە گۆڤاری (Kurdish Facts) دەدوێم کە ئاماژەی بە ژمارە (٤٦٥)ی رۆژنامەی خەبات کردووە.



### دوو گۆڤارو دوو مەبەست

دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکەم لە کوردستانی نوێ، وەك لە پێشەوە وتم دوو نووسینی نزیك لە ئاو و هەوای بابەتەکەم بڵاوکرانەوە، یەکەم لە ژمارە ٤ی رۆژی ٢٢ی نیسانی (٢٠٠١)ی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)و نووسینی دووەم لە ژمارە (٢)ی هاوینی ٢٠٠٢ی گۆڤاری (رۆژنامەنووسان) بڵاوکراوەتەوە، لە چەند دێڕێکدا بە کورتی وەڵام و سەرنجەکانم دەخەمەڕوو.

### دادگاییکردنی خەبات[1]

ئەمەی سەرەوە ناونیشانی زنجیرە نووسینێکە لە نووسینی عەبدوڵڵا زەنگەنەو بەشی سێیەمی وەك ئەڵقەکانی تر لە گۆڤاری (رۆژنامەڤانی) بڵاوکراوەتەوەو لەو بەشەدا لە سێ شوێندا بەم شێوەیە ئاماژەی بەناوی من و ژمارە (٤٦٥)ی رۆژنامەی (خەبات) کردووە:

(ئەو ژمارە-٤٦٥-ەی خەبات لە رێگای کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد لە ئەرشیفی کاك شازین هێرش-ەوە بە سوپاسەوە بە دەستمان گەیشتووە).

(ژمارە ٤٦٥-ی خەبات کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد لە ٢١/١/٢٠٠١ بانگهێشتی ماڵی خۆیان کردم و لەوێ ئەو ژمارەیەی خەبات-ی پیشاندام، بەداخەوە فۆتۆی رۆژنامەکە لەسەر دانەیەکی زۆر پەڕپووت و دڕاو گیرابووەوە، هەواڵ و بەیان و دەنگوباسەکان زۆر دێڕی روشابوو، نەدەخوێنرایەوە، کاك نەوزاد خۆی گفتی دامێ کە بابەتێك لەسەر ئەو ژمارەیەی رۆژنامەکە لە کوردستانی نوێ بڵاوبکاتەوە، جا نازانم دوای

سۆراغی نزیکەی مانگێك من نەکەوتمەوە سەر ئەو ژمارەیەی رۆژنامەکە، یان گفتەکە بووە قوربانیی سەفەری هەندەرانی. بەهەرحاڵ خوا تەمەنی هەموو لایەك لەسەر چاکەو خزمەتی تێکڕایی خەڵك درێژ بکات).

(سەرنج: کاك نەوزاد عەلی ئەحمەد لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارە (٢٤٠٩ی رێکەوتی ٢٥/٣/٢٠٠١) لە لاپەڕە ٩دا لە بارەی خەباتی ژمارە (٤٦٥)ەوە باسێکی چاکی بڵاوکردووەتەوە، دیارە مامۆستا ع. زەنگەنە رۆژنامەکەی نەدیوە، بەڵکو زۆر پاشتر نووسینەکە بڵاوکراوەتەوە- "رۆژنامەڤانی").

ئێستاش چەند وردە سەرنج و روونکردنەوەیەك سەبارەت بەو سێ پەرەگرافەی سەرەوە دەخەمەڕوو، ئەو بەڕێزە وا دەزانێت من ئەرشیفچی و پۆستەچیی ئەوم و ژمارەی ناوبراوی رۆژنامەکەم لەو برادەرە وەرگرتووەو پێمداوە، من لە پێناوی رێپیشاندەریی و رێنوێنیی راست و دروستی بەڕێزیان دوای دۆزینەوەی ئەو ژمارە (دەگمەن)و (دانسقە)یەی خەبات بۆم کۆپیکردووە، بەڵام بە داخەوە خۆی دەکاتە دۆزەرەوەو ئێمەش پۆستەچی...!! سەیرکەن چی دەڵێت: (دوای نزیکەی ساڵێك بەدواداچوون و وردبوونەوە وا پێدەچێت زۆر لایەنی ئەو باسەم وردکردبێتەوە، ئەویش دوای دۆزینەوەی ژمارە "٤٦٥"ێکی دیکەی خەبات ئەو ژمارەیەی من بەچاوی خۆم بینیومە لەگەڵ ئەوەی پۆستەرەکەی خەبات جیایە)[٢] ئەو بەڕێزە ئەوەندە پەلەی کردووە تا یەکەم سەرورەریی دۆزینەوەی ئەو ژمارەیە بۆ خۆی تۆمار بکات...! بە پەلە پیرۆزێ لە رێگای نووسین و ریزبەندکردنی چەند رستەیەکدا خاچی دۆزینەوەی ئەو ژمارەیەی بەرزکردووەتەوە، بەبێئەوەی



هیچ پێوەندییەکی بە بابەتی (دادگاییکردنی خەبات)[٣]ەوە هەبێت و ئەو ژمارەیەی خەبات-ی تێکهەڵکێشی بابەتەکەی خۆی کردووە.

ئایا ئەگەر ئەمە بۆ شێواندن و زیندەبەچاڵکردنی بابەتەکەی (کوردستانی نوێ)م نەبێت، ئەی چییە...؟ لە پێناوی ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە نازانستییانە بە پەلە ئەو نووسینەم لەسەر ژمارەی ناوبراوی خەبات نووسی، ئەگەر نا لە بەرنامەمدا بوو بە لێکۆڵینەوەیەکی وردی ئەکادیمی و لە کتێبێکی سەربەخۆدا دەقی ژمارەکە چاپ بکەمەوە، بەڵام رێکەوتی سەفەرەکەم و زوو گەیشتنم بە هەندەران بۆ چارەسەری نەخۆشییەکەم، نەپەرژامە سەر ئەو کارە، بۆ کۆپیی ئەو ژمارەیەش کە پێشکەش بە بەڕێز (عەبدوڵڵا زەنگەنە)م کردووە هەروەکو لە پەرەگرافی دووەمی ئەو پەرەگرافەدا هاتووە، کە چەند دێڕێك لەمەوبەر خستوومەتە نێوان دوو کەوانەوە، ئەو پەرەگرافە رستەی زۆر سەیری تێدایە بۆ نموونە: (کاك نەوزاد خۆی گفتی دامێ) (رۆژنامەکە لەسەر دانەیەکی زۆر پەڕپووت و دڕاو گیرابووەوە، هەواڵ و بەیان و دەنگوباسەکان زۆر دێڕی روشابوو، نەدەخوێندرانەوە) جارێ نازانم ئەو بەڕێزە بە چ سیفەتێك ئەمر دەکات و دەڵێت: (گفتی دامێ)[٤]، ئەو ژمارەیەم هەر وەك دۆزینەوەو ناساندن پێشکەشکردو پێمڕاگەیاند، کە ئەسڵەکە پاکەو دەستکاریی نەکراوە، تەنیا لە چەند شوێنێك شێ لێیداوە، بەڵام دەتوانرێت ژمارەیەکی پاکی لەبەر بگیرێتەوەو ناوی خاوەنی رۆژنامەکەشم پێوت کە بەڕێز (شازین هێرش)ە، پێموت نەك ئەو ژمارەیەی (خەبات)، بەڵکو کۆمەڵێك دۆکیۆمێنتی دانسقەی تریشی هەیەو دەتوانیت بە ناوی منەوە بچیتە لای

و سوود لە بەڵگەنامەکانی ببینیت، جا وشەکانی (پەڕپووت) و (دڕاو) و (رووشاو) هیچیان لەگەڵ ئەو دانەیە یەکناگرنەوە کە من پێشکەش بە ئەوم کرد، تەنیا ئەو وشانەی بە مەبەستی شێواندنی بابەتە بڵاوکراوەکەی من ریزکردووە، تا وا لە خوێنەران بگەیەنیت، ئەو دۆزەرەوەی ئەو ژمارەیەی خەبات-ە، بۆ پەرەگرافی (سەرنج)ەکەی گۆڤاری (رۆژنامەڤانی)یش، پێشەکی سوپاسیان دەکەم، بەڵام ئایا لە رۆژگاری ئەمڕۆی کۆمپیوتەردا نەدەکرا (بەڕێوەبەری نووسین- عەبدوڵڵا زەنگەنە) ئەو سەرنجەی تێهەڵکێشی بابەتە ئەسڵییەکەی خۆی بکردایەو راستەوخۆ وەك سەرچاوە سوودی لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ببینیایە؟ دیسان ئەمەش هەر بۆ وشەکانی (یەکەم) و (سەروەریی) و هیتر دەگەڕێنمەوە کە من بەدەرم لەو نازناو و شتە سەیرانە، بەڵام دژی سڕینەوەو فەرامۆشکردنی بەرامبەرم، لەو سەرنجەی رۆژنامەڤانی-دا بە ئاشکرا دیارە کە بابەتی (دادگاییکردنی خەبات- بەشی سێیەم) (زۆر پاشتر) لە بابەتەکەی من بڵاوەکراوەتەوە، هێشتا سەرنج و روونکردنەوەو چەندان شتم ماوە تا بیانخەمە سەر کاغەزو دەریانبڕم، بەڵام با ئەمجارە هەر ئەوەندە لە رەوسەی بە بەرەکەتی قەڵەمەکەم بەس بێت و دوا قسەشم بەرامبەر بەم دێڕەی زەنگەنە: (بە هەرحاڵ خوا تەمەنی هەموو لایەك لەسەر چاکەو خزمەتی تێکڕای خەڵك درێژ بکات) ئەوەیە: ئەم رستەیە هەر لە دوعای سەرقەبران دەچێت و نازانم بۆ ئاڕاستەی من کراوە...؟!



## رۆڵی رۆژنامەی (خەبات)ی نهێنی لە شۆڕشی ئەیلوولدا[٥]

ئەمە ناونیشانی بابەتێکە لە نووسینی (محەمەدی شاپەسەندی) و لە ژمارە (دوو)ی گۆڤاری( رۆژنامەنووسان)دا بڵاوکراوەتەوە، لەم نووسینەدا دەستەواژەیەك و دوا ستوونی نووسینەکە وەردەگرم: لە پێشەکی نووسینەکەدا سێ کلێشەی خەبات بڵاوکراوەتەوە، کلێشەی یەکەم ئەو ژمارەیەی خەبات-ە کە من لە کوردستانی نوێ لێیدواوم، بەڵام سەیرەکەی لە وەدایە نووسراوە (لە ئەرشیفی رەفیق ساڵح ئەحمەد)، دەکرێت تا ئاستێك ئەم دەستەواژە سەیرەش ئاسایی وەربگیرێت، چونکە ئەرشیف شتێکەو دۆزینەوە شتێکی ترە، بەڵام نا ئەمانەتیی زانستی لەم پەرەگرافەی خوارەوەدایە، کە وا دەقاودەق دەینووسمەوە:

(ئەوەڵ ژمارەی- خەبات-ی نهێنی:

تا دوای نووسینی ئەم بابەتە سەبارەت بە رۆژنامەی خەبات من لەو باوەڕەدا بووم، دەبێت ئەوەڵ ژمارەی خەباتی نهێنی ئەوە بێت کە لە هاوینی ١٩٦٢ لە سلێمانی چاپ و بڵاومان کردووەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە مامۆستا سدیق ساڵح ئاگاداری کردمەوە کە پێش ئەم تاریخەش ژمارەیەکی تر هەر لە بەغدا بە نهێنی بڵاوکراوەتەوە، کە بە ئەوەڵ ژمارەی نهێنی خەبات دەژمێردرێت.

ئەم ژمارە کە رەقەمی ٤٦٥ی لەسەر نووسراوەو ١٢ لاپەڕەیە، لە سەرەتای نیسانی ١٩٦٢ لە یەکێك چاپخانەکانی بەغدا بە نهێنی

چاپکراوەو وا پێدەچێت یەك دوو مانگ پێش دامەزراندنی چاپخانەی خەبات لە سلێمانی بڵاوکرابێتەوە، ناوەڕۆکی ئەم ژمارەیە گرنگ و بە راستی ئاوێنەی سیاسیی ئەوسای حکومەتی عێراق سەبارەت بە گەلەکەمان پێشاندەدات، بەڵام بەداخەوە مروری زەمان و کاریگەریی کەشوهەواو شێ لەو ماوە دوورو درێژەدا کاری کردووەتە سەر هەندێك لە لاپەڕەکانی و شایانی ئەوەیە جارێکیتر چاپ بکرێتەوە).

لەگەڵ ئەوپەڕی رێزم بۆ خەبات و تێکۆشانی پیاوێکی وەك (محەمەدی شاپەسەندی)، بەڵام گلەیی ئەوەی لێدەکەم: کە خۆزگە پێش نووسینی ئەم بابەتە، سەیرێکی بابەتەکەمی لە کوردستانی نوێ-دا دەکرد، تا ئەو بەڕێزەی کە ناوی هێناوەو رووبەڕووی خواردنی رەنجی کەسی تری نەدەکردەوە، چونکە بابەتەکەی من نزیکەی ساڵێك پێش ئەو بابەتەی شاپەسەندی بڵاوکراوەتەوە، تا بۆ ئەم لێکدانەوەیەش (ئەوەڵ ژمارەی خەباتی نهێنی) من دیسان دوو ساڵ زیاترە لە کتێبی (رابەری رۆژنامەگەریی نهێنیی کوردیی[٦]، ١٩٦١-١٩٩١) ساغمکردووەتەوە، بەڵام راستترە بنووسین ئەو ژمارەیەی رۆژنامەی خەبات، یەکەم ژمارەی نهێنیی رۆژنامەکەیە لە رۆژگاری (شۆڕشی ئەیلوول)دا، ئەگەرنا رۆژنامەی (خەبات) پێش قۆناغی ئاشکرای (١٩٥٩-١٩٦١) هەر لە دوای کۆنگرەی سێی پارتی بە نهێنی ناوە ناوە دەرچووە، لە رۆژگاری ئەمڕۆدا هیچ سەرچاوەیەك شوێنبزر ناکرێت، نەخوازەڵڵا کاری زانستیی و ئەکادیمی، جا وا هەستدەکەم ئەو دوو بەڕێزەی هەم وەك ئەرشیف و هەم لە دوا پەرەگرافی نووسینەکەدا وەك چاوساغێك ناویان هاتووە، هەوڵیانداوە بە



دەستی ئەنقەست ئەو بابەتەی (کوردستانی نوێ)م بشێوێنن، کە بە داخەوە لەو رووەوە پیاوێکی وەك (شاپەسەندی) رووبەڕووی هەڵەی مێژوویی بکرێتەوە، تازانیارییەکانیش کە پێشکەش بە بەڕێزیان کراوە بێ کەموکووڕیی و هەڵە نین، جارێ ئەو ژمارەیە (١٢) لاپەڕە نییە، بەڵکو (١٤) لاپەڕەیەو کێ دەڵێت لە بەغداو لە یەکێك لە چاپخانەکان چاپکراوە؟ چونکە هەموو کارەکانی لە تایپی دەستی و رۆنیۆو ستێنسڵ دەچێت، لە زۆر باردا گومانم لەو پەرەگرافە هەیە کە (شاپەسەندی) نووسیبێتی، چونکە بەڕێزیان شارەزاییەکی زۆری لە بواری چاپخانەدا هەیەو تۆ بڵێیت کاری چاپخانەو رۆنیۆ لە یەکتر جیا نەکاتەوە؟! پاشان لە دوا دێڕی نووسینەکەیدا دەڵێت: (شایانی ئەوەیە جارێکیتر چاپبکرێتەوە)و من ساڵێك لەمەوبەر نووسیومە: (ئەگەر جارێکیتر چاپبکرێتەوە)[٧] ئیتر کۆمەڵێك پرسیارو گومانی تریشم لەو نووسینە هەیە، بەڵام لەم وەڵامەدا هەر هێندەم پێ گونجاو بوو، دیارە ئەمڕۆ وەك دوێنێ ناتوانرێت مێژوو چەواشە بکرێت، چونکە هۆیەکانی گەیاندن و راگەیاندن زۆر پێشکەوتوون و دنیایان زۆر بچووك کردووەتەوە.

## KURDISH FACTS

بۆ سۆراغی زیاترو دەستکەوتنی چەند بەڵگەنامەیەك سەبارەت بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بەگشتیی و لایەنە نهێنییەکەی بە تایبەتی لە رێگای بەڕێز (جوتیاری حاجی تۆفیق) لە شاری ستۆکهۆڵم-ی پایتەختی سوید، سێ ژمارە لە گۆڤاری (FACTS-KURDISH)م

دەستکەوت، کە ژمارەیەکیان (١٣-١٤)کە لە یەك بەرگدایەو مێژووی مانگەکانی کانوونی دووەم و شوباتی ساڵی ١٩٦٢و ئەویتریان ژمارە (١٥)یەو مێژووی مانگی (مارت- حوزەیران-١٩٦٢)ی لەسەرە، لە دوو تویێی کتێب و سەرچاوەی رۆژنامەنووسیدا ئەوەی بەرچاوم کەوتووە سەبارەت بەم گۆڤارە نووسراوە، تەنیا ئەم چەند دێڕەیە: (گۆڤارێکی تر لە ناوەڕاستی شەستەکاندا لەلایەن دۆستێکی کورد لە هۆڵەندا بڵاوبووەتەوە، گۆڤاری (FACTS-KURDISH) بە زمانی ئینگلیزیی چاپکراوە، تێیدا پشتگیریی شۆڕشی گەلەکەمانی کردووە، هەندێك لە ژمارەکانی ئەم گۆڤارە لە کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی پارێزراون)[٨] ئەو سێ ژمارەیە کە وەك وتم: لە دوو بەرگدایەو هەر یەکێکیان بریتییە لە (١٦) لاپەڕەو لە قەبارەی (A٤)دایەو بە چاپێکی رێکوپێك چاپکراوەو راکێشراوە، بێجگە لەوەی کۆمەڵێك بابەتی بە سوودی لەسەر کوردو بارودۆخی ئەوسای کوردستان تێدایە، هەروەها کۆمەڵێك وێنەی دەگمەنی بڵاوکردووەتەوە، وەك وێنەکانی (کامەران ئالی بەدرخان، حیلمی عەلی شەریف، کۆمەڵە کوردێك سەردانی رادیۆی تاران دەکەن، هەولێر، نەخشەی کوردستان، عومەر دەبابە، بەشیر موشیر.. هتد)، بە دۆزینەوەی زۆربەی ژمارەکانی ئەم گۆڤارە، دەکرێت وەڵامی چەند پرسیارێکمان دەستبکەوێت، کە تا ئێستا وەڵام نەدراونەتەوە، بۆ نموونە لەسەر دوا بەرگی ژمارە (١٥)ی گۆڤارەکەدا وێنەی چەند بڵاوکراوەیەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کە یەکێکیان وێنەی ژمارە (٤٦٥)ی رۆژنامەی، خەبات- ە، وەك دیارە لە دەرەوە چاپکراوە، تەنیا رووکاری رۆژنامەکە



دەستکاریی کراوە، بۆ نموونە بێجگە لە دانانی وێنەی بارزانی لە لای دەستە چەپدا، بەم جۆرە کلێشەکان نووسراونەتەوە: (خەبات- النضال، عدد ٤٦٥، أول نیسان ١٩٦٢، لسان الحزب الدیموقراطی الکردستانی، من منشورات- دیسان بارزانی- للطبع والنشر في الخارج ١٥ حزیران ١٩٦٢، العدد-٣) لە لاپەڕەی پێشەوەدا هەمان سەرنێوو چەند دێڕێك لەو بەیاننامەیەی دابەزاندووە کە لە دانە ئۆرژیناڵەکەیدا بڵاوبووەتەوە، بە سەلیقە دەتوانین بڵێین: کە لاپەڕەکانی تر دەستکاری نەکراون تەنیا بە گشتیی رێکخستنی کلێشەی پێشەوەو نەخشەسازیی بابەتەکان گۆڕاون.

بە هیوای بتوانین ئەو ژمارەیە بە چاپەکەی دەرەوەو چەند دۆکیۆمێنتێکی ترمان دەستبکەوێت، تا بتوانین کۆمەڵێك قسەی تر سەبارەت بە سەرەتاکانی بزووتنەوەی چەکداریی ئەیلوول (شۆڕشی ئەیلول)و رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیی بکەین.

## پەراوێزەکان:

(١) عەبدوڵڵا زەنگەنە، دادگایکردنی خەبات، رۆژنامەڤانی، گۆڤاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ٤، ٢٢/٤/٢٠٠١، هەولێر، لاپەڕە ١٢٢.

(٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٢٨.

(٣) ئەوەندە پەلەی بووە، نەیتوانیوە کە ئەو ژمارە ناوبراوەی خەبات باس بکات کە چ بابەتێکی سەبارەت بە دادگایکردنی خەبات تێدایە. کە

دەتوانرێت وەك بەڵگە سەيری وتاری (عوده خەبات الی الصدور...) بكرێت.

(٤) تا ئێستا سەبارەت بە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی دەیان وتارو لێکۆڵینەوەم نووسیوە، بە تایبەتی بۆ نێوان ١٩٦١- ١٩٩١ کە بریتییە لە ماوەی کاری تێزی بڕوانامەی ماجستێرەکەم.

(٥) محەمەد شاپەسەندی، رۆڵی رۆژنامەی (خەبات)ی نهێنی لە شۆڕشی ئەیلولدا، رۆژنامەنووسان، گۆڤاری یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان، ژمارە ٢، هاوینی ٢٠٠٢، سلێمانی، لاپەڕە ٢١٦.

(٦) نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١- ١٩٩١، لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی، سلێمانی ٢٠٠١، لاپەڕە ١١.

(٧) نەوزاد عەلی ئەحمەد، چەند زانیارییەك سەبارەت بە رۆژنامەی خەبات، کوردستانی نوێ (رۆژنامە) ژمارەی رۆژی ٢٠٠١/٣/٢٥، لاپەڕە ٩، دوا پەرەگرافی وتارەکە.

(٨) وریا جاف، بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە هەندەران و چەند تێبینییەك، رامان (گۆڤار)، ژمارە ٧٤ی کانوونی یەکەم، ٢٠٠٢، هەولێر، لاپەڕە ٢٦١.

**سەرنج:**

**ئەم بابەتە رۆژی ٢٠٠٣/١٠/١٦ لە لاپەڕە ٨ی رۆژنامەی کوردستانی نوێ-دا بڵاوکراوەتەوە، هەروەها گۆڤاری رۆژنامەنووس لە ژمارە ١٢، ساڵی ٢٠٠٨ جارێکیتر بڵاویکردووەتەوە.**



## (٣)

## دۆزینەوەی ژمارەیەکی تری خەبات

پاش وەرگیران و خوێندن و خۆئامادەکرن بۆ بڕوانامەی (ماجستێر)، مەبەستم بووە رۆژانە یاخود هەفتانە چەند کاتژمێرێك لە ژیانم تەرخان بکەم بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە بزووتنەوەی چەکداریی نەتەوەکەمان لە ١٩٦١- ١٩٧٥، هەوڵمداوە سەرەتا زۆربەی توانای خۆم تەرخان بکەم بۆ دۆزینەوەی ئەو چەند ژمارەیەی بڵاوکراوە (رۆژنامە)یەی (خەبات) کە لە ساڵی ١٩٦٢- ١٩٦٤ (پێش دوولەتبوونی پارتی) دەرچووە، لە بڕوانامەی ماجستێرەکەمدا ئەوسا روونمکردووەتەوە کە لەو ماوە دیاریکراوە ناوبراوەدا (١١) ژمارە لە (خەبات) دەرچووە، بەڵام دوای ئەوەی یەکەمین ژمارەی خەبات-ی نهێنی رۆژگاری ئەیلوولم دۆزییەوە کە ژمارە (٤٦٥)ە، بۆم دەرکەوت کە ئەو ماوەیە تەنیا (٩) ژمارەی لێدەرچووە، نەك (١١) ژمارە، لەو رووەوە لە پێناوی دۆزینەوەی زۆربەی ژمارەکانی ئەو رۆژگارەی خەبات لە پرسین و پشکنین و گەڕانی بەردەوامم، وا ئێستاش ژمارەیەکی تری خەبات- تان پێشکەش دەکەم کە لە رێگای بەڕێز (جووتیاری حاجی تۆفیق) دەستمکەوتووە.

## ناساندن

ژمارە دۆزراوەکەی (خەبات) ژمارە (٤٧١)یە لە مانگی ئەیلوولی ساڵی (١٩٦٣) دەرچووە، بریتییە لە (٨) لاپەڕەی قەبارە (A٣)و نرخی (١٠٠) فلسە، لە ژێر وشەی (خەبات)، واتە ناوی ڕۆژنامەکە نووسراوە (ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستان) لە دامێنی لاپەڕە ٢دا نووسراوە: (لە چاپخانەی خەبات چاپکراوە)، بابەتەکان بە پیتچنینی دەستی نووسراون و بە هۆی قاڵبێکی ساکاری دەستی لاپەڕەکان ڕێکخراون و بە هۆی ئامێرێکی سادەش چاپکراون، بۆ جیاکردنەوەی بابەتەکانیش خراوەنەتە ناو چوارچێوە یاخود لاکێشە یان بە هۆی دانانی هێڵ لە یەکتر جیاکراونەتەوە، فۆنتی ناونیشانی بابەتەکان جیاوازن، بۆ نموونە ناونیشانەکانی لاپەڕە ١ بە چەندان فۆنت و قەبارەی جیاواز نووسراون و ئەوانیش بە هۆی پیتی ئامادەکراو وشەچنین کراون، بێجگە لاپەڕە ١ و دوا لاپەڕە، ئەگەر نا زۆربەی لاپەڕەکانی تر، بابەتەکانی لەسەر دوو ستوون دابەزیون، ئەم ژمارەیە، بابەتەکانی زیاتر تایبەت و تەرخانکراون بۆ یادی کوژانەوەی دووەم ساڵەی (شۆڕش)ی ئەیلوول، لە کاتی خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ژمارەکە هەستدەکرێت هەڵەی چاپی کەم تێکەوتووە.

بۆ چاپکردنی ڕۆژنامەکە تەنیا ڕەنگی ڕەش بەکارهێنراوە، ناوی ڕۆژنامەکە واتا وشەی (خەبات) کەسێکی خۆشنووس نووسیویەتی، لاینۆتایپکەرو ڕێکخەری لاپەڕەکان و تا بە چاپکەریش دەگات خەڵکی شارەزای بواری چاپخانەن، وەك هەر ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی نهێنی، بابەتەکان ئیمزای کەسی بەسەرەوە نییە.



## لاپەڕە ١

وەك سەرەتایەك بۆ تێگەیشتن لە لاپەڕەی سەرەکی (١)ی ڕۆژنامەکە وا ناونیشانی بابەتەکانی لاپەڕە (١) دەنووسینەوە:

- با ساڵی سێیەمی شۆڕشەکەمان بکەینە ساڵی گۆڕکردنی بەعسی فاشست (ئەمە مانشێتە).
- حزبی بەعسی فاشست، دوژمنی هەرە گەورەی نەتەوەی کوردە، پێویستە لە ناوبردنی حوکمی بەعس ئامانجی یەکەمی ساڵی سێیەمی شۆڕشەکەمان بێت (بەڕای من ئەم بابەتە سەروتاری ڕۆژنامەکەیە).
- پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسیی نەبەز بۆ هەموو کەرت و بنکەو ڕێکخراوەکانی پارتیمان.
- برووسکەی (مەکتەبی سیاسیی)ی پارتیمان بۆ هەموو کەرت و لق و دەستەو پێشمەرگەکانی (ل.ش.ك) بەبۆنەی تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر شۆڕشەکەماندا...
- بانگێك لە (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە.
- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدی شۆڕشگێڕ دەربارەی شۆڕشی کوردستانی ئەدوێ.

## لایەنی هونەریی

ئەگەر لە بارەی چاپ و تەکنیکی هونەرکارییەوە ئەو ژمارەیەی خەبات وەربگرین، سەرەڕای نەبوونی ئامێرێکی پێشکەوتووی چاپ و چاپخانە، کاری سەرکەوتووی تێداکراوەو ئەگەر بەراورد بکرێت بەو ڕۆژنامانەی

ئەوسا کە بە ئاشکرا لە عێراق چاپدەکران، هیچ لەوان کەمتر نییە، تەنیا لە بواری دانان و دابەزینی وێنە سەرکەوتوو نییە، بەلاّم ئەگەر وەك ناوەڕۆکی بابەتەکان بخوێنرێتەوە، دەتوانرێت ئاماژە بە بوونی سەلیقەی کاری ڕۆژنامەنووسی بکرێت، شێوازی ئەدەب و پەخشان کەم هەستپێدەکرێت، زمانێکی پاراوی کوردی بەکارهێنراوە کە لە زمان و ڕێزمانی چەندان ڕۆژنامە کە ئەمڕۆ دەردەچن باشترو خاوێنترە، زمانەکەی سادەو ساکارەو تەموومژاویی نییە، زوو چەمکی نووسینەکان بە خوێنەران دەگەن، هەستدەکەم کەسی بە ئاگا لە تەکنیکی نووسینی کاری ڕۆژنامەنووسی بابەتەکانی نووسیوە یاخود پێیداچووەتەوە، ڕۆژنامەکە ئۆرگانی حزبێك بووە لەکاتی خەباتی چەکداریدا، واتا بابەتەکان بابەتی ئاراستەکراو بوون.

## قەڵەمی مامۆستا برایم

بە وردبوونەوەو بەراوردی ئەم ژمارەیەی (خەبات)، لەگەڵ چالاکی و بەرهەمە ڕۆژنامەنووسییەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، هەستدەکرێت کە زۆربەی بابەتە سیاسییەکان، بەتایبەتیش بابەتەکانی لاپەڕە (١) بە قەڵەمی ئەو نووسراون تا ئەگەر بەوردیی بابەتەکان بەیەکتر بەراورد بکرێن، هەست بە هەناسەیەکی نزیکی نووسینەکان دەکرێت، لە شێوازی کارو نووسینیشدا دیسان هەمان ئەو شێوازەیە کە (خەبات)ی قۆناغی ئاشکرای (١٩٥٩-١٩٦١)ی بەڕێوە بردووە، تەنیا لەوەدا جیاوازن کە ئەم



قۆناغەی ڕۆژنامەکە بریتیبوو لە قۆناغی خەباتی چەکداریی، شێوازو دارشتنی بابەتەکانیش سەرچاوەیان لەو قۆناغە هەڵگرتووە.

## بابەتی هەڵبژاردە

بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی ئەوێ ڕۆژیی پارتی دیموکراتی کوردستان، باشترین بابەت کە شایان بە گواستنەوەو جارێکیتر بلاّوکردنەوە بێت، بابەتی (حزبی بەعسی فاشست، دوژمنی هەرە گەورەی نەتەوەی کوردە، پێویستە لە ناوبردنی حوکمی بەعس ئامانجی یەکەمی سالّی سێیەمی شۆڕشەکەمان بێت)ە، کە لە شوێن (گۆشەی)ی (سەروتار)ی ڕۆژنامەکەدا دابەزیوە.

ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

(چاوپیاخشاندنێکی کردەوەو بیروباوەڕی حزبی بەعسی فاشست لەبەر تیشکی ئامانجە بنچینەییەکانی شۆڕشە پیرۆزەکەمان زۆر بە ئاشکرا دەریئەخات کە ئەم دەستە فاشستە خوێنخۆرە دوژمنانی هەرە گەورەی گەل و نیشتمان و شۆڕش و پارتییەکەمانن، جارێ بەر لە هەموو شتێك ئەوەی سەرنج بداتە کردەوە جانەوەرەکانی ئەم دەستەیە لە کوردستاندا، لە دەستپێکردنەوەی شەڕەوە هەتا ئێستا هیچ گومانێکی لە دڵدا نامێنێت، کەوا ئەم چەتە فاشستانە لە ریزی دڕندەترینی ئەو دوژمنانەدا ئەژمێدرێن کە نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژووی دووچاریان بووە، گرنگتریش لەم ڕاستییە ئەوەیە کە دڕندەییەکەی ئەمان بەری بیروباوەڕ و فەلسەفەیەك و ئەنجامی دانانی پیلان و تەگبیرێکی وردی گوناهکارانەی پیسە بەرامبەر

به خاك و گەلەکەمان. حزبی بەعسی عەرەبی بەپێی بیروباوەڕێکی تەسکی شۆڤێنیێ داگیرکەرانە، خۆی بە میراتگری ئیمپراتۆرییەتێکی عەرەبی مێژوویی وەها دائەنێت کە هیچ کاتێك لە مێژوودا نەبووەو نەشبیستراوە، بۆیە داگیرکردنەوەی ولاتانی ژێردەستی ئەم ئیمپراتۆرییەتە خەیاڵییەو بە عەرەبکردنەوەی دانیشتووانی بە "پەیامی نەمر- رسالة خالدة" خۆی دائەنێ، بۆ بەدبەختی بە هەموو حسابی سنووری ئەم ئیمپراتۆرییەتە هەموو کوردستان ئەگرێتەوە جگە لە بەشێکی شاهەنشاهێتی ئێران و پارچەیەکی گەورە لە ئاسیای بچووك، ئەم باوەڕەی حزبی بەعس لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (الاشتراکی) ئۆرگانی پارتی ناوبراودا لە مانگی ئەیلوولی ١٩٦٢دا زۆر بە ئاشکرا دانی پیانراوە، وە هەر بوونی ئەم چەشنە بیروباوەڕییە کە هەندێکجار لە شێوەی "العراق جزء من الامة العربیة- عێراق بەشێکە لە نەتەوەی عەرەبی"ی ماددەی دووەمی دەستووری قاسمداو هەندێکجاری تر بە شێوەی "کورد عەرەبە"ی مێژوونووسی بێ ناوونیشان "عارف"دا خۆی ئەنوێنێت، وە لە دەستپێکردنەوەی شەڕیشەوە لە شێوەی ماڵ کاولکردن و خەڵك دەربەدەرکردن و ژن و منداڵ و پیری بێتاوانی کورد کوشتن و خێڵایەتی عەرەب لە شوێنی ئەوانەدا نیشتەجێکردندا خۆی پێشاندەدات...

خەیاڵی کورد عەرەبە و ئەبێ بکرێتەوە بە عەرەب و کوردستان نییە بەشێکە لە خاکی عەرەب بە ئەندازەیەك لە مێشکیاندا جێگیر بووە هەمیشە خەریکی ئەوەن کە ناوبردنی کوردستان و داواکردنی مافە



نەتەوەییەکانی گەلەکەمان بە دروستکردنی (ئیسرائیلی دووەم) بدەنە قەڵەم.

جا بەم چەشنە دەرئەکەوێ کە بەعس ئامانجی دوایی نەهێشتنی گەلی کورد و لە ناوبردنی کوردستانی خۆشەویستە و بۆ گەیشتن بەم نیازە پیسە گڵاوەی لە هیچ کردەوە و کارێك کۆناکاتەوە هەرچەندە دووربێت لە رەوشت و خووی پیاوان و بوێرانە و هەرچەندە لە مەیدانی شەرەف و ناموسا لە نزمترین نرخ و پلەدابێت، بێگومان کە ئەمە بێ بیروباوەڕی بەعس بەرامبەر بە کورد و کوردستان ئیتر هیچ پێویست بە قسەکردن ناکا بۆ ئەوەی بزانین رەئی چییە بەرامبەر بەمافی نەتەوەکەمان، چونکە حزبێك بیەوێت گەل و نیشتمانەکەمان قووتبدات، مافخواردنمان ئەکات بە مەزە، بەم پێیە حزبی بەعس دوژمنی خوێنخۆری کورد و کوردستانە کە دەستخستنەوەی مافی پاراستنی خاکی گەورەترین ئامانجی شۆڕشە پیرۆزەکەمانە...

جگە لەمە حزبی بەعس وەك حزبێکی فاشستی کۆنەپەرست باوەڕی بە دیموکراتێتی و دەسەڵاتی گەل و رێکخراوە دیموکراتییەکان نییەو بەشتێکی بێکەڵك و خراپیان دائەنێ، وە هەروەکو ئەبینین بە کردەوە دەستیکردووە بە قەڵاتێخستن و کوشتن و گرتن و دەربەدەرکردنی پیاوە نیشتمانییە ناسراوەکانی عێراق و سەربەستییە دیموکراتییەکانی گەلێك بەربەستکردووە و نیزام و قانوونی خستووەتە لاوە بە ئاگر و ئاسن و خوێن ئەیەوێ لەسەر لاشەی دیموکراتی و ئازادیی بنچینەی دیکتاتۆریەتێکی رەشی پیس دابمەزرێنێ، کە ئەم بیروباوەڕەش بە تەواوی دوژمنانەیە

بەرامبەر بە ئامانجی شۆڕش و بیروباوەڕی دیموکراتی و پێشکەوتووانەی پارتیمان کە نەك هەر باوەڕێکی تەواوی هەیە بە دیموکراسی وەکو نیزامێکی حوکم، باوەڕی تەواویشی هەیە بەوەی کە لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیی راستەقینەدا نەبێت، گەلی کورد ناتوانێت هەتا سەر، وەپڕ بە پڕ لە مافە نەتەوەییەکانی و ئۆتۆنۆمییەکەی کەڵك وەربگرێت.

ئەمە بە کورتی بیروباوەڕی بەعس و کردەوەی بەرامبەر بە گرنگترین ئامانجی شۆڕشەکەمان کە دەستخستنی ئۆتۆنۆمیی کوردستانی لە چوارچێوەی عێراقێکی دیموکراتیدا. سەرەڕای ئەمە حزبی بەعس بە تەواویی خۆی هاویشتووەتە باوەشی کۆمپانیاکانی نەوتەوە و لەگەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانی دەستی تێکەڵکردووەو بە ئەندازەیەك دڵی هێناوەتەوە جێ کە فڕۆکەو تۆپ و تانك و بۆمبای ئەداتێ بۆ کوشتن و لە ناوبردن وماڵکاوڵکردنی گەلە نەبەزەکەمان...

بەم چەشنە حزبی بەعسی فاشست بەم کردەوە جانەوەرییانەو بە بیروباوەڕە کۆنەپەرستە پیسانەوە، گەورەترین قۆرت دروست ئەکات لە رێگای هێنانەدیی ئامانجەکانی شۆڕشەکەماندا، بۆیە پێویستە لەسەرمان هەموو هێزو توانامان لەجاران باشتر و زیاتر کۆبکەینەوەو رێکبخەین و بیهاوینە مەیدانی شەڕەوە، ئەو شەڕەی کە ساڵح مەهدی عەمماشی خوێڕی بە "سەیرانێکی نیشتمانی- نزهة وطنية"ی دائەنێ، وە کە پێویستە لەسەرمان لێبکەین بە "شینی بەعسییان"وە لە دنیاش بگەیەنین کە ئەگەر دڕندە بێ شەرەفە فاشستەکان سك هەڵدڕینی منداڵی ساواو



سەرپانکردنەوەی پیرەمێردی پەککەوتوو و یەکالاکردنەوەی ئافرەتان بە سەیران دابنێن، ئێمە کەسوکاری ئەو کوژراو و زۆرلێکراوە بێگوناهانە، ئێمەی ماڵوێرانی بەشخوراوی باوك و برا کوژراو و بەرگرتن و هەڵکەندن و لە ناوبردنی ئەو گورگە هارە دووپێیانە، نەك هەر لە تۆڵەسەندن، بەڵکو بە فەرمانێکی ئینسانیش دائەنێین.

پێش براندنەوەی ئەم وتارە بە پێویستی ئەزانین کە دوو نوختەی گرنگ هەیە بێدەستنیشانکردن بە جێیان نەهێڵین. یەکەمیان: ئەوەیە کە دوژمنەکەمان لەگەڵ ئەو هەموو دڕندەیی و هەڵەوەڕییەیدا بێهێزو بێورەو پووچەڵە، چونکە هیچ پەیوەندییەکی نییە بە گەل و نیشتمانی عێراقەوە و سیاسەت و ئامانجی لە دەستکەوتی پارتییانەی تەنگ و تەسکی فاشستی و کۆنەپەرستی سەرچاوە وەرئەگرێ، هەر لەبەر ئەوەشە کە بەو هەموو لەشکرو جاش و تۆپ و تانك و فڕۆکەیەوە کە هەیەتی هەمیشە هەر گلۆڵەی لە لێژییەو ئەستێرەی رووەو ئاوابوون ئەڕوات بەرامبەر هێزی پێشمەرگەی قارەمان.

دووەمین نوختە ئەوەیە لەگەڵ ئەوەشدا کەوا سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان بەسەر هێزی شەڕ و فاشستی و گوناهکاریدا هیچ گومانی تێدا نییە، بەڵام پێویستە دەرسی کەوتنی عەبدولکەریم قاسممان لە بیرنەچێت کە وا چەپۆکی شۆڕشەکەمان پووچ و بێهێزی کردووە بەعسیان هەڵەکەیان قۆستەوە و هاتنەجێگاکەی، لەبەر تیشکی ئەو تاقیکردنەوەیە و بۆ دووپات نەبوونەوەی کارەساتێکی وەها پێویستە لەسەر هێزە نیشتمانییەکانی تر لە ناوەڕاست و خوارووی عێراقدا بکەونە خۆیان و

دەست بکەنە خەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدار لە دژی دیکتاتۆرێتیی خوێنڕێژی بەعس و گەڕانەوەی حوکمی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم، وە پێویستە کە وا هێزە نیشتمانییەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کەڵك لەم هەلە وەربگرن کە بۆیان هەڵخراوە بە خەریکبوونی بەشی هەرە زۆری لەشکری عێراق لە کوردستاندا کە ئەمە چاکترین هەلیان بۆ هەڵدەخات، هەروەها پێویستە تێبکۆشین بۆ گرێدانی ئەم خەباتە چاوەڕوانکراوەی گەلی عێراق لەگەڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد، وە بەم چەشنە دەتوانرێت ڕێگای ڕزگاریی نزیکتر بکرێتەوەو ئازارو ئێشی گەلی عێراق کەمتر بکرێتەوە، بەڵام نابێت هەرگیز ئەوەمان بە بیردابێت کە ئەزموونی بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە لە خواروو و ناوەڕاستی عێراق ببێت بە بەهانە بۆ ساردکردنەوەمان بە پێچەوانەی ئەوە توندوتیژکردنی خەباتمان، زۆرکردنی سەرکەوتن و دەستکەوتەکانمان چاوی برا عەرەبەکانیشمان ئەکاتەوەو ڕێگای ڕاستی خەباتیان بۆ ڕۆشن ئەکاتەوەو کاتێ ئەزانین لە مەیدانی خەباتدا بە خوێنی خۆمان پەیمانی بەرەی یەکگرتووی دوژمنانی دیکتاتۆریەتی ئیمپریالیزمی و کۆنەپەرستیمان نووسی و حوکمی فاشستی خوێنخۆری بەعسمان لە ناوبرد، ئیتر بۆ پێشەوە بۆ لە ناوبردنی حوکمی بەعسی فاشست).

ئەم سەروتارە، چ لە باری زمان و ڕێزمان، چ لە باری وتارێکی سیاسیی خاوەن پرەنسیپەکانی هونەری نووسینی وتاری ڕۆژنامە، شایستەی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونە، وەك ناوەڕۆکیش کۆمەڵێك بابەتی (ئەوسا)ی



تێدا کۆکراوەتەوە، کە لە هەندێك خاڵدا تا بە ئەمڕۆش دەگەن خاڵ و بابەتی گەرمی سیاسین.

ڕاستە ناو و ئیمزای هیچ کەسێك لەسەر ئەم وتارە نییە، بەڵام دەکرێت بە یەکێك لە بەرهەمەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد بدرێتە قەڵەم، چونکە هەم لە باری داڕشتن و هەم لە ڕووی چنینی وتارو زمان و ڕێنووسدا لە بەرهەمەکانی مامۆستا برایم دەچێت.

## ئەنجام:

ژمارە (٤٧١)ی خەبات کە مێژووی (ئەیلوولی ١٩٦٣)ی لەسەر نووسراوە، واتا لەو مێژووەدا چاپ و بڵاوکراوەتەوە، کەواتە لە نێو گەرمەی ئەم ڕووداوانەدا دەرچووە:

- کودەتای بەعسییەکان لە ڕۆژی ١٩٦٣/٢/٨.
- هەمان ڕۆژ پارتی بانگەوازی ڕاگرتنی شەڕی بڵاوکردەوە.
- گفتوگۆی نێوان بەعس و پارتی دەستپێکرد.
- ڕۆژی ١٩٦٣/٦/٩ بەعس نەمانی گفتوگۆی ڕاگەیاند.
- بەرەی شەڕی بەعس و پارتی گەرمبوو، لە شارو شارۆچکەکانیش بەعس دەستی بە ڕەشەکوژیی و تاڵان و گرتن کرد.

ئەو ژمارەیەی خەبات دەرهاویشتەی ڕووداوەکانی پێشەوەیەو بە زمانێکی شۆڕشگێڕانەی توند ئیدانەی کردەوەکانی بەعس دەکات و دروشمی ڕووخانی بەعس بە بابەتەکانەوە ڕەنگیداوەتەوە، ئەمە ئەگەر وەك ناوەڕۆکی بابەتەکان بێت، بەڵام ئەگەر وەك بەرهەمێکی ڕۆژنامەگەریی


سەیری ئەو ژمارەیەی خەبات بکەین، بریتییە لە کارێکی رۆژنامەگەریی سەرکەوتوو، چ لە بارەی تەکنیکیی چاپ و چاپخانە، چ لە بارەی تەکنیکی نووسینی رۆژنامەنووسیدا، بە رای من کەسێکی بە ئاگاو شارەزای بواری رۆژنامەگەریی وەك مامۆستا برایم ئەحمەد هەم زۆربەی بابەتەکانی ئەو ژمارەیەی نووسیوە، هەم سەرپەرشتیی چاپکردن و دەرچوونی کردووە، خەبات ئۆرگانی حزبێك بووە کە لە قۆناغی چەکداریی بووە بەرامبەر بە رژێمێکی درندەی وەك حزبی بەعس، کە رۆژی ١٨/١٠/١٩٦٣ بۆ جاری یەکەم رووخا، رژێمەکانی تریش هەر بە نێگەتیف وەلامی داخوازییەکانی کوردیان داوەتەوە...

**سەرنج:**

**لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ-دا بلاوبووەتەوە، هەروەها گۆڤاری رۆژنامەنووس لە ژمارە ١٢، سالی ٢٠٠٨ جارێکیتر بلاویکردووەتەوە.**



## "کوردایەتی"
## سەرەتا، ناوەڕۆك، کۆتایی



## پێشەکی

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان یەکێك بوو لە باڵەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان کە لە دوای یەکگرتنی "بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان" و "خەتی گشتیی" مانگی ئەیلوولی ١٩٨٢ بەیاننامەی دامەزراندنی خۆی بڵاوکردووەتەوە، "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" و "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" لە رێکخراوی نیمچە بەرەیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا تا ساڵی ١٩٩١ وەك دوو بزووتنەوەی جیا لە فکرو ئایدۆلۆژیاو فەلسەفەی کارکردندا درێژەیان بە خەبات داوە، بەڵام دوای سەرکەوتنی راپەڕینەکانی ساڵی ١٩٩١ خۆیان حەل کردو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر تێکۆشان بەردەوام بوو.

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٩١ خاوەنی دەزگایەکی چاپ و بڵاوکردنەوە بووەو دەزگای راگەیاندنەکەی یەکێك بوو لە ئۆرگانە بە تواناو چالاکەکانی ئەو رێکخراوە، کە بێجگە لە چاپکردنی بەیاننامەو پۆستەرو کتێب و نامیلکە، چەند گۆڤارو بڵاوکراوەو رۆژنامەیەکیشی بڵاوکردووەتەوە، کە "کوردایەتی" یەکێکە لە بەرهەمەکانی دەزگای ناوبراو.

تا ئێستا لە چەند زانیارییەکی پەرش و بڵاو و پڕ کەموکوڕیی بترازێت بابەتێکی سەربەخۆی ورد سەبارەت بە "کوردایەتی" نەنووسراوە، لەم بابەتەداو لە ژێر چەند ناونیشانێکدا هەوڵدەدەین لە چۆنێتی دەرچوون و وەستانی بدوێین و لە پێناوی خستنەڕووی بابەتەکانی دوو توێی ژمارەکانی لە بارەی فۆرم و ناوەڕۆکدا سەیری ژمارەکانی دەکەین.



"کوردایەتی" دوو ژمارەی لە شێوەی گۆڤاردا دەرچووەو قەبارەکەی بریتییە لە نیو فولسکاب و ژمارە (١)ی بریتییە لە (٦٥) لاپەڕەو ژمارە دوو (٥٠) لاپەڕەیە، بەڵام ژمارە (٣)و (٤) لە شێوەی رۆژنامەدا بە (A٤) ژمارە (٣) بریتییە لە (٨) لاپەڕەو ژمارە (٤) بریتییە لە (١٠) لاپەڕە، ژمارە ١، خولی ٣، ساڵی ١٩٨٥ بریتییە لە ٧٢ لاپەڕە.

بەگوێرەی زانیاری ئێمە ژمارە (١)ی خوولی ٣، دوا ژمارەیەو ئێمەش تەنیا لەسەر ئەو ٥ ژمارەیە کارمان کردووە.

## رۆژنامەگەریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە ماوەی تەمەنیدا ئەم گۆڤارو بڵاوکراوەو رۆژنامانەی دەرکردووە:

* **کوردایەتی:** ٥ ژمارەی لێ دەرچووەو ژمارە (١)ی کوردایەتی لە کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو ژمارە (٢) ئازاری (١٩٨٣) دەرچووەو ژمارە (سێ) لە حوزەیرانی (١٩٨٤)ەو ژمارە (چوار) لە تەمووزی (١٩٨٤) دەرچووە، ژمارە ١، خولی ٣، ساڵی ١٩٨٥ ژمارە (١)و ژمارە (٢) لێی نووسراوە "گۆڤاری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"، بەڵام ژمارە (٣)و ژمارە (٤) لێی نووسراوە "ئۆرگانی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"، هەروەها وەك لە پێشەوە ئاماژەم پێدا ساڵی ١٩٨٥ ژمارەیەکی تر لە کوردایەتی دەرچووە، کە ناویان ناوە، ژمارە ١، خوولی ٣، لەسەر بەرگی ئەو ژمارەیەدا نووسراوە، گۆڤاری وەرزیی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

* کۆسار: بەشی ڕاگەیاندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەریکردووە، ژمارە (١) لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو ژمارە (٢) لە ١٢/٢/١٩٨٣ دەرچووە، تا ئێستا ساغ نەبووەتەوە ئایا ژمارەی دیکەی لێ بڵاوکراوەتەوە یان نا؟ ئەم بڵاوکراوەیە لە رووی قەبارەدا گەورەترین "ڕۆژنامە" بڵاوکراوەی شۆڕشی نوێیە.

*رۆشنبیری: مەکتەبی رۆشنبیریی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان دەریکردووەو تایبەت بوو بە ئەندامان، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، گوایە (١٥) ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوەو دوا ژمارەی ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکراوەتەوە.

* رزگاری: دوای وەستانی "کوردایەتی" بیر لە دەرکردنی "رزگاری" کراوەتەوە، رزگاری "دەنگی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" بووە، ژمارە (١) لە ئابی ١٩٨٥ دەرچووەو ژمارە (٢٤) کە دوا ژمارەیە لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٧ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

## بۆچی کوردایەتی؟!

بۆ ئەوەی بزانرێت بۆچی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان "کوردایەتی" دەرکردووە، وا ئەم پەرەگرافە لە ژمارە (١)ی گۆڤاری ناوبراودا دەگوازینەوە، سەروتاری ژمارە (١)ی "کوردایەتی" لە ژێر ئەم



ناونیشانە دارێژراوە، "کوردایەتی، گۆڤاری ڕێکخستنی بزووتنەوەی کوردایەتییە" دێڕەکانی کۆتایی سەبارەت بە دەرکردنی "کوردایەتی" لە هەمان سەروتاردا نووسیویەتی:-

(دەرکردنی گۆڤاری بزووتنەوە لە بەهاری ١٩٨٢، لە خولی دووەمیدا کە دوو ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بۆ ڕێگە خۆشکردنی دەرچوونی کوردایەتی لە کار وەستا).

"کوردایەتی" بە هەناسەی ئیلتیزامبوون بە خاك و نەتەوەی کورد کاریکردووەو بابەتی بڵاوکردووەتەوە، پەنجەرەیەك بووە بۆ کارکردن لەسەر هۆشیاریی نەتەوەیی و هەستی کوردایەتی.

## ناوەڕۆکی هەر چوار ژمارەکە

## ژمارە (١) کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣

- کوردایەتی گۆڤاری ڕێکخستنی بزووتنەوەی کوردایەتییە... لاپەڕە (١).
- یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ئاسۆی گەشەکردنی، پێشەوا تاڵەبانی... لاپەڕە (٦).
- راپۆرتێك دەربارەی ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان، ئا/ پ... لاپەڕە (٢٢).
- نێونەتەوەیی (ئینتەر ناسیونالیزم)، فەرید زامدار... لاپەڕە (٢٦).
- سەرنجێك دەربارەی پێشڕەوایەتی، مەسعود عبدالخالق... لاپەڕە (٤٢).

- بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان... لاپەڕە (٥٠).
- لەکۆمەڵەی هاوخەباتەوە... لاپەڕە (٥٨).
- کونجی ڕۆژنامەگەریی... لاپەڕە (٥٩).
- ئەرکی پێویست... لاپەڕە (٦٣).
- کەسایەتی سەدام لە پڕوپاگەندەی عێراقیدا... لاپەڕە (٦٥).

## ژمارە (٢) ئازاری ساڵی ١٩٨٣

- نەورۆز بیرەوەری نەریتی شۆڕشگێڕانەیە... لاپەڕە (١).
- یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان و ڕۆڵی بزووتنەوەی خوێندکاران، پێشەوا تاڵەبانی... لاپەڕە (٦).
- بابەتی خوێندن لە کوردستاندا... ب- کانیاو... لاپەڕە (٢٦).
- پێ بینینی ماف لە پەیوەندییەکانی جیهانی... ئیحسان وولاتی... لاپەڕە (٣٠).
- چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە، ئیبراهیم جەلال... لاپەڕە (٣٧).

## ژمارە (٣) حوزەیران، خوولی دووەم، ساڵی ١٩٨٤

- ڕێڕەوی کوردایەتی... لاپەڕە (١).
- پیرۆزبێ یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان (مانشێت)و وتار، لاپەڕە (١).
- کام بەرەی نیشتمانی؟ ... لاپەڕە (١).



- بروسکەی ناوەندی شۆڕشگێڕان بە بۆنەی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان... لاپەڕە (١).
- الجغرافية والسلوك (بە زمانی عەرەبییە)...، لاپەڕە (٣).
- ١٤ ساڵ خەبات لە پێناو گەل و پاراستنی وشەی ڕەسەنی کوردی... لاپەڕە (٣).
- سلێمانی (٢٠٠) ساڵ هەڵمەت و قوربانی... لاپەڕە (٥).
- ساڵەهایە- شیعر... لاپەڕە (٨)، (بە بێ ناوی شاعیر بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەم شیعرە هی سەعدوڵڵا پەرۆش)ە.
- دامەزراندنی یەکێتیی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان... لاپەڕە (٨).

## ژمارە (٤) تەمووز، خوولی دووەم، ساڵی ١٩٨٤

- ئازادی بۆ بارزانییە بەندکراوەکان (مانشێت)... لاپەڕە (١).
- ڕێڕەوی کوردایەتی... لاپەڕە (١).
- هەواڵ و لێدوانێك... لاپەڕە (١).
- دەورەی کادیران کرایەوە... لاپەڕە (١).
- لە دەوڵەتی جاشدا کەس لە خۆی دڵنیا نییە، لاپەڕە (١).
- بروسکە بۆ کۆمەڵی ڕەنجدەرانی کوردستانی تێکۆشەر... لاپەڕە (١).
- لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیمان... لاپەڕە (٤).
- چالاکییەکانی ڕێکخراوەکەمان... لاپەڕە (٤).
- بەرەو چارەسەرکردنی دروستی کێشەی خوێندکاران... لاپەڕە (٥).
- لە بۆچوونەکانی یەکێتیمان... لاپەڕە (٦).

- دەربارەی ڕەسەنایەتی و هاوچەرخی... لاپەڕە (٧).
- بیری زانستییانە یان خەرافیات و پڕوپوچ... لاپەڕە (٩).
- دامەزراندنی ئینستیتۆی کورد لە پاریس... لاپەڕە (٩).
- ئیزدیواجیەت. کێشەیەکی شارستانییە... لاپەڕە (١٠).
- هەڵسانەوە... شیعر. لاپەڕە (١٠) (بەبێ ناو بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ئەمە شیعری سامی شۆڕش)ە.

## ژمارە ١، خولی ٣، ساڵی ١٩٨٥

- سەر وتار... لاپەڕە ١
- مەسەلەی کوردو مافی چارەنووس، هاوار... لاپەڕە ٢
- کوردستان و کورد لە ڕێککەوتن و هاوکاریی نێو دەوڵەتاندا، دلاوەر... لاپەڕە ١٠.
- خستنەڕوو و ڕەخنە ١، کۆسرەت... لاپەڕە ٣٢.
- خستنەروو و ڕەخنە ٢، کۆسرەت... لاپەڕە ٣٤.
- ئاوابوونی چەند ئەستێرەیەکی گەش- یەڵماز گۆنای، شوان... لاپەڕە ٣٦.
- کێشەی کورد لە عێراقدا، کۆسرەت... لاپەڕە ٣٨.



## بابەتی هەڵبژاردە

بۆ ئەرشیف و بۆ تێگەیشتن لە (بۆ)و (چۆن)ی دامەزراندنی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"، وا دەقی بەیاننامەی دامەزراندنی ڕێکخراوی ناوبراو دەنووسینەوە، کە لە ژمارە (١)ی کوردایەتیدا بڵاوبووەتەوە.

## بەیاننامەی دامەزراندنی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان

لەو سەردەمەدا کە سەردەمی هەرەسهێنانی ئیمپریالیزم و تێکشکاندنی قەڵای سەرمایەداریی جیهانی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلان و چینە زەحمەتکێشەکانە، جوڵانەوەی شۆڕشگێڕی گەلەکەشمان بە خەباتی نەفەس درێژو نەپساوەی پشت بەخۆ و ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی جەماوەریی سات لە دوای سات شانبەشانی خەباتی گەلانی ژێر دەستە و چینی زەحمەتکێشانی جیهان بەرەو پێش دەچێت و لە گەشەکردندایە ڕۆژێک تێ ناپەڕێت کە نیشاندەرێکی دیار و ڕۆشنی لەسەر ڕێگەی وەرچەرخان و گۆڕان نەیەتە گۆڕێ و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان تین و تەوژمی تازە پەیدا نەکات و ئاسۆیەکی بەرین و فراوانی لەبەردەمدا نەکرێتەوە لە هەل و مەرجێکدا کە ڕژێم کەوتۆتە تەنگ و چەڵەمەیەکی قوڵ و گشتییەوە لە هەموو بوارەکانی سیاسیی و ئابووریی و کۆمەڵایەتیدا، هەموو ئەوانەی لە ژێر زەبری فشار و فریودان بە پارەو پول و بە ڕێگای

دیماگۆجیانەی جۆراو جۆرەوە گیرۆدەی ببوون، لێی دەتەکنەوە، راستی تەبیعەتی بۆرژاویی بیرۆکراتی شۆڤێنیستی سەرتەختیان بۆ روونەبێتەوە که هەموو ئەو دیاردانەی لەو مەودایەی دوایی بەدەردەکەون گەندەڵی و رۆچوونی رژێم بە دەردەخەن، زەبری توندی یەك لە دوای یەکی هێزی بەرهەڵستکار (معارضة - ئۆپۆزسیۆن)و هێرشی دەرەکی زیاتر قوڵی دەکاتەوە و بوونی دەخاتە مەترسییەوە و چاوەڕێی دوا زەبری شۆڕشگێڕانە دەکات کە بیخاتە زەبڵخانەی مێژووەوە و سەرەمەرگی ئەبەدییەوە، لە بەرامبەریا جەماوەری خەڵکی کوردستان راپەڕیون و هوشیاربوونەتەوەو کەوتوونەتە دۆخێکی هەڵچووی شۆڕشگێڕانەوە و هەموو ئاکارە جێماوەکانی پاش هەرەسهێنان بنبڕ دەبێت و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان خوێنێکی تازەی تێ دەزێتەوە، خەڵکی کوردستان بەوپەڕی لەخۆبوردوویی و هوشیارییەوە دێن بەپیری بانگەوازی تاقم و رێکخراوە شۆڕشگێڕەکانەوە، دوابەدوای ئەوەی راستی بۆچوون و بیروباوەڕکانیان کە چەندین ساڵە وەك ئەستێرەی گەش لە ئاسمانی کوردەواری دەدرەوشێنەوە، لەمەودای واقع و ئەزموونی رۆژانەدا بوو ساغبووتەوە.

لە گەرمەی ئەو ناکۆکییە توندەدا لە نێوان هێزەکاندا، ئەمڕۆ بارتەقای هێزەکان بە تەواوی گۆڕاوە و ناکۆکییە خامۆشەکان کلپەی سەندووە خەباتی شارو لادێ، نهێنی و ئاشکرا، سیاسی و عەسکەری، جەماوەری و پێشڕەوی رێکخراوە سیاسی و نەقابە پیشەیی و جەماوەرییەکان زیاتر پێکەوە گرێدەدرێ و پتەوتر دەبێت لە هەمانکاتیشدا رێکخراو و تاقمە شۆڕشگێڕەکان بە خۆیاندا دەچنەوە و



ریزەکانیان پتەوتر دەکەن و رووەو یەکگرتنەوەو یەکێتی رێکخستن و تێکۆشان هەنگاو هەڵدەگرن بە هەستکردن بە لێپرساویەتی مێژوو لە سەردەمێکدا کە هەموو رێکخراو و پارتە سیاسییەکان دووچاری لێکترازان و جیابوونەوە دەبنەوە دووباڵی ناو بزووتنەوەی رزگاری گەلەکەمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە ژێر ناوی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" راگەیەنرا.

هاووڵاتییانی خۆشەویست

هەڤاڵانی تیکۆشەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێشمەرگە قارەمانەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

بە شادی و سەربەرزییەوە مژدەی دامەزراندنی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"تان دەدەینێ، کە لە یەکگرتنی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتیی پێکهات، کە دووباڵی تێکۆشەرو گرنگی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" بوون، و وە پێکەوەیان لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی تێکۆشەر (ی.ن.ك)یان پێکهێناوە.

بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتیی، دوای حەوت ساڵ لە خەباتی دلێرانە و پڕ لە فیداکاری و سەروەری، لە ریزی شۆڕش و (ی.ن.ك)دا، دوای هەوڵ و کۆششێکی بێ وچان و بێ لادان و بێ کۆڵدان بۆ هوشیارکردنەوەی رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك و سازدان و جۆشدانی شۆڕشە پیرۆزەکەمان و گەشەپێدانی (ی.ن.ك) دوای حەوت ساڵ لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی نەخشاو و رەنگینکراو بە خوێنی دەیان قارەمانی وەك کاکە عەلی عەسکەری و شێخ حسێنی بابەشێخ و دکتۆر خالید سەعیدو

سەعدی گچکە و حەمە غەفور و مامۆستا غەفور و رووف بەگ و سەدان پێشمەرگەی قارەمانی تر.

بەڵێ، دوای حەوت ساڵ خەباتی هوشیارانە لە پێناوی بوژانەوە و جۆشدانەوەی کوردایەتی و رێکخستنەوە و پتەوکردنی ریزی تێکۆشەرەکانی رێگەی رزگاری و دیموکراسی، توانیان هەنگاوێکی مێژوویی تریش هەڵبێنن، هەنگاوی یەکگرتنیان لە یەك تاکە باڵدا لە "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"دا کە بێگومان دەورێکی گرنگی دەبێت لە پتر پەرەپێدان و چاکتر گەشەپێدانی (ی.ن.ك)و زۆرتر چەسپاندنی گیانی یەکێتی و جۆشدانی تەبایی و برایەتی و هاوخەباتی لە ریزەکانیدا کە خۆی لە خۆیدا مەرجێکی گرنگی سەرکەوتن و پێشەوەچوونی شۆڕشەکەمانە.

بایەخی ئەم یەکگرتنەمان لەم کاتەدا باشتر و چاکتر بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پڕ بەدڵ و ئاواتەخوازی یەکێتی ریزەکانی جولانەوەی رزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستانن، وە بە گەرمی پێشوازی لە هەموو یەکگرتنێکی شۆڕشگێڕان دەکەن، بە تایبەتی گەر ئەم راستی یەش بێنینەوە یاد کە ئەم یەکێتییەی دووباڵی (ی.ن.ك) لەسەردەمێك پێکدێت کە لە چەندین رێکخراو و حزبی تری کوردستاندا دووبەرەکی و لێکترازان و جیابوونەوە روویانداوە، بەڵام (ی.ن.ك) لە ناوخۆیدا ریزەکانی پتر دەچەسپێت و چاکتر پتەو دەبێت و لە کۆڕی خەباتدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا مایەی شانازی و سەروەرییەکی مێژووییە بۆ (ی.ن.ك) هەروەك نیشانەیەکی تری رەسەنی (ی.ن.ك)و



دڵسۆزی تێکۆشەرەکانی و هەستکردن بە مەسئولیەتی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەی خۆیان، وە ئەم راستییەشمان بۆ دووپات ئەکاتەوە کە پەیدابوونی (ی.ش.ك) وەك (رێکخراوێکی شۆڕشگێڕی پێشکەوتنخوازی نیمچە بەرەیی بۆ جولانەوەی رزگاری نیشتمانی و دیموکراسی خەڵکی کوردستان)، نەك هەر پێویستییەکی مێژوویی بووە، بەڵکو بە پیرەوەچوونێکی داخوازی خەڵکیش بووە، بۆ هەڵگیرسانەوەو جۆشدانەوەی خەباتی کوردایەتی و شۆڕشە پێشکەوتنخوازەکەشی...

ئەم یەکگرتنەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتیی، دیسان بۆمان دەردەخاتەوە کە (ی.ن.ك) بە رەوتی ئاسایی خۆی گەشە دەکات و پێش دەکەوێت، وە تادێت نەك هەر لە رووی ژمارەو چەندایەتییەوە پەرەدەسێنێت و قوڵتر رەگ و ریشەی خۆی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکداو بە هەموو لایەکی نیشتمانی داگیرکراوماندا دادەکوتێت، بەڵکو لە رووی خەملێن و چۆنایەتیشەوە بەرەو پێش سەر دەکەوێت بەسەر لوتکەی سەرەوەریدا، ئەم یەکگرتنەی ئەو دووباڵەش لە باڵێکی پتەوی بەهێزدا بەڵگەیەکی تری راست و رەوایی بۆچوونەکانی (ی.ن.ك)و هەڵوێستەکانێتی کە هەر لە بوژاندنەوە و جۆشدانەوەی کوردایەتییەوە، بگرە تا سەر هەڵگیرساندنەوەی خەباتی چەکداری جەماهیری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقی و کوردستان. وە پێکەوە گرێدان و جۆشدانی خەباتی شارو لادێ و خەباتی پێشمەرگانە و راپەڕینی شارەکانەوە یەك لە دوای یەك وەك زنجیرەیەکی هۆنراوی رێبازی راست و شۆڕشگێڕانەی یەکێتییەکەمانن.

یەکگرتنی (بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان و خەتی گشتیی) لە تاکە باڵێکی (ی.ن.ك)دا لەسەر بناغەی هەڵوێست و بۆچوونەکانی (ی.ن.ك)و پرۆگرامەکەیەتی، بە نیازی پتەوکردنی هاوخەباتی و برایەتی لەگەڵ "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان"ی تێکۆشەردا کە ئێستا هەردووکیان پێکەوە (ی.ن.ك) پێکدەهێنن و بەوپەڕی لەخۆبوردن و هەست بە مەسئولییەتی نیشتمانی و شۆڕشگێڕانەو پەرۆشی بۆ سەرخستنی شۆڕش و (ی.ن.ك) دەست لە ناو دەستی یەکتری و چاکتر گەشە بە (ی.ن.ك) دەدەن و زووتر ئاگری شۆڕشەکەمان خۆش دەکەن، چونکە ئەو یەکگرتنەی ئەو دووباڵە دەبێ ببێتە هۆیەکی گەورەی پەرەپێدان و بەهێزکردنی هاوخەباتی و هاوڕێیەتی شۆڕشگێڕانە، لەگەڵ کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان، واتە هی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش، بۆیە هیچ گومان لەوەدا نییە کە ئەم یەکگرتنە دەبێتە مایەی شادی و سەربەرزی هەموو دڵسۆزانی کوردو هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق، چونکە گەشەکردن و پێشکەوتنی (ی.ن.ك)و پتر بە هێز و توانابوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەك هەمیشە مایەی هەڵسانەوە و پێشکەوتنی جولانەوەی رزگاری و دیموکراتی خەڵکی هەموو کوردستانی عێراقە، بە تایبەتی کە تاقیکردنەوە و رووداوەکان ئیسپاتیان کردووە کە (ی.ن.ك) هێزێکی سەرەکی و گرنگی هەردووکیان بووە و هەر واش دەبێت. هەر بۆیە بەوپەڕی دڵنیایی و سەربەرزییەوە، باوەڕمان وایە، کە گیانی پاکی شەهیدەکانیشمان شاد و سەروەر لە بە هەشتی نەمریدا پیرۆزبایی لەم



یەکگرتنە دەکەن، چونکە بەدیهێنانی ئاواتێکی دێرینی کاکە عەلی عەسکەری و شێخ حسێنی بابەشێخ و دکتۆر خالید سەعیدو سەعدی گچکە و دەیان شەهیدی سەروەری یەکێتییەکەمان بوو. دەبا گیانی پاکی ئەو هەڤاڵە، نەمرانەمان شاد و سەروەر لەگەڵ گیانی پاکی قارەمانەکانی تری گەل و یەکێتییەکەمان خاڵە شەهاب و کاکە ئارام و مامۆستا عەزیز و کاکە ئیبراهیم عەزۆ و دەیان شەهیدی نەمری تر دڵنیابن کە ئەو یەکێتییە و شۆڕشەی گیانی پاکیان لە پێناویاندا بەخت کردووە، لە گەشەکردن و پێشکەوتندان بەرەو سەرکەوتن. دەبا دڵنیابن کە ئەو ئاگرە سورەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماوەری شۆڕشی دیموکراتی کە بە خوێنی گەشیان بڵێسەکەیان بڵندو خۆشتر کردووەو هەروا لە بەرزبوونەوەیە بۆ راماڵینی شەوەزەنگی داگیرکردن و دیکتاتۆریەت لە ئاسمانی کوردستاندا.

بەم بۆنەیەشەوە بەڵێن دووپات دەکەینەوە بۆ گیانی پاکی شەهیدانمان و کۆمەلانی خەڵکی هەموو کوردستان کە تاسەرکەوتن درێژە بدەین بەو خەباتە سوورەی رزگاری دیموکراتی تا بەدیهێنانی هەموو ئەو ئامانجە پیرۆزانەی، شەهیدان گیانی پاکیان و رۆڵەکانی جەماوەر توانای خۆیان پێی بەخت کردوون، وەتا بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی (ی.ن.ك)و گەلەکەمان.

## هەڤالانی تێکۆشەر

ئەم سەرکەوتنە مەزنەشمان نابێت، مەست و سیستمان بکات، نابێت لەسەر چەپکە گوڵی ئەم سەرکەوتنە خەوبمانباتەوە، بە پێچەوانەوە لە

مەودوا ئەرکەکانی سەرشان و فەرمانەکانمان زۆرترو گرنگترو پیرۆزتر بوون، پێویستیان پتر بە پەرۆشەوە زۆرتر بە چالاکی و فیداکاری و لە خۆبوردن و هەوڵ و تێکۆشان هەیە، بۆیە لەسەر هەموو هەڤاڵانی تێکۆشەرمان پێویستە کە بێ وچان و چالاکانە بە گیانی شۆڕشگێڕانەی یەکێتییەوە درێژە بە خەباتی هوشیارانە و ژیرانەی خۆیان بدەن و بۆ گەشەپێدان و پەرەپێدانی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان"و بەهێزو بەتینترکردنی هاوخەباتی و یەکێتی تێکۆشانیان لەگەڵ هەڤاڵانی خەباتگێڕی "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" تا پێکەوە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەرەو سەرکەوتن بەرن لە خەباتی پیرۆزدا بۆ هێنانەدی بەرنامە دیموکراتییە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی و لە پێش هەموویدا رزگارکردنی کوردستان و عێراق لە حوکمی رەفتار فاشستی بەغدا و هێنانەسەرکایەی حوکمێکی دیموکرات و ئیئتیلافی، کە سەربەخۆیی بۆ عێراق و دیموکراسی بۆ گەل و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد دابین بکات، پێویستە درێژە بە خەباتەکەمان بدەین و پەرەی پێ بدەین، بە تایبەتی لەم سەردەمەدا کە جولانەوەی رزگاری و دیموکراسی گەلەکەمان روو لە هەڵچوون و پەرەسەندن و گەشەکردنە، کە ناکۆکی نێوان هەندێك لە داگیرکەرانی کوردستان تەقیوەتەوە و بەربوونەتە گیانی یەکتر، بەمەش هەلێکی لەبار رەخساوە بۆ سەرکەوتنی کوردایەتی تاکو زۆربەی تێکۆشەرانی ئەم جولانەوەیە رێکبخەین هەم لە ناو (ی.ن.ك) وە هەم لە ناو "کۆمەڵ و نەقابەو رێکخراوە دیموکراتییەکان" پێویستە زۆربەی خەباتگێڕە دڵسۆزەکانی کوردپەروەرو دیموکرات و شۆڕشگێڕ و



سۆشیالیستەکان لە چوارچێوەی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" لە ژێر ئالای (ی.ن.ك)دا رێکبخەین، بیکەینە رێکخستنی فراوان و جەماهیری شۆڕشگێڕ تا شان بەشانی "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستانی تێکۆشەر" کە بە هەموو توانایەکمانەوە هاریکاری گەشەکردن و پەرەسەندنی رێکخستنەکانی ئەویش بتوانین (ی.ن.ك) بە رێبەری شۆڕش و کوردایەتی بهێڵینەوە و بەرەو سەرکەوتنی تەواوی بەرین لە هەمان کاتدا دەبێ خەبات بکەین بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی یەکێتیی خوێندکاران کوردستان و یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان و یەکێتیی نووسەرانی کوردستان و یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، وە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵی جوتیاران و نەقابەی کرێکارانی کوردستان تا هەموو توێژو چینە شۆڕشگێڕەکان، بە تایبەتی چینی کرێکاران دەخەملێن و رێکدەخرێن وە دەخرێنە گەڕ لەخەباتی پیرۆزدا.

ئەمەیە ئەرکی پیرۆزو گرنگی هەڤاڵانی "یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان" و "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" لە ژێر ئالای "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان"دا بۆ سەرخستنی کوردایەتی و شۆڕش و یەکێتییەکەمان، دەبا هەموومان لە ئاستی ئەو ئەرکە گرنگەو بەرپرسیاری شۆڕشگێڕانە و نیشتمانی خۆمان بین و هەموو توانای بیرو بازووی خۆمان بۆ بە دیهێنانی تەرخان بکەین. دەبا یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان بکەینە رێکخراوێکی جەماهیری فرە بیروباوەڕی ئایدلۆلۆجی پێشکەوتن خوازی هەموو کورد پەروەران و دیموکرات و شۆڕشگێڕو

سۆشیالیستەکانی کوردستان کە باوەڕیان بە پرۆگرامی (ی.ن.ك)و ڕێبازە شۆڕشگێڕانەکەی هەیە و دڵسۆزی شۆڕش و کوردایەتی پێشکەوتن خوازن.

بژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ڕێبەری جوڵانەوەی رزگاری دیموکراتی خەڵکی کوردستانی عێراق

هەر سەرکەوتوو بێت هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان

بژی یەکێتی ریزەکانی خەباتگێڕانی گەلەکەمان

**یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان/ ئەیلوولی/١٩٨٢**

## هەواڵ

ژمارە (١)و ژمارە (٢)ی کوردایەتی گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ نەداوەو زیاتر لێکۆڵینەوەو وتاری بڵاوکردووەتەوە، بەڵام ژمارە (٣)و بەتایبەتی لە ژمارە (٤)دا کۆمەڵێك بابەت بڵاوکراونەتەوەو هەوڵدراوە هونەرکاریی دارشتنی هەواڵ فەرامۆش نەکرێت و جیاوازبێت لە نووسینی وتاردا، ژمارە ١، خوولی ٣-ش وەك ژمارە یەکە گرنگی بە لێکۆڵینەوەی دوورودرێژ داوە، لەو رووەوە دەکرێت وەك بەڵگە ئەم چەند هەواڵە بگوازینەوە کە لە ژێر ناونیشانی "چالاکییەکانی رێکخراوەکەمان"و لە لاپەڕە (٤)ی ژمارە (٤)دا بڵاوکراوەتەوە. کە ئەمە دەقەکانیانە:

(١. هەڤاڵانمان لە لقی یەك بەشدارییەکی گەرم و گوڕیان کرد لە گێڕانی ئاهەنگی یەکی ئایار.

٢. کارگێڕ و دەزگاکانی زۆربەی لقەکانی یەکێتیمان لە ماوەی رابردوودا سمینار و نەدوەو جەولەیان کردووە. بۆ ئەوەی هەڵوێست و باوەڕی



یەکێتیمان لەم قۆناغەدا بۆ جەماوەری گەلەکەمان روون بکەنەوە و رای کۆمەڵانی فراوانی خەڵکی کوردستان وەربگرن لە بارەی ئەو رووداوانەی گۆڕەپانی کوردستان و عێراق لە ئارادان، لەوانە چالاکییەکانی لقی یەك و لقی چوار بە تایبەتی لە چەند ناوچەیەکی دهۆکدا سیاسەتی هەڵوێستی یەکێتیمان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیان بۆ جەماوەر روونکردەوە، هەروەها مەکتەبی رێکخستن چەند جەولەیەکی کرد بەسەر ناوچەکانی سەر بەلقی یەك و سێ و چوار بۆ هەمان مەبەست.

٣. زۆربەی زۆری رێکخستنەکانی یەکێتیمان یادی شەهیدە هەرە زیندووەکانی گەلەکەمانیان کردەوە، وە لەو چالاکیانە:

أ. پێشەنگای رێکخستنەکانی سەر بە لقی چوار لە مورتکە لە (٢٤/٤/١٩٨٤) بە بۆنەی رۆژی شەهیدانەوە.

ب. پێشەنگای ناوچەی کۆیە و پێشەنگای ناوچەی رانیە بۆ یادکردنەوەی شەهیدانی نەمری کورد و کوردستان.

٤. لقی ٤-ی یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان لە گوندی مورتکەی گەورە بە بۆنەی یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە رۆژی ١/٦/١٩٨٤ ئاهەنگێکی بەربڵاویان گێڕا، کە پتر لە چوار هەزار کەس ئامادەی ئەو ئاهەنگە ببوون.

لەو ئاهەنگەدا چەندین وتار و سروود و گۆرانی خوێندرایەوە شانۆگەرییەك پیشاندرا).

**ئەمەو لە چەند شوێنێکی تری هـەمان ژمـارەدا "هـەواڵ و لێـدوان" بڵاوکراوەتەوە، واتە ئاماژە بە ڕووداوێك دراوە و بە چـەند دێـڕێکیش بـاری سەرنج سەبارەت بە ڕووداوەکە خراوەتە ڕوو.**

**پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە "کوردایـەتی" بـە گـوێرەی پێویـست گرنگی بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ نەداوە و دەکرا ڕووداوەکانی ئەوسا بکرێنـە هەواڵ و بڵاوبکرێنەوە.**

**سەرنج:**

**ئـەم بابەتـە لـە گۆڤـاری ڕۆژنامـەنووس، ژمـارە ٥، سـاڵی ٢٠٠٥ بڵاوبووەتەوە.**



## سەرەتایەك بۆ ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی لە کوردستانی خوارووودا



نیشتمانێکی ئازادو میللەتێکی بەختیار

آزادي كوردستان

زمانی حزبی شیوعی عیراق، لقی کوردستان

ژمارە (١) سالی (١٤) دوایی حەزیران ٩٥٧

نرخی - ٢٥ - فلسە

لاچرنی

نوری سەعید، گوردێنی مەبەستەکانی ئیستیعمار نیە !!

سێ سال لەمەوبەر، بەپێی پیلانی ئیستیعمار نوری سەعید هاتە سەرکار و دەزبەجێ کەوتە ئیش

مەجلیسی نوێنەرانی، چەند نوێنەرێکی نیشتمانی تیابو هەلی وەشاند، حزب و کۆمەلە و رۆژنامەکانی داخست، پەیوەندی لەگەل یەکێتی سۆڤیەتا بری و دوایش پەیمانی ژەهراوی بەغدای گرێ دا. ئەمانە جگە لەو هەمو مەرسومانەی بۆ پیوەند کردنی گەل هێنابەدی و خستیە کار.

بەلێ توانی پەیمانی بەغدا ببەستێ، بەلام هەرچی کردی نەیتوانی پێش جوولانەوەی میللەت بگرێ و لە تێکۆشان بیوەستێنێ. چونکە جگە لەوەی میللەت - بە کورد و عەرەبەوە - بە گژی بەرامبەر بەم پیلانە گلاوانە هاتە دەست و دژی تێکۆشانی خۆیانیان پتەوتر و بەستیوراوتر کرد، هەمو میللەتی عەرەب و حکومەتە عەرەبە ئازادیخوازەکانیش پشتیوانییان لێ کردن. تەنانەت نوری سەعید بەحەری وتەوپەرری تەقەلای ئاغا ئیستیعمارییەکانیەوە، نەیتوانی یەکێ لە حکومەتە عەرەبەکان راکێشێتە بەری پەیمانە شەرراوییەکانیەوە.

نە مەرسومەکانی سەعیدی و نە حوکمە عورفییەکانی عورفی و نە زیندانی هەمو یاساکانی دەستوری و رەوشتی، هیچی نەیتوانی پێش بە رق و تورەیی میللەت بگرێ، بەلکو [بڕوانە لاپەرە ١٢]

## پێشەکی

ئەم نووسینەی بەردەستتان چەند دێڕێکە بۆ دۆزینەوەی یەکەمین هەنگاوی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی کوردی لە کوردستانی خواروودا (عێراق)، سەبارەت بەم گەڕان و پشکنینە، ئاساییە پرسیارێك بکرێت، ئایا چاپکراوی نهێنی کوردی لە سەرەتادا چاپکراوی چەپەکان بووە؟ ئەمە مەرج نییە، بەڵکو ئەم نووسینە بەشێکە لەو گەڕان و پشکنینانەو خستنەڕووی چەند رستەیەکە لە پێناوی دۆزینەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە، ئەم نووسینە بێجگە لەوەی بە کورتی قسەکردنە لە دەستەو کۆمەڵەو گروپی کوردی لە کوردستانی خواروودا لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٦١، هەروەها تا چەندان کۆمەڵەو گروپ هەوڵیانداوە خاوەنی بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان بن، ئایا ئەو کۆمەڵەو گروپانە چەپ بوون؟ ئایا لە ئەدەبیاتەکانیاندا گرنگییان بە فکرەی چەپ داوە؟ ئەمەو بێجگە لەو ڕۆژنامەو گۆڤارانەی کە پارت و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان دەریانکردوون، بە تایبەتی ئەوانەی کە هەڵگری بیروباوەڕی چەپ بوون و لە ئەدەبیاتەکانیان ئەو فکرەیە بە روون و ئاشکرا رەنگیداوەتەوە، لەم رووەوە وەنەبێت ئەم نووسینە زۆر تۆکمەو بێ کەموکوڕی بێت، نەخێر، بەڵکو وەك لە ناونیشانەکەی دیارە، کە سەرەتایەکە، ئەو سەرەتایەش بە دوو مەبەست بەکارهاتووە، هەم وەك سەرەتایەکە بۆ لێکۆڵینەوە و نووسینی تر، هەروەها لێدوانیشە لە سەرەتاکانی ئەم بابەتە، ئیتر هیوادارم بەم چەند دێڕە لامان لە بابەتێك کردبێتەوە کە دەمێکە پێویست بوو



هەقی خۆی بدرێتێ، چونکە ئەم سەرەتایە بەشێکی دانەبڕاوە لە خەباتی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان.

## گروپ و دەستەو کۆمەڵەی کوردی!

لە سەرەتای سییەکانی سەدەی رابردوودا خوێندکارانی کورد کەوتنە چالاکی نواندن و دامەزراندنی کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، تەنانەت سیاسیش بە ناوی کۆمەڵی لاوان و گۆڤاری (یادگاری لاوان) یان دەرکرد، ژمارە ١ی ئەو گۆڤارە لە ساڵی ١٩٣٣ دەرچووە، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و شیعری نیشتمانپەروەریی و وتاری پەروەردەیی و رۆشنبیری تێدا بڵاوکراوەتەوە، ئەندامە ناسراوەکانی بریتی بوون لە، فازیل رەئوف تاڵەبانی و ئیبراهیم ئەحمەدو حامید فەرەج و شاکیر فەتاح، ساڵی ١٩٣٥ لە شاری سلێمانی کۆمەڵەیەکی نهێنی بە ناوی کۆمەڵەی پێشڕەوی نیشتمانی پێکهات، هەندێك لە ناودارانی سلێمانی گرتبووەخۆ وەك، عیزەت بەگ پاشاو عیزەت ئەفەندی خانەنشین و تۆفیق قەزازو میرزا ئەحمەدو حاجی فەتاح قادرو رەمزی حاجی فەتاح و پزیشکی ئاژەڵداری (بیگری) قوتبەدین- سەرۆکی کۆمەڵەکە حەمە ئاغا عەبدولڕەحمان بوو، کۆمەڵە لە پێناوی بەرژەوەندی نیشتمانی کورد تێدەکۆشاو لە ماڵی حەمە ئاغا نزیکەی ٢٠ کەس لە کۆبوونەوەیەکدا بەشدار بوون، کۆمەڵە لە کارەکانیدا بەردەوام بوو تا ساڵی ١٩٣٦و بەبێ ئەوەی لە لایەن رژێمەوە بەرەنگاری بکرێت خۆی هەڵوەشاندەوە.

لە نێوان ساڵانی ١٩٣٥- ١٩٣٧ لاوانی ڕووناکبیری کوردی لە ژێر کاریگەریی بیرو باوەڕی دیموکراتی پێشکەوتنخوازیدابوون، هەندێك لەوانە وەکو، حەمزە عەبدوڵڵاو ڕەشید عارف و ئیبراهیم ئەحمەدو عەبدولسەمەد محەمەدو حەسەن تاڵەبانی و هەندێکیتر پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵەی الاهالی بەهێز بوو، ئیبراهیم ئەحمەد لە ساڵی ١٩٣٩ کتێبی کوردو عەرەبی بە زمانی عەرەبی بڵاوکردەوە، لەوێدا داوای پەیوەندی نێوان عەرەب و کوردی کردووە، بۆ بەرەنگاری ئیستیعمار، هەروەها کۆمەڵەی (برایەتی) بە سەرۆکایەتی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحموودی بەرزنجی لە سلێمانی سەریهەڵداو ئامانجی کوردستانی سەربەخۆ بوو.

هەروەها ئیبراهیم ئەحمەدو عەلائەدین سەجادی لە ساڵی ١٩٣٩ گۆڤاری گەلاوێژ-یان دەرکرد کە زۆربەی هێزی پێشکەوتنخوازی لە کۆمەڵگای کوردەواری بۆ لای خۆی ڕاکێشابوو، دژایەتی فاشیزمی کردە ڕێبازو بوو بە هاندەرێك بۆ دامەزراندنی پارتێکی سیاسی کوردی لە عێراق و پارتی هیوا سەریهەڵدا(١).

بەڵام ئەگەر وەك کاری سیاسی کوردی دەستنیشانی ڕێکخراو یاخود پارتێکی کوردی بکەین کە خاوەنی بنکەیەکی جەماوەری بێت، ئەوە پێویستە هەڵوەستە لەسەر خەباتی حزبی هیوا بکەین، سەرەتا پێویستە دان بەوەدا بنێین کە ئەو کۆمەڵەو دەستەو گروپە کوردییانە پێش حزبی هیوا هەبوون، بە بزوتنەوەو حکومەتەکەی شێخ مەحموود-یشەوە تا دەگات بەو بزووتنەوە ڕۆشنبیرییانەی کە لەو مێژووەدا هەبوون، کە زیاتر خۆیان لە دەرکردنی بڵاوکراوەو ڕۆژنامەو گۆڤاردا دەبینییەوە، بوونەتە سەرەتایەکی



باش بۆ درووست بوونی حزبی هیواو بڵاوبوونەوەی بەو شێوەیەی کە لە سەرچاوەکاندا باسی لێوە کراوە، لە سەرەتادا لەسەر دەستی چەند ئەفسەرو ڕۆشنبیرێك لە ساڵی ١٩٣٩ بە شێوەیەکی نهێنی پارتەکە دامەزراو پاشان خەڵکێکی چاکی لە دەوری خۆی کۆکردەوەو گۆڤاری نهێنی دەردەکرد(٢).

دیارە وەك دەزانرێت ئەو سەردەمە، سەردەم و مۆدێلی بڵاوبوونەوەی فکرەی چەپ بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە عێراقیش لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ بە تایبەتیش لە بەشە ناوەڕاست و خوارووەکەی، بە نهێنی باس لە فکری چەپ دەکرا، گروپی بچووك بچووك خەریك بوو درووست دەبوون، کە وەك دەڵێن لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٢٠ بۆ یەکەمینجار وشەی (سۆسیالیستی) بە زمانی عەرەبی لە عێراقدا لە ڕۆژنامەی (دجلە)ی بەغدایی لە ژمارە ٥٠ی ڕۆژی ٢٥/ ئابی ١٩٢١ بەکارهاتووە، لە ڕۆژی ٢٨ کانوونی یەکەمی ١٩٢٤ یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسی بە ئاشکرا بە ناوی (الصحیفة) بڵاوکراوەتەوە.

لە نێو کوردیش فکرەی چەپ و مارکسی بۆ یەکەمینجار لە نێو پارتی هیوا مشتومڕی گەرمی لێکەوتەوە، کەواتە دەتوانین سەرەتاکانی فکرەی چەپ لە نێو کوردەواریدا بۆ پارتی هیوا بگەڕێنینەوە، هەر ئەو فکرەش بوو کە پارتەکەی کردە دوو لەت لە مانگی شوباتی ١٩٤٤.

لە شاری کەرکوك کۆنفرانسی حزبی هیوا بەسترا، بازووی چەپ پەردەی لەسەر نەخشەی ئابڕووبەرانەی ئیمپریالیزمی بەریتانیا هەڵماڵی، کە گەلی کورد بە پشتیوانی بەریتانیا ڕزگاری نابێ و دەبێ یەکێتی سۆڤیەت بە پشت و پەنای خۆی بزانێت: بەمجۆرە کۆنفرانس حزبی هیوای کردە دوو

لەتەوە بازووی راست بە سەرۆکایەتی رەفیق حیلمی کە هەموو داخوازییەکانی بازووی چەپی رەتکردەوە، لە حزب جیابووەوە، ئەم لەتبوونە کارێکی وای کرد بازووی چەپ لەگەڵ حزبێکی تردا یەکگرێ، بازووی راستیش ماوەیەك بە ناوی حزبی هیواوە کاری دەکرد، پاشان هەڵوەشایەوە، بەمجۆرە نەخشی مێژووی حزبی هیوا کۆتایی هات... بەشێکی ئەندامانی بازوی چەپ چوونە ریزی گروپی (القاعدة)ی حزبی کۆمۆنیستی عێراقەوەو بە نهێنی رۆژنامەی (ئازادی)یان دەکرد، بەشێکی تریان بوونە ئەندامی شاخەی کۆمەڵەی (ژێ. کاف) لە کوردستانی عێراقدا، ئەوانیتریش حزبێکیان بە ناوی (ریاراست)(٣) پێکەوەنا، کە زۆربەی ئەندامەکانی لە سلێمانی و لە نێو ریزی خوێندکارە کوردەکانی بەغدا بوو، بەشێکی کەمیشیان چوونە ریزی گروپی (وحدة النضال)ی کۆمۆنیستەوە، لە کوردستاندا بە ناوی (یەکێتی تێکۆشین) شاخەیان دامەزراند، چەند گروپێکی تریش بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە ژێر ناوی جیاجیادا مانەوە خۆیان بە پاڵپشتی جولانەوەی نیشتمانی کوردستان دەزانی(٤).

دوای ئەمەش گۆڕانکاری تر روویداوەو (لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٤ گروپی- وحدة النضال- چووە ریزی قاعیدەوە کە هەردووکیان لە حزبی کۆمۆنیستی عێراق جیاببوونەوە، بەڵام کۆمۆنیستە کوردەکان نەچوونە ریزی ئەم گروپەو لە کوردستاندا حزبێکی کۆمۆنیستیان پێکەوەنا ئۆرگانی ئەم حزبە رۆژنامەی- شۆڕش- بوو، لەبەر ئەمە حزبەکەش لە ناو خەڵکدا بە حزبی شۆڕش دەناسرا)(٥).



ئەمەو (شۆڕشییەکان لە ساڵی ١٩٤٥دا دوای دامەزراندنی خۆیان بە ماوەیەك (حزبی رزگاری کورد-یان پێکهێنا بە هاوکاری لەگەڵ هەندێ کۆنە هیوایی)(٦).

دیارە لە کۆی ئەو بیرو رایانەی پێشەوەدا دەردەکەوێت کە حزبی هیوا بیروڕاو خەیاڵی کوردەواری بەرەو ئاسۆیەکی تر بردو خوێندنەوەیەکی تری بۆ سەردەمی ئەوسا داڕشت، پێگەی سەرەکی هیواییەکان زیاتر شارەکانی کەرکوك و هەولێر بوو، ئینجا بەغداو سلێمانی و شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان، بۆ نموونە ئەگەر سەیری ئەم چەند دێڕەی خوارەوە بکەین، پێگەی حزبی هیوامان لە شارێکی وەك هەولێر بۆ دەردەکەوێت: (لە ناو رێکخراوی هیوا لە هەولێر ئینشیقاق درووست بوو بەشی زۆربەی رەزامەندی خۆی دەربڕی کە لەگەڵماندا کار بکات، پاش ئەوەی بڕیارماندا کە لە هاوینی ساڵی ١٩٤٣ وەك رێکخراوێکی سەربەخۆی مەحەلی کار بکەین... ئێمە دژی داگیرکەرو دەرەبەگایەتی و داپڵۆسینی نەتەوەیی بووین، تێکۆشانمان نیشتمانی و دیموکراتی و نەتەوایەتی بوو، لە یەك کاتدا بڕیارماندا رێکخراوی (کۆمەڵی میللەت)(٧) درووست بکەین و بڵاوکراوەیەکیش بە دەست نووسراوی بە ناوی (دەنگی کورد) دەربکەین، هەروەها (لەو سەردەمەشدا تاقمی خوێندەواری مارکسی کورد لە شاری هەولێر پەیدا ببوو، هەر لە ساڵی ١٩٤٢-ەوە کاك ساڵح حەیدەری و رەشید قادرو نافیع یونس و چەندین قوتابی تری کوردی دەستە چەپ هاتبوونە کۆڕی تێکۆشانەوە بۆ ماوەیەك لەگەڵ چەند لاوێکی تردا لە هەولێر (کۆمەڵی میللەت- جمعية الشعب) یان پێکەوەنابوو(٨)، لە

سەرچاوەیەکی تردا هاتووە (وەك دەزانین لە هاوینی ١٩٤١دا ئەڵمانیا هێرشی بردە سەر یەکێتی سۆڤیەت، هەر چەندە شەڕی دووەمی جیهانی پێش ئەوە دەستی پێکردبوو، بەڵام ئەو هێرشەی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤیەت رووی شەڕی گۆڕی و ناوەڕۆکێکی تری دایە ئەم رووداوە، بە تایبەت پاشان شەڕی ستالینگرادو سەرکەوتنەکانی تر ئاووهەوای گشتی گۆڕی و شنەبای ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی ولاتانی پێگەیشتووی زاخاودا، بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازی بلاوبووەوە لە ژێر تەئسیری ئەم بارەدا لە ساڵی ١٩٤٣دا بووم بە ئەندامی (کۆمەڵی میللەت) کە رۆژنامەکەیان بە ناوی (بلێسە) دەردەکردو خۆی بە مارکسی دادەنا)[٩].

لە کاتی لێکدان و کۆلاجکردنی ئەو بۆچوون و زانیارییانەی پێشەوەدا[١٠] گەلالەی بیرورایەك چێ دەبێت بە تایبەتیش بۆ دۆزینەوەی سەرەداوێك سەبارەت بە بزووتنەوەی چەپ لە کوردستان و بلاوکردنەوەی ئەو فکرەیە، هەوڵیانداوە کە بلاوکراوە یاخود رۆژنامە یان گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبێت، دیارە لەم چەند دێڕەی پێشەوەدا دەتوانین وەڵامی یەکێك لەو پرسیارانەمان دەست بکەوێت، ئەویش بە دەستکەوتنی ناوی چەند بلاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارێکە کە کورتە وەڵامێکن بۆ سەر نێوی باسەکەمان.

## رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی لە کوردستانی خوارووودا

هیچ باسێکی زانستی بەبێ سەرەتایەکی بەڵگەدار، ئەنجامێکی ئەکادیمی لێناکەوێتەوە، لەسەر نێوی پێش ئەم ناونیشانەدا، لە مێژووی



کۆمەڵەو گروپ و دەستە کوردییەکان، سەرەتایەکمان لە پێناوی دۆزینەوەی چەند بلاوکراوەو رۆژنامەو گۆڤارێك کردەوە، کە ئەگەر تایبەتیش نەبووبن بە بلاوکردنەوەی فکری چەپ لە کوردستانی خوارووودا، ئەوە سەرەتایەکی واقیعی بوون بۆ رۆژگاری ئەوسا، تا چەپەکان فکرەی خۆیان تێدا بلاوبکەنەوە، لەو بوارەشدا هێشتا چەندان گروپ و دەستەو کۆمەڵەی کوردی ماون کە ناومان نەهێناون و بە ئەنقەست فەرامۆش نەکراون.

وا ئەو گۆڤارو رۆژنامانە ریز دەکەین کە سەرەتایەکن بۆ رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی کوردی، لە سەرەتاوە، واتە لە دامەزراندنەوە تا ساڵی ١٩٦١.

١- (گۆڤار) هەفتەنامەیەکی کۆمەڵایەتی نهێنی کوردی بووە، گەنجانی هەولێر کە لە پارتی هیوا کاریان کردووە، دەریان کردووە، نازانرێت چەند ژمارەی لێدەرچووە، هەفتەنامەیەکی دەستنووس بووەو لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٩ دەرچووە[١١].

٢- (دەنگی کورد) بە دەست نووسراوەتەوە، ساڵی ١٩٤٣ لە لایەن کۆمەڵی میللەت لە هەولێر دەرچووە.

٣- (بلێسە) ساڵی ١٩٤٣، لەلایەن کۆمەڵی میللەت لە هەولێر دەرچووە.

٤- (شۆڕش) رۆژنامەی حزبی شیوعی کوردستانی عێراق بووە، ساڵی ١٩٤٣ دەرچووە.

٥- **(ئازادی)** یەکەمین ڕۆژنامەیە کە زانیاری بەڵگەدارمان سەبارەتی هەبێت وەك ڕۆژنامەیەکی چەپی نهێنی کوردی، ژمارە ١ی لە مانگی نیسانی ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە، ڕۆژنامەی ناوەندی حزبی شیوعی عێراق بە زمانی کوردی بووە، سەرەتا بە ٨ تا ١٢ لاپەڕەی بچووك، واتە فۆلسكاب دەرچووە، پاشان بووەتە دوو لاپەڕەو تا ساڵی ١٩٥٩ هەر بە نهێنی دەرچووەو لە ١/٥/١٩٥٩ بە ئاشكرا دەرچووە، ژمارە نهێنییەكان زۆربەیان لە شاری سلێمانی چاپكراون(١٢).

٦- **(یەکێتی تێکۆشن)** لەسەر بەرگی ژمارە ١ نووسراوە (زبان حاڵی کۆمەڵەی کۆمۆنیستی عێراقی- لقی کورد)، بەڵام لەسەر بەرگی ژمارە ٣دا نووسراوە (زمان حاڵی حزبی کۆمۆنیستی عێراقی- لقی کورد)، هەر ئەم دوو ژمارەیە دۆزراوەتەوە، لە نێوان ساڵی ١٩٤٤- ١٩٤٥ چاپ و بڵاوکراونەتەوە(١٣).

٧- **(ئازادی کوردستان)** لەلایەن حزبی شیوعی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥- ١٩٥٦ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام نازانرێت چەند ژمارەی لێدەرچووە.

٨- **(دەنگی فەلاح)** ڕۆژنامەیەکی دەوری بووە، لە نێوان ساڵانی١٩٤٨- ١٩٤٩ لە شاری سلێمانی لەلایەن حزبی شیوعی عێراق لە سلێمانی دەرچووە، دیارنییە چەند ژمارەی لێ دەرچووە(١٤).

٩- **(دەنگی داس)** ڕۆژنامەیەکە لە نێوان ساڵانی ١٩٥١- ١٩٥٤ حزبی شیوعی عێراق لە ناوچەی وارماوە-ی دەربەندیخان دەریکردووەو نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە(١٥).



١٠- **(دەنگی فەقێ)** خوێندکارە شیوعییەکان ساڵی ١٩٥٣ لە شاری سلێمانی دەریانکردووەو دیارنیە چەند ژمارەی لێ دەرچووە(١٦).

١١- **(دەنگی قوتابیان)** خوێندکارە شیوعییەکان لە شاری هەولێر ساڵی ١٩٥٣ بە دەستنووس دەیانکردووەو نازانرێت چەند ژمارەی لێ دەرچووە(١٧).

١٢- **(یەکێتی فەللاح)** ڕێکخراوێکی سەر بە حزبی شیوعی عێراق لە سلێمانی ساڵی ١٩٥٤ دەریکردووەو دیارنییە چەند ژمارەی لێدەرچووە(١٨).

١٣- **(گەنجان)** ڕێکخراوێکی سەر بە حزبی شیوعی عێراق لە سلێمانی لە ساڵی ١٩٥٤ دەریکردووە(١٩).

## ئەنجام:

لە کۆی کۆکردنەوەو لێدوانی ئەم زانیارییانەدا سەرناوێکی تازە بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی زیاد دەکرێت، ئەویش ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنییە لە کوردستانی خوارووودا، خاڵی سەرەکیش بۆ ئەو دامەزراندنە، بۆ پێکهێنانی گروپ و دەستەو کۆمەڵەو پارتی کوردی دەگەڕێتەوە، یان بۆ ئەو کوردانەی لە ناو ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراقدا خاوەنی بنکەیەکی جەماوەریی فراوان بوون و وەك واقیعێکی ئەوسا توانیویانە قەناعەت بە حزب بکەن تا ڕۆژنامەیەکی بۆ نموونە (ئازادی) دەربکات، کە بەڕای ئێمە ئەگەر زۆربەی ژمارەکانی ئەو ڕۆژنامەیە بدۆزرێتەوە، دەتوانین چەند وەڵامێك بۆ ئەو پرسیارانە ئامادە بکەین، کە تا ئێستاش بزووتنەوەی کوردایەتی و چەپ و مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی بەدوایاندا

وێڵە، ئەمەو بێجگە لە روانین و خوێندنەوەی ئەو زمان ئەدەبیاتەی کە ئەوسا بەکارهاتووەو ئیشی لەسەرکراوە.

هیوادارین نەك هەر تەنیا رۆژنامەی ئازادی، بەڵکو تەواوی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانە بدۆزرێنەوە کە تا ئێستا شوێنبزرن.

لەم باسەدا نەمویست خۆم لەقەرەی کۆمەڵێك پرسیاری وەك، کێ چەپە؟ کێ کۆمۆنیستە؟ کام بزووتنەوە مارکسییە؟ یان کام ئەدەبیات ئەدەبیاتی چەپ و کۆمۆنیستییە؟ بدەم! بەڵکو کارەکەم تەنیا بریتییە سەرەتایەك بۆ پۆلێنو خستنەڕوو، وەڵامی ئەو پرسیارانە بۆ ئەوکاتە جێدێڵین کە زۆربەی گۆڤارو بلاوکراوەو رۆژنامە شوێنبزرەکان دەدۆزرێنەوە.

## پەراوێزەکان:

(١) فەهد گردەوانی، وەرگێڕو ئامادەکەر، رێکخراو، کۆمەڵە، پارت لە کوردستانی عێراقدا، ستۆکهۆڵم- ١٩٩٩، لاپەڕە ٢.

(٢) تاریق جامباز، گۆڤار- ....، هەولێر- ١٩٩٨.

(٣) بۆ نەڵێین دارشتنی ئەم وشە کوردییە فکرەکەی لە دوو توێی رۆژنامەی (رێیا تازە)ی سۆڤیەتی وەرگیراوە، بەڵام ئەو خەتە رێکخراوە بە پێچەوانەی نەهجی رۆژنامەی رێیا تازە کاریکردووە، بۆ زانیاری زیاتریش



رۆژنامەی (رێیا تازە) یەکەمین رۆژنامەی چەپە کە بە زمانی کوردی ساڵی ١٩٣٠ لە یەکێتی سۆڤیەتی کۆن دەرچووەو تائێستاش بەردەوامە.

(٤) عەزیز شەمزینی (د.) جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان، ف.ئەسەسەرد لە زمانی عەرەبییەوە وەریگێڕاوە، چاپی سێیەم، سلێمانی- ١٩٩٨، لاپەڕە ١٨٣.

(٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٨٥.

(٦) جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، چاپی سێیەم، چاپخانەی خەبات- ١٩٦٦، لاپەڕە ٨٥.

(٧) سالح حەیدەری، الاتحاد-ی ئۆرگانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، ژمارە ٩، ساڵی ١، شەممە، ٢٦ کانوونی یەکەمی ١٩٩٢، لاپەڕە ٥.

(٨) جەلال تاڵەبانی، کوردایەتی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردستانە، لاپەڕە ٨٧.

(٩) عەزیز محەمەد، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ گۆڤاری مامۆستای کورد، سوید ١٩٨٦.

(١٠) سەبارەت بەم زانیارییانە لە کتێبی تریش باسیانکراوە، وەك، ا- فاتح رەسوڵ، بنچینەی مێژوویی بیرۆکەی چەپ لە کوردستاندا، سوید- ٢٠٠١، ب- عبدالستار طاهر شریف، الجمعیات و المنظمات و الاحزاب الکردیة، بغداد- ١٩٨٨.

(١١) تاریق جامباز، گۆڤار...، هەولێر- ١٩٩٨.

(١٢، ١٣،١٤، ١٥، ١٦، ١٧، ١٨، ١٩) سوود لەم چەند سەرچـاوەیە بینراوە:

- فائق بطی (د.) الصحافة الیساریة في العراق، لاپەڕە ١٢٩-١٣٠.
- جمال نەبەز، (د.) گۆڤاری کۆمۆنیستانەی یەکێتی تێکۆشین، سوید- ١٩٨٨.
- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی- ٢٠٠٠، لاپەڕە ٣٧.

**سەرنج:**

ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی (رێگای کوردستان)ی ئۆرگـانی حزبـی شیوعی کوردستان- عێراق، ژمارە ٤٩٩ی رۆژی دووشەممە ٢٢ی نیسـانی ٢٠٠٢ بڵاوبووەتەوە.



## با ئێمەش قسەیەك بۆ "ئازادی" بکەین


تشرين ثاني ١٩٤٥ زماره ٥ نرخي ١٥

ئازادی

كورد وثورەی اكـــتو

— آزادي

## پێشەکی

ماوەیەکە سەرقاڵی گەڕانو پشکنین و ساغکردنەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیی کوردستانم بە گشتیی و کوردستانی باشوور بە تایبەتی، پڕۆژەکە لە سەرەتاوە دەستپێدەکات، تا رۆژانی راپەڕینی ١٩٩١، کە رۆژنامەگەریی نهێنی کەوتە قۆناغی ئاشکراو بە ئاشکراش چاپو بڵاوکرایەوەو دوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی ١٩٩٢دا رۆژنامەگەریی کوردی بە رەسمیی داوای مۆڵەتی دەرچوونی لە وەزارەتی رۆشنبیریی کردووە، بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی ورد، بەردەوام گۆڤارو رۆژنامەو بڵاوکراوە کۆنەکان سەیر دەکەم، تازەکانیش ئەگەر بابەتێکی سەبارەت بە مێژووی رۆژنامەگەریی تێدا بێت هەڵوەستەی لە بەردەمدا دەکەم.

هەفتەنامەی "رێگای کوردستان"ش یەکێکە لەو نووسراوانەی کە هەوڵدەدەم بیخوێنمەوە، لە ژمارەی رۆژی ٦/٥/٢٠٠٢ بابەتێکی بۆ جەلال دەباغ لە ژێر ناونیشانی "راستکردنەوەیەك لە بواری رۆژنامەوانیدا" لە لاپەڕە ٢ بڵاوکردووەتەوە، جەلال دەباغ بیروڕای وایە کە یەکەم ژمارەی رۆژنامەی "ئازادی" لە ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە، نەك ساڵی ١٩٤٤، هەروەك لە لاپەڕە ١ی هەموو ژمارەیەکی هەفتەنامەی "رێگای کوردستان"دا وەك درێژەپێدەری "ئازادی" نووسراوە، (رێگای کوردستان: یەکەمین ژمارەی بە نێوی "ئازادی"یەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٤٤دا دەرچووە) دیارە هاوڕێیانی هەفتەنامەکە ئەو بیروڕایەی جەلال دەباغ-یان پێ راست بووە، بۆیە لە



ژمارەی رۆژی ١٣/٥/٢٠٠٢دا ئەو دەستەواژەیان بەم شێوەیە گۆڕیوە، (رێگای کوردستان: یەکەمین ژمارەی بە نێوی "ئازادی"یەوە لە نیسانی ساڵی ١٩٤٥دا دەرچووە).

لە ژمارەی رۆژی ١٣/٥/٢٠٠٢ی هەمان هەفتەنامەدا عەبدوڵڵا خالید وتارێکی بە ناونیشانی (بەپێی ئەم بەڵگەنامەیەش "ئازادی-رێگای کوردستان" ساڵی ١٩٤٥ دەرنەچووە!)[1] لە وتارەکەیدا گفتوگۆی بیروڕاکەی جەلال دەباغ دەکات و پێشنیاری بۆ مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان و مەکتەبی سیاسیی حزبی شیوعی کردووە، کە تا ئەو مێژووە بە تەواویی یەکلایی دەبێتەوە، با ساڵی دەرچوونی "رێگای کوردستان" لەسەر هەفتەنامەکە لابرێت، جەلال دەباغ لە ژمارەی دوای ئەو ژمارەیەدا، واتە ژمارەی رۆژی ٢٠/٥/٢٠٠٢ نووسینێکی یەك لاپەڕەیی بە ناونیشانی (بەڵگەنامەکان دێنە زمان) بڵاوکردووەتەوەو وەڵامی عەبدوڵڵا خالید-ی داوەتەوە، بۆ جێگیرکردنی بیروڕاکەی کۆمەڵێك بەڵگەی هێناوەتەوەو لە کۆتایی نووسینەکەیدا دەڵێت: (جارێ هەر هێندە باسدەکەم و گەلێك بەڵگەنامەی تریشمان هەیە کە لە کاتی پێویستدا دەیانهێنینە زمان و جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە کە یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی "ئازادی" لە نیسانی ١٩٤٥دا دەرچووەو لەم بارەیەوە کەمترین گومانم نییە)، بەڕای من پێویست بوو جەلال دەباغ بەڵگەکانیتریشی بڵاوبکردبایەوە، نەك خۆی گوتەنی (لە کاتی پێویستدا).

## دوو بەڵگەنامەی تر بۆ "ئازادی"

لە پێناوی دەوڵەمەندکردنی ئەو گفتوگۆیەو باشتر ساغکردنەوەی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی "ئازادی"، وا من دوو بەڵگەنامە دەخەمەڕوو:

### بەڵگەی یەکەم

کاتی خۆی لە کاتی خۆ ئامادەکردنی بۆ نووسینی تێزی ماجستێرەکەم (هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١- ١٩٩١) هەوڵمدا زۆرترین بەڵگەنامە کۆبکەمەوە، ئەوە بوو ژمارەیێکی کۆنی "رێگای کوردستان"م دەستکەوت، کە ئەم زانیارییانەی لە لاپەڕەی پێشەوەیدا نووسراوە: (رێگای کوردستان، رۆژنامەی حزبی شیوعی عێراق لقی کوردستان- تشرینی دوهەم، ساڵی- ١٧- ژمارە- ٤- نرخی- ٣٠- فلسە)[٢]. بەڵام نەنووسراوە ئەو ژمارەیە ساڵی چەند دەرچووە! بە هۆی وتارێك کە لە لاپەڕە ١دا بە ناونیشانی (هەر بژی بیرەوەری چل و پێنج ساڵەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن) بڵاوکراوەتەوە، بە حیسابێکی ژمارەیی دەتوانین بیسەلمێنین کە ئەو ژمارەیە لە مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢ (١٩١٧ لەگەڵ ٤٥ ساڵەی یادەکەدا کۆبکەینەوە دەکاتە ١٩٦٢) ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بە حیسابێکی تری ژمارەیی (ژمارە ١٧ لە ژمارە ١٩٦٢ دەربکەین ١٩٤٥ دەمێنێتەوە)، چونکە لەسەر رۆژنامەکە نووسراوە ساڵی ١٧-ەمین، ئێ مەعقوڵ نییە "رێگای کوردستان" لە ساڵی ١٩٤٤ تا مانگی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٤٥



تەنیا ٤ ژمارەی لێ دەرچووبێت، ئەم بەڵگەیە دەسەلمێنێت کە "ئازادی" ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە.

### بەڵگەی دووەم

رۆژنامەی"رۆژانو"[٣] یەکێکە لەو رۆژنامانەی کە لە چاپەمەنییەکانی کوردستانی باشووردا بە تایبەتیش لە بواری لێکۆڵینەوەی زانستیدا کەم لای لێ کراوەتەوە، رۆژنامەی رۆژانو زیاتر رۆژنامەیەکی هەفتانە (هەفتەنامە) بووەو لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣-١٩٤٦ لە شاری بەیروت- ی پایتەختی لوبنان بە زمانی کوردی (پیتی لاتینی)و زمانی فەڕەنسی لە لایەن کامەران عالی بەدرخان دەرچووەو سەرجەم ٧٣ ژمارەیەو قەبارەکەی بریتییە لە ٣٠ بە ٤٦ سم، زۆربەی ژمارەکانی بە ٤ لاپەڕە دەرچووە تەنیا چەند ژمارەیەکی نەبێت، رۆژنامەیەکی زۆر دەوڵەمەندە بە تایبەتیش لە بواری هەواڵ و وێنەدا.

رۆژنامەی "رۆژانو" لە لاپەڕە ١ی ژمارە ٦١دا کە رۆژی ٥/١١/١٩٤٥ دەرچووە، بەم شێوەیە لە رۆژنامەی "ئازادی" دواوە،

زەحف-[٤] هەژمارێن کۆڤارا ئازادیێ گەهاندە مە، کۆڤارا کو زمانێ پارتیا کوردیا کۆمنیست یا ئێراقییە. د هەژمارا ئازادیێ ئا دوەمین دە، کۆڤارا کو ٦ هەتا ٨ روپەلە پەیمانا میللەتێ کورد هاتیە چاپ و بلاڤ کرن. ئەڤ پەیمان، پێکانیەکە کە زەحف بلندو قەدەر گرانە و ئەم ب دلخوەشی وێ پەیمانێ تێخن چاوێن خوەندەڤانان، پێش چاڤێ نژادێ کورد.

هەچی پرسێن گران و هێژا کو ئیرۆ نە بتەنێ کورد لێ هەمی میللەتێن جیهانێ بێن ئاشقێ ئازادیێ پێ بەندەوارین دڤێ پەیمانێ د جهێ خوە گرتنە. ژیانا سیاسی و کۆمەلێ، پێشڤەکەتنا پاشرۆژمەندی و ئیقتسادی، بەرڤەهاتنا زانین و هنەرمەندی و ئازاد پەروەریێ. مە ب شابەنیەکا مەزن دیتیە کو خورتێن کورد جیرانیا پرسێن ژورین ب عیش و ئەقلمەندیەکە کو سەح کرنە، تێ گەهیشتنە، پرسێن کو هەلێن ڤان، ئێدی وەختەکا درێژ نکارە ب شوندا بێتە هشتن. ئەڤە پەیمانا کوردا ئا هێژاو گرانە)[٥].

ئێمە لەم وتارەدا نە مەبەستمانە دەقی تەواوی پەیماننامەکە جارێکیتر بڵاوبکەینەوە، نە مەبەستمانە پەیماننامەکە خورد بکەینەوە، چونکە دوای ئەم دوو پەرەگرافەی پێشەوە یەکسەر لە هەمان لاپەڕەدا دەقی پەیماننامەکە کە لە ژێر ناونیشانی (پەیمانا کوردان)دایە بڵاوکراوەتەوە، کە بریتییە لە ١٧ خاڵ، لەم نووسینەدا من تەنیا مەبەستم ئەوەیە کە بیسەلمێنم کە "ئازادی" ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە، نەك ساڵی ١٩٤٤، "رۆژانو" لە ژمارەی مانگی تشرینی یەکەمدا نووسیویەتی: بەم زووانە ژمارە ٢ی "ئازادی" گەیشتە دەستمان، راستە بە هەڵە نووسیویەتی (گۆڤارێکە[٦] زمانی پارتی کوردی کۆمۆنیستی عێراقە) کە راستییەکەی ئەمەیە، (ئازادی رۆژنامەیەکە بووە، زمانی حزبی شیوعی عێراق لقی کورد).



ئەوەی بەلای منەوە گرنگە "رۆژانو"ش دەیسەمێنێت ژەمارە ١ی "ئازادی" ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە، ئەگەر هەر ٧٣ ژمارەکەی "رۆژانو" جارێکیتر هەڵبدەینەوە، دەبینین رۆژنامەکە لە ژمارە دووەوە لە ژێر ناونیشانی (چاپا کوردی) گۆشەیەکی بەردەوامی کردووەتەوەو بەردەوام کۆمەڵێك گۆڤارو رۆژنامەی عەرزکردووە، کە ئەوسا لە پارچەکانی کوردستان چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بۆ نموونە نووسیویەتی، لەو گۆڤارو رۆژنامانەی ئێستا واتە (١٩٤٣) لە پارچەکانی کوردستان و دەرەوەدا دەردەچن (رۆژانو، رێیا تازە، هاوار، روناهی) ئەم نووسینە لە ژمارە ٥ بە زمانی فەرەنسیش بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە ٣٣ی رۆژی ١٤/٢/١٩٤٤دا لە لاپەڕە ١دا لە ژێر ناونیشانی (گۆڤارەکە کوردیا نوە- دەنگی گێتی تازە) هەواڵی دەرچوونی (دەنگی گێتی تازە)ی بڵاوکردووەتەوەو هەروەها لە لاپەڕە ٤ی ژمارە ٥٢ی رۆژی ٣٠/٧/١٩٤٥دا لە لیستی ناوی گۆڤارو رۆژنامەکانی عێراق ناوی (دەنگی گێتی تازە)شی زیادکردووە، بەڵام ناوی (ئازادی) دیار نییە تا وەك لە پێشەوە باسمکرد، لە ژمارە ٦١ی رۆژی ٥/١١/١٩٤٥دا، ئیتر لەم ژمارەیەوە تا "رۆژانو" وەستاوە، چەند جارێك لە ژێر ناونیشانی (چاپا کوردی) لیستی ناوی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی بڵاوکردووەتەوە کە ئەوسا لە پارچەکانی کوردستان و دەرەوەدا چاپو بڵاوکراونەتەوە، لە ژێر ناونیشانی (ل ئیراقێ) ناوی ئەم گۆڤارو رۆژنامانەی ریز کردووە، (ئازادی، ژیان، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە)، هەروەها ئەم لیستە لە ژمارەکانی ٦٤، ٦٦، ٦٩، ٧٠- ٧١ دووبارەو چەند

باره بلاوكراوەتەوە، بە هەرحاڵ ئەگەر مرۆڤ لە درەنگ گەیشتنی ژمارەكانی "ئازادی" بە "رۆژانو" بە گومان بێت، ئەی ئەو پەیماننامە ١٧ خاڵییەكەی لە لایەن حزبی شیوعی عێراقییەوە دەرچووە؟

بە كورتی، منیش بڕوامـوایە كە یەكەمین ژمارەی "ئازادی" ساڵی ١٩٤٥ دەرچووە، بەڵام باشترە كە ژمارە ١ بدۆزرێتەوە.

## پێش پەراوێزەكان چەند پرسیارێك

دەكرێت ئەو دوو بەڵگەیەی منیش، ببنە پشتیوانێك بۆ بیروڕاكەی جەلال دەباغ، بەڵام پێم باشە پێش كۆتایی ئەم نووسینە، ئەم چەند پرسیارە بكەم و هیوادارم گفتوگۆی بەدوادابێت:

١- ئایا باشتر نییە، ژمارە ١ی ئازادی بدۆزرێتەوە، ئینجا رایەكی موتڵەق سەبارەت بە رۆژو مانگ و ساڵی دەرچوونی "ئازادی" بدرێت؟

٢- ئەو ژمارەیەی ئەمڕۆ كە لەسەر هەفتەنامەی "رێگای كوردستان" دانراوە، ئایا ژمارە كۆكراوەكانی "ئازادی" و "رێگای كوردستان"ن؟ ئایا چۆن تەئكید لە هەموو ژمارەكان كراوەتەوە؟

٣- ئەگەر "رێگای كوردستان" درێژەپێدەری "ئازادی" بێت، ئەی بۆ نەڵێین "بیری نوێ ١٩٧٢- ١٩٧٩" ئەلقەی بەیەك گەیشتنی یەكێك لە قۆناغەكانی ئەو رۆژنامەو هەفتەنامەیەیە؟ بەم شێوەیە، "ئازادی ١٩٤٥-١٩٦٠" + "رێگای كوردستان ١٩٦٢-١٩٧٠" + "بیری نوێ ١٩٧٢-١٩٧٩" + "رێگای كوردستان ١٩٨٠- تا ئەمڕۆ"، مەبەستم لە بیری نوێ، تەنیا هەفتەنامەكەیە، نەك گۆڤارەكە كە لە دوای ساڵی ١٩٨٤ لە



شاخ دەرچووەو دوای راپەڕینی ١٩٩١یش ناوە ناوە ژمارەیەكی لێ دەردەچێت.

٤- ئایا لە كام ژمارەی "رێگای كوردستان"دا نووسراوە، كە "رێگای كوردستان" درێژەپێدەری "ئازادی"یە؟

٥- "رێگای كوردستان: یەكەمین ژمارەی بە نێوی- ئازادی-یەوە لە نیسانی ١٩٤٤ (١٩٤٥)دا دەرچووە" ئایا لە رووی زمانەوانییەوە دەستەواژەیەكی راستە؟ مرۆڤ كە بە سەلیقە دەستەواژەی ناوبراو دەخوێنێتەوە وا هەست دەكات، كە تەنیا "یەكەمین" ژمارەی رۆژنامەكە بە ناوی ئازادی دەرچووەو ژمارەكانی تر هەر هەمووی بە ناوی" رێگای كوردستان دەرچووە.

لە كۆتایی ئەم ٥ خاڵەدا لام گونجاوترە تا وەڵامی پرسیارەكانمان دەست دەكەوێت، لە لاپەڕە ١ی هەفتەنامەی "رێگای كوردستان"دا بۆ نموونە بنووسرێت: (حزبی شیوعی عێراق ساڵی ١٩٤٥ یەكەم رۆژنامەی خۆی بە زمانی كوردی بە ناوی "ئازادی") دەركردووە، بەڵام دەكرێت ئەم دەستەواژەیە لە باری رێزمان و زماندا دەستكاریی بكرێت.

## پەراوێزەكان:

(١) لە هەفتەنامەكەدا نووسراوە: (بەڵگەنامەنامانەش) دیارە ئەمە هەڵەی چاپەو راستییەكەی بریتییە لە( بەڵگەنامانەش).

(٢) بۆ سەیركردنی لاپەڕەی یەكەمی ئەم ژمارەیە دەتوانرێت سەیری ئەم سەرچاوەیە بكرێت: نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی

نهێنی کوردی، له بڵاوکراوه‌کانی وه‌زاره‌تی رۆشنبیریی حکومه‌تی هه‌رێمی کوردستان، سلێمانی- ٢٠٠١، له‌په‌ڕه ١٥٠.

(٣) "رۆژانو" سه‌رجه‌م ژماره‌کانی له لایه‌ن ده‌زگای وه‌شانی "ژینانو" کۆکراوه‌ته‌وه‌و ساڵی ١٩٨٦ له سوید چاپکراوه‌و هه‌روه‌ها له کوردستانی باشووریش له لایه‌ن بنکه‌ی "کاوه" چاپکراوه.

(٤) نه‌مزانی مه‌به‌ست له وشه "زه‌حف" چییه! له‌وه ده‌چێت ده‌زگایه‌کی ناردن و گه‌یاندن بێت، ئێ خۆ مه‌به‌ستیشیان حزبی شیوعی عێراقی نییه.

(٥) " رۆژانو" سه‌رجه‌م ژماره‌کان، له بڵاوکراوه‌کانی "ژینانو" سوید- ١٩٨٦.

(٦) زاراوه‌کانی "گۆڤار"، "رۆژنامه" یان "بڵاوکراوه" گفتوگۆی زۆر هه‌ڵده‌گرێت، به تایبه‌تی له رۆژگاری دوێنێی جیهانی رۆژنامه‌گه‌ریدا، واته ئه‌م چاپه‌مه‌نییه یاخود فلان چاپه‌مه‌نییه ده‌چێته کام خانه: "رۆژنامه"، "گۆڤار" یان "بڵاوکراوه"، دیاره ئه‌م کورته وتاره شوێنی ساغکردنه‌وه‌ی ئه‌م زاراوانه نییه!

**سه‌رنج:**

**مانگی ئایاری ساڵی ٢٠٠٢ ئه‌م بابه‌ته‌م بۆ هه‌فته‌نامه‌ی "رێگای کوردستان" نارد به مه‌به‌ستی بڵاوکردنه‌وه، براده‌رێك وتی بڵاوبووه‌ته‌وه، به‌ڵام من نه‌مبینیوه.**



## "راپه‌ڕین" ئۆرگانی کۆمه‌ڵه‌ی مارکسی- لینینی کوردستان



کرێکاران وگه‌لانی زۆرلێکراوی جیهان یه‌کگرن

★راپه‌ڕین

گۆڤاری کۆمه‌ڵه‌ی مارکسی ـ لینینی کوردستانه له لایه‌ن لقی ئه‌ورووپاوه ده‌رئه‌چێت

هیچ پارتی‌یه‌کی سیاسی له تواناید‌ا نیه بزووتنه‌وه‌یه‌کی شۆڕشگێڕانه‌ی گه‌وره به ره‌و سه‌رکه‌وتن به‌رێ مه‌گه‌ر خاوه‌نی تیۆری یه‌کی شۆڕشگێڕانه و زانینی مێژوو و تێگه‌یشتنێکی دروستی پراتیك نه‌بێت....

ماوتسێتۆنگ

ژماره (١) ساڵی یه‌که‌م

تیشکێك له‌سه‌ر خه‌بات و رێبازی کۆمه‌له

# راپه‌ڕین بۆچی؟

## پێشەکی

٦ ساڵە لە وڵاتی سوید بوومەتە دیوەرەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو بە دواداچوونی مێژووی جیهانی ڕۆژنامەگەریی کوردی، لە هەر شوێنو ماڵو دەزگایەکدا کتێبخانەو ئەرشیفخانەو نووسراو و بەڵگەنامەم شك بردبێت سەرم پێدا کردووەو نیگام کردوون، دیارە لەو ڕووەوە کەسانێك هەن بە گوێرەی توانا لە شوێنو جێگای بوونی بەڵگەنامەو نووسراو ئاگادارم دەکەنەوە، ئەم بەرهەمەش، بەرهەمی هاوکاری هاوڕێیانە... ڕۆژێك لە ڕۆژەکان برادەرێك وتی: کۆمەڵێك بەڵگەنامە هەیەو فلان ڕۆژ پێکەوە سەیریان دەکەینو ئەوەی پێویستت بوو بۆ خۆت گلیان بدەوە، بە تایبەتی دوو دانەکان، ئەوانی تریشت بۆ کۆپیێ دەکەم، ئیتر لە نێو ئەو بەڵگەنامانەدا ئەو دوو ژمارەیەی گۆڤاری "ڕاپەڕین"م دۆزییەوە.

## ناساندنی "ڕاپەڕین"

هەر یەکێك لە دوو ژمارەکەی ڕاپەڕین بریتییە لە ٨ لاپەڕەو لەسەر قەبارەی کاغەزی نیو فولسکاب چاپکراونو لە رووکاری سەرەوەی لاپەڕە ١دا ئەم زانیارییانە نووسراون: کرێکارانو گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن، ئەمە لە سەرووی ناوی بڵاوکراوەکە، واتە "ڕاپەڕین" نووسراوەو بە لای دەستە راستی ڕاپەڕین-دا ئەستێرەیەکی گەورە دانراوە، بەڵام بە لای دەستە چەپدا ئەم وتەیەی ماوتسیتۆنگ نووسراوە "هیچ پارتییەکی



سیاسیی لە توانایدا نییە، بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی گەورە بەرەو سەرکەوتن بەرێ، ئەگەر خاوەنی تیۆرییەکی شۆڕشگێڕانەو زانینی مێژوو و تێگەیشتنێکی درووستی پراکتیك نەبێت...".

لە ژێر ناوی بڵاوکراوەکەدا ئەم دەستەواژەیە نووسراوە؛ گۆڤاری کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانە لەلایەن لقی ئەوروپاوە دەرئەچێت، لە ژێری ئەم دەستەواژەیەش هاتووە؛ ژمارە (١) ساڵی یەکەم.

بەڵام لە رووکاری سەرەوەی ژمارە ٢، لە لاپەڕە ١دا بەراورد بە ژمارە ١، ئەم دوو گۆڕانکارییە کراوە، لە جیاتی "گۆڤاری کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانە" کراوەتە "ئۆرگانی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کورستانە" لە جێگای وتەکەی ماوتسیتۆنگ، ئەم وتەیەی کارل مارکس دانراوە "ئەگەر پێویستییەك بە یەکیەتی هەبوو، ئەوا پەیمان ببەستن بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کردەوەییانەی بزووتنەوەکە گەرەکیەتی. بەڵام ژینهار نەکەن سەودا لەسەر سەرەتاکان بکەنو نەکەن دەست لە تیۆری هەڵبگرن".

ئەم گۆڤارە یەکەمین کاری ڕۆژنامەگەریی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستانە لە دەرەوەی کوردستان بە گشتیی و لە ئەوروپادا بە تایبەتی.

## ژمارەی ترو نووسەران

بە گوێرەی زانیارییەکانی من تا ئێستا لە هیچ سەرچاوەیەکدا ناوی ئەم بڵاوکراوەیە نەهاتووەو ئاماژەی پێنەدراوە، ئەمەو لە هەر دوو ژمارەکەدا نەنووسراوە کەی؟ لە چ وڵاتێکی ئەوروپی دەرچووە؟ کێ سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە؟ نووسەری وتارەکان کێن؟ چونکە تەواوی بابەتەکان بەبێ ئیمزا بڵاوکراونەتەوە، بۆ مێژووی دەرچوونی ژمارە ١ بەهۆی ئەم رستەیە ساغ دەبێتەوە، کە ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە "ئەگەرچی تا ئێستا ٨ساڵ بەسەردامەزراندنو دەسپێکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەختو پڕ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵەمان تێپەڕ بووە... ژمارە ١، وتاری: راپەڕین بۆچی؟ "دیارە وەك دەزانرێت کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوەو لە کۆنفرانسی یەکەمینی کۆمەڵەدا کە مانگی ئایاری ساڵی ١٩٨١ بەڕێوەچوو ناوەکەی بۆ "کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان" گۆڕدرا.

هەروەها بۆ مێژووی دەرچوونی ژمارە ٢-ش بە بیروڕای من هەر وەك ژمارە ١ لە ساڵی ١٩٧٨ دەرچووە، بەڵام لە کۆتاییەکانی ساڵ دەرچووە، من تەنیا ئەم دوو ژمارەیەم لە "راپەڕین" بینیووەو زانیاریم سەبارەت بە ژمارەی تر نییە، لە چەند برادەرێکی دانیشتووی سویدم پرسی، کە لە کۆتایی هەفتاکانی سەدەی رابردوو لە وڵاتەکە دەژین سەبارەت بە ژمارەی تری راپەڕین، زۆربەیان وتیان تەنیا ئەم دوو ژمارەیەی لێ دەرچووە، ئەی کێ سەرپەرشتی کردووە؟ هەر ئەو برادەرانە وتیان زۆربەی کارەکان لەلایەن



د.حەمە سابیرو د.نازم رایی کراون، بەمە دەردەکەوێت کە "راپەڕین" لە وڵاتی سوید دەرچووە، چونکە ئەو کاتە ئەو دوو بەڕێزە لە سوید دەژیان.

## ئیندێکسی هەردوو ژمارەکە

ئەمەش سەردێڕی ئەو بابەتانەیە کە بڵاوکراوەکە لە هەردوو ژمارەکەدا بڵاویکردوونەتەوە:

### ژمارە (١) ساڵی یەکەم

- تیشکێك لەسەر خەباتو رێبازی کۆمەڵە... ل١.
- راپەڕین بۆچی؟... ل١.
- دەربارەی ناسینی دۆستو دوژمن... ل٣.
- بۆ ئارام... ل٧.
- دەربارەی کۆنفرانسی سێهەمی ی.ن.ك... ل٧.
- کاروانی شەهیدان، شەهید ئارام... ل٨.

### ژمارە (٢) ساڵی یەکەم

- بژی شۆڕشی گەلانی ئێران... ل١.
- دەربارەی سروشتی چینایەتی سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریی کورد... ل١.
- حەملەی پاكو تەمیزی لە شاری سلێمانی... ل٢.
- ئەبوبەکری شێخ نوری (ئاشتی) لوتکەی بڵندی بیرو باوەڕ... ل٣.
- ئازادی بۆ تێکۆشەرانی کوردستان... ل٣.
- عزیز محمودو هاوڕێکانی... ل٦.

- سەروەری بۆ هاوڕێ دکتۆر بەختیار خالید... ل٧.
- کاروانی شەهیدان، هاوڕێ احمد حمەکریم...ل٨.

## فۆرمی "راپەڕین"

لە باری دیزایندا بڵاوکراوەیەکی سادەیە، بەڵام فەزای دابەشکردنی بابەتەکانی سەرنجڕاکێشەرە، کارەکانی دیزاین کاری دەستییەو بۆ جیاکردنەوەی بابەتەکان کار بە زەخرەفەی حازربەدەست کراوەو چوارچێوەیان لێ ئامادەکراوە، بابەتەکان بە تایپی دەستی تایپکراونو بە وردبوونەوە دیارە کە جۆری تایپەکە لە جۆری ئای. بی. ئێم- ە، بەڵام بۆ دانانی ناونیشانی بابەتەکان سوود لە پیتی ئامادەکراو بینراوەو پیتچنین کراون، لەوە دەچێت هەردوو ژمارەکە پاشان بە ڕۆنیۆ ڕاکێشرابن، یاخود کۆپی کرابن، لە هەردوو ژمارەکەدا تەنیا دوو وێنە داندراوە، لە ژمارە ١، لە دوا لاپەڕەدا وێنەی شەهید ئارامو لە ژمارە ٢، هەر لە دوا لاپەڕەدا وێنەی شەهید ئەحمەد حەمە کەریم.

## ناوەڕۆکی "راپەڕین"

ئاراستەی کاری بڵاوکراوەی ناوبراو بریتیبووە؛ لە ڕێکخستنو وریاکردنەوەی کرێکارانو زۆرلێکراوانی کوردستان، هەر بۆیە دەبینین ئەو ئەدەبیاتە کاری لەسەر کراوەو بۆ ئەو مەبەستەش بڵاوکراوەکە بابەتی بڵاوکردووەتەوە، هونەرکاری ڕۆژنامەنووسی لە "راپەڕین"دا بەشێکی دانەبڕاوە لە کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان، بە تایبەتیش



ڕۆژنامەنووسی حزبی، کە ئەو سەردەمە زیاتر گرنگی بە وتاری درێژی خیتابی دەدرا، ڕاستە "راپەڕین" لە دوو تویێی ئەم دوو ژمارەیەدا هەوڵیداوە، کە خۆی لەمجۆرو شێوازە بە دوور بگرێت، بەڵام دەبین لە ژمارە ٢دا وتاری "دەربارەی سروشتی چینایەتی سەرکردایەتی بزوتنەوەی رزگاریی کورد" نزیکەی چوار لاپەڕەی بڵاوکراوەکەی بۆ تەرخانکراوە، کە بڵاوکراوەکە خۆی ٨ لاپەڕەیە، لە ژمارە ١ بە هەمانشێوە وتاری "تیشکێك لەسەر خەباتو ڕێبازی کۆمەڵە" زیاتر لە چوار لاپەڕەی بۆ تەرخانکراوە، بەڵام سەرەڕای ئەم دوو وتارە درێژە لە هەردوو ژمارەکەدا چەند هەواڵو کورتە نووسینیش بەرچاو دەکەون؛ کە نەفەسی کاری ڕۆژنامەنووسیان تێدایە، زمانی بابەتەکانی "راپەڕین" زمانێکی کوردی پاراوەو لە ١٦ لاپەڕەی هەردوو ژمارەکەدا ١٦ وشەی بێگانە نابینرێن، دانانی نیشانەکانی خاڵبەندی فەرامۆش نەکراون، لە زۆر شوێندا زیرەکانە نیشانەکان دانراون، بەڵام لەبەر ئەوەی بابەتەکان بە تایپی پێشکەوتوو تایپ نەکراون زۆربەی نیشانەکان بە دەست دانراون.

## وردە پرسیار

بە دۆزینەوەی ئەم بڵاوکراوەیە؛ ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە ساڵی ١٩٧٦ هەر دوای دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریی لە کوردستانی باشووردا هەوڵیداوە ئەورووپاو وڵاتانی دەرەوەی کوردستانیش لە بیر نەکات و دەست بە دامەزراندنی ڕێکخستنەکانی خۆی بکاتو کوردی دانیشتووی

دەرەوە رێکبخات، بە دۆزینەوەی "راپەڕین"و ناساندنی وەك ئۆرگان؛ کەواتە کۆمەڵە لە دەرەوە کۆمەڵێك کەسی هەبووە کە پلەی سەرکردایەتی یان هەبووە، یاخود کادیری پێشکەوتوو بوونو وەك سەرکردە هەڵسوکەوتیان کردووە.

## بابەتی هەڵبژاردە

زۆربەی ئەو گۆڤارو رۆژنامانەی تازە دەردەچن، وەك دابێکی رۆژنامەنووسی لە ژمارەی یەکەمدا وتارێك یاخود چەند دێڕێك سەبارەت بە ئامانج و ئاراستەی گۆڤارەکە یان رۆژنامەکە دەنووسن، "راپەڕین"یش لە ژمارە ١دا وتارێکی لە ژێر ناونیشانی "راپەڕین بۆچی؟" نووسیوە، لەبەر گرنگی وتارەکە وا دەقاو دەق دەینووسینەوە، بە تایبەتی بۆ زانیارییە مێژووییەکان لەمەڕ چالاکییەکانی کۆمەڵەو ئەرکە رێکخراوەییو چاپەمەنییەکانی، ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

## راپەڕین بۆچی؟

یەکێك لە ئەلقەکانی ناوەندی رێکخستنی (م.ل) بوونی گۆڤارێکی ناوەندییە بۆ ئەوەی کە یەکێتی بیروباوەڕو کار لە ناو ریزەکانی رێکخستنداو هاوڕێیاندا بە تەواوی بچەسپێنێ و بەرەنگاری گیانی بەرەڵلایی و سەر لێشێوانی فکریو ئایدیۆلۆژی بێتەوە.

جەماوەری زەحمەت کێش لە بیروڕاو بۆچوونەکانی ئاگادارو هوشیار بکاتەوە، باسە تیۆرییەکانو پێداویستەکانی و ئەرکەکانی شی بکاتەوەو



لێکۆڵینەوەی پێویست بکات سەبارەت بەو مەسەلانەی کە بەرەنگاری ئەو رێکخراوە ئەبێتەوە، هەوڵی چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی بدات لەبەر تیشکی بیروباوەڕی مارکسیزم- لینینزمداو تاقیکردنەوەکانی گەلی کوردو گەلانی تری دنیاو پەندو دەرس وەرگرتنیان.

لەگەڵ جەماوەردا راستگۆ بێت و هیچیان لێ نەشارێتەوە، دەست بخاتە سەر کەموکوڕی و هەڵەکان و هەوڵی راستکردنەوەیان بدات.

دیارە بوونی گۆڤارێکی ناوەندی وا بۆ کۆمەڵەمان یەکێکە لە پێویستە گرنگەکان و بایەخێکی تایبەتی خۆی هەیە.

ئەگەرچی تا ئێستا ٨ ساڵ بەسەر دامەزراندنو دەسپێکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەختو پڕ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵەمان تێپەڕ بووە، بەڵام لە سەرەتای دروستبوونیەوە تا دەست پێکردنی خەباتی چەکداری لە دۆخێکی زۆر نهێنیدا بووە لەگەڵ ئەوەشدا گۆڤارێکی ناوەندی هەبووە بە ناوی ئالای سوورەوە، چەند ژمارەیەکی لێ دەرچووە، بەڵام سەبارەت بەو بارە ئاڵۆزەی کە خەباتی کۆمەڵەمانو گەلەکەمانی بەسەردا تێپەڕیوەو دڕندەیی دوژمن و تووش هاتنی نوشستی گلان، گرتن، و لە سێدارەدانی زۆری کادرە پێشکەوتوەکانمانو شەهید بوونی هەندێکی تریان لە خەباتی چەکداریدا بوە بە هۆی ئەوەی کە تا ئێستا وەك پێویست بە باشی ئەنجام نەدراوە، ئەوەی جێی دڵ خۆش کردنە، ئێستا کۆمیتەی سەرکردایەتی لە ناوەوەی وولات هەنگاوی ناوە بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەم و کوڕیە و تا ئێستا سێ نامیلکەی ناوەندی لەسەر، ١- پێویست بوونی رێکخراوی چینی کرێکارو رەنجدەرانی کوردستان، ٢- مەسەلەی ئەندامەتی لە

کۆمەڵەمانداو ڕێکخراوی م.ل. دا، ٣- ڕێکخستنی ی.ن.ك بەهێز بکەین، ڕێکخستنی ك.م.ل.ك بەهێز بکەینو یەکێتی بیروڕاو ویستو ڕێکخستنو کردەوە لە ریزەکانیدا بەدی بهێنین، دەرکردووە بەم زووانە هەرسێکیان لە شێوەی کراسێکدا بڵاوئەکەینەوە...

ڕێکخستنی کۆمەڵەمان لە دەرەوەی وڵات شان بە شانی بڵاوکراوە ناوەندیەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی وڵات و وەك تەواوکەرێکی ئەوان هەوڵ ئەدات کە گۆڤاری ڕاپەڕین دەربکات بۆ چەسپاندنی یەکێتی بیرو کارو لە ناو هاوڕێیانداو پتەوکردنی ڕێکخستن و پێ گەیاندنی کادری م.ل. و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاریان، گۆش کردنیان بە بیروباوەڕی مارکسیزم لینینزم و لانەدان لە ڕێبازی کۆمەڵەو چەسپاندنی پرنسیپەکانی ڕێکخستن. لە لایەکی ترەوە بۆ ناساندنی کۆمەڵەمان بە ڕێکخراوە م.ل. ەکانی دنیاو هێزە پێشکەوتنخوازەکان.

شی کردنەوەی بۆچوونەکانمان بۆیانو شارەزابوون یان لە خەباتی گەلی کوردو شۆڕشەکەی ئەمجارەی و دەوری کۆمەڵەمان تێیدا. لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەموو بیروڕایەك لەسەر مەسەلەی کورد و بزووتنەوەی م.ل.ی لە کوردستانو عراقو ناوچەکەدا بە مەرجێك لە خزمەتی خەباتی کرێکارانو چەوساوەکانی کوردو جیهاندا بێت و لە خزمەتی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕیدابێ چ لە کوردستان بێ یا عراق یا ناوچەکە لە (گۆشەی بیری ئازاد)دا لە هەمان کاتیشدا ئامادەین بە گیانێکی هاوڕێیانەو پرۆلیتاریانەوە گوێ بۆ ڕەخنەو پێشنیاز و ئامۆژگاری بۆ هاوپەیمانو



هاوخەباتە دۆستەکانمان بگرینو مناقەشەو لێکۆڵینەوەی بە سوود بکەین لەگەڵیاندا.


بۆیە داوا لە هەموو مارکسیە لینینەکانی کورد و عێراقیو ئەوانەی کە لەسەر بزوتنەوەی پرۆلیتاری لە کوردستان و عراقو ناوچەکە شارەزاییان هەیە نووسراومان بۆ بنووسن و لە تێبینی خۆیان ئاگادارمان بکەن.

**سەرنج:**

ئەم بابەتە ڕۆژی ١١/١/٢٠٠٨ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ-دا بڵاوکراوەتەوە.

**گۆڤاری**

**"چوارچرا"ی سوید**






## پێشەکی

سەرەتا کە ژمارەکانی چوارچرام دەستکەوت بە مەبەستی خوێندنەوەی بابەتە مێژووییەکانی، لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە، بەڵام پاشان بۆم دەرکەوت کە سنووری بڵاوکردنەوەو گەیاندنی بەرتەسک بووە، بە تایبەتی لە کوردستاندا لە چەند کەسێك بترازێت؛ ئەگەرنا کەس ژمارەکانی نەبینیوە. ئەم هۆکارەو ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بوونە دوو هۆکار، بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم بابەتە تایبەتە سەبارەت بە گۆڤاری ناوبراو.

لەم بابەتەدا ناسینەوەو خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکان وەك ئامانجێك کاریان لەسەر کراوە، کە لە ژێر چەند ناونیشانێکی وەك ناسینی گۆڤارەکە، ئامانج لە دەرکردنیدا، ناونیشانی بابەتەکان، فۆڕمەکەی، ناوەڕۆکی، مەبەستەکە گەیەنراوەو بابەتێکیش لە گۆڤارەکە هەڵبژێردراوەو نووسراوەتەوە.

دەکرێت خوێندنەوەی تریش بۆ ئەم گۆڤارە بکرێت، بەڵام من لەم بابەتەدا زیاتر مەبەستم تۆمارکردنی ژمارەکانی گۆڤارەکەیە لە دووتوێی لاپەڕەکانی مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا، بەتایبەتیش ئەمساڵ بیست ساڵ بەسەر دەرچوونیدا تێدەپەڕێت.

## ناسینی گۆڤارەکە

چوارچرا، گۆڤارێکی کەلتووری گشتیی بووە، لە ماوەی سێ ساڵدا شەش ژمارەی لێدەرچووە. ژمارەکانی (٣، ٢، ١) سێ ژمارەی سەربەخۆن و لە سێ بەرگی جیادا، بەڵام ساڵی ١٩٨٩ بەرگێکی تری (١٥٢) لاپەڕەیی،

له گۆڤارەکە دەرچووەو دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە ناویان لەم بەرگە ناوە (سێ) ژمارەی بەسەریەکەوە.

خاوەنی چوارچرا (پرۆژەی کوردی)بووە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی وڵاتی سویدو هەر لە سویدیش کارە هونەرییەکانی لە بواری تایپ و دیزاین و چاپخانەدا رایی کراون، نرخی گۆڤارەکە (١٥) کرۆنی سویدی بووە، بەرامبەر بە (٦) مارك، بەرپرسیارو دەستەی نووسەران و کارە هونەرییەکانی بەمجۆرە بووە:

* ژمارە (١)

بەرپرسیار: فەردا تۆران

دەستەی نووسەران: جەمشید حەیدەری، کەمال عەلی، رۆژەن بارناس.

دەرهێنانی هونەریی: ڤەژین.

چاپ: بنکەی چاپەمەنی ئازاد: ستۆکهۆڵم.

* ژمارە(٢)

بەرپرسیارو دەرهێنانی هونەریی و چاپخانە هەمان شتن، تەنیا لە دەستەی نووسەراندا ناوی رۆژەن بارناس نەماوەو ناوی مالمیسانژ دانراوە.

* ژمارە(٣)

بەرپرسیارو دەستەی نووسەرانو دەرهێنانی هونەریی گۆڕانیان تێدا نەکراوە، تەنیا شوێنی چاپکردنەکەی گۆڕدراوەو بووەتە (ئینتەرئۆفسێت).



* سێ ژمارەکەی تر پێکەوەن، ژمارەکانی (٤، ٥، ٦)

بەرپرسیار: فەردا تۆران

دەستەی نووسەران: مالمیسانژ، کەمال عەلی، مەحموود لەوەندی، کەریم عەبدوڵڵا.

دەرهێنانی هونەریی: مەحموود لەوەندی.

سەرنج: ناوی چاپخانە نەنووسراوە.

### ئامانج

لە پێناوی باشتر ناسین و ئامانج لە دەرکردنی گۆڤاری ناوبراوداو پرۆژەی کوردی چییەو بۆ چ مەبەستێك ئەم گۆڤارەی دەرکردووە، (وتەی ژمارە)ی ژمارە (١)ی چوارچرا دەقاودەق دەگوازینەوە:

(هەشتاو هەشت ساڵ لەمەوبەر لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨دا، یەکەم ژمارەی رۆژنامەی کوردستان بە زمانی شیرینی کوردی دەرچوو، کە ئەمەش لە خۆی دا هەنگاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەورە بوو لە بواری رۆژنامەنووسی و رۆشنبیری کوردی دا.

هەشتاو هەشت ساڵ ماوەیەکی کەمە بۆ مێژوو، بەڵام لە ژیانی کوردستان و خەباتی نەتەوەی کورددا دیاردەیەکی گرینگ و گران بەهایە، چونکە نیشانەی گۆڕانێکی نوێ و پلەیەکی پێشکەوتووخوازترە لە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خەباتی کورد کە بۆ یەکەم جار چەکێکی گرینگ و کاریگەر دێتە مەیدانی تێکۆشان لە کوردستان دا،

**که ئەویش رۆژنامەگەریەو رۆڵێکی باڵا دەبینیّ لە ریسواکردنی دوژمنانی کورد و داگیرکەرانی کوردستان دا.**

**لە هەمان کات دا ئەم رۆژنامەگەریە دەورێکی دیاری هەبووە و هەیە لە پێشخستن و پیّ ناسینی کورد بە میراتی ئەدەبی و شیعر و کەلەپووری نەتەوایەتی و راگەیاندنی دەنگی کورد و تۆمارکردنی هەڵوێستی بەرامبەر رووداوەکانی جیهان و ناوچەکە.**

**لەو ماوە کورتەدا گەلێك هەنگاوی پیرۆز لە بواری رۆشنبیری و فەرهەنگی بە گشتی و پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی دا بە تایبەتی نراوە. لە ماوەی ئەو هەشتاو هەشت ساڵدا پتر لە سەدان گۆڤار و رۆژنامەی کوردی چاپ کراوەو بڵاوکراوەتەوە کە نۆبەرەکەیان "کوردستان" ەکەی میقداد مدحەت بەدرخان بووە.**

**بەڵی رژێمە کۆلۆنیاڵیستەکان نەك هەر دان بە مافەکانی کورددا نانێن، بەڵکو رێگا لە پێشکەوتنی کولتوور و ئەدەب و زمانەکەی دەگرن و مێژووەکەشی دەشێوێنن، جا بەوەشەوە ناوەستن بەڵکو لە نیشتمانی باو باپیرانیشی بە بیانی دەزانن و راگوێز و ئاوارەو سەرگەردانی وڵاتانی دیکەی دەکەن.**

**ئیمرۆکە نیو ملیۆن کورد لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکای سەرو و کەنەداو ئوستڕالیان و ژیانێکی دژوار و دوور لە کەسوکار و نیشتمانیان بەسەر دەبەن، لە نێوانیان بە سەدان مامۆستاو دکتۆر و پارێزەر و نووسەر و توێژەر... هتد هەن کە لە ئەنجامی سیاسەتی شۆڤێنی و رەگەزپەرستانەی ئەو رژێمە کۆلۆنیالیستانە دەرفەتیان نەبووە لە وڵات دا**



**خزمەتی نەتەوەکەیان بکەن، هەر بۆیەشە شتێکی زۆر ئاسایە کە ئیمرۆ بزووتنەوەیەکی رۆشنبیری فراوان لە دەرەوەی نیشتمان بەدی دەکرێت کە ژمارەیەکی زۆر لە گۆڤار و بڵاوکراوە چاپ دەکرێن و چەندانیش رێکخراو و مەڵبەندی کولتووری دامەزراون.**

**پرۆژەی کوردیش لە ستۆکهۆلم کە بریتییە لە دەزگەیەکی رەسمی گرێدراوە بە دایرەی کۆمەڵایەتی "سۆسیال: ١٦-١٨"ی سەر بە شارەوانی ستۆکهۆڵم، تایبەتە بە جیّ بەجیّ کردنی کاروباری کورد و ئاوارەکانی: تێنیستەو رینکەیی و یولیستاو گەیاندنی هەموو گیروگرفتیان بە دەزگاکانی دەوڵەت و پێشنیار کردن بۆ جیّ بەجیّ کردنیان، هەروەها راگەیاندنی کاروباری دەوڵەتی سوێد و پارتە سیاسیەکانی کورد، ئەو کارەش بۆ ماوەی چوار ساڵ بە پرۆژە سپێردراوە، کە بۆ ماوەی ساڵو نیوێك دەبیّ دەستی بەکار کردووەو تاکو ئێستاش گەلێك هەنگاوی سوودمەندی ناوە.**

**لەبەر رۆشنایی ئەوەی سەرەوەدا دەمانەویّ بۆ خوێنەرانی کوردی ئازیز روون بکەینەوە کە ئەم گۆڤارە هیچ جۆرە پەیوەندێکی بە پارتە سیاسیەکانی کوردەوە نییەو نابێت و خۆشی بە هیچ لایەکیانەوە گریّ نادات، بەڵکو پرۆژەی کوردی بە شانازیەوە هاوبەشی بزووتنەوەی رۆشنبیری کوردی دەکات و چالاکی خۆی بە دەرکردنی گۆڤارێکی کولتووری گشتی سەربەخۆی ناو بە ناو نیشان دەدات، ئامانجی تەنیا "خزمەت کردنی بزووتنەوەی رۆشنبیری کورد و پێشکەوتنیەتی".**

## بۆچی ئەم گۆڤارەمان نێونا چوارچرا؟

گومان لەوەدا نیە کە هەموو کوردێکی رۆشنبیر نێوی چوارچرا بەرگوێ کەوتوە، یاخود لە کتێب و چاپەمەنی دا بەرچاو کەوتوە. گۆڕەپانی چوارچرا کە دەکەوێتە شاری مەهابادەوە، جێگایەکی تایبەتی لە مێژووی کورددا هەیە. بۆ یەکەم جار لە رۆژهەلاتی کوردستان دا لە ٢ی رێ بەندانی ١٩٤٦دا ئالای ئازادی و سەربەخۆی کوردستان لە چوارچرا هەڵ کرا.

ئێمە گەلێك خۆشحاڵین کە دەرچوونی یەکەم ژمارەی ئەم گۆڤارە دەکەوێتە یادی (٤٠) ساڵەی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتی کوردستان. بەم بۆنەیەشەوە دەستەی نووسەران پیرۆزبایی گەرمی پێشکەش بە هەموو جەماوەی کورد دەکات و لە هەمان کاتدا هاوبەشی ماتەمینی نەتەوەی کورد دەکات لە رووخانی کۆماری کوردستان دا.

بەڵێ چوارچرا نێوی شوێنێکی پیرۆزە لە مێژووی نەتەوەکەمان دا و هەر لێرەشدا سەرۆکی کۆماری دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکرات پێشەوا قازی محەمەد لە لایەن دەستەو دایرەی رژێمی شاهەنشاو نۆکەرانی ئیمپریالیزمەوە لە سێدارە دراو گیانی پاکی بە نیشتمان و نەتەوەی کورد سپارد. جەماوەری کورد هەرگیزاو هەرگیز ئەو رۆژەی بیر ناچێ جا چ لە ژێر سیاسەتی زوولم و زۆری و قەتڵ و عامی رژێمە کۆلۆنیالیستەکان دا چ لە دەرەوەی نیشتمانیش بە بلاوکراوەو نووسین و گرتنی چەندان کۆڕ یادی پیرۆزی دەکرێتەوە.

خوێنەرانی ئازیز



پرۆژە بە پێویستی دەزانێ دەست بۆ ئەم خاڵەش رابکێشێ کە هەرچی نووسین و ووتارێك لە چوارچرا بلاوبکرێتەوە، نووسەر خۆی بەرپرسیارە، ئەو وتارانەی بلاونەکرێتەوە بۆ خاوەنەکانی ناگەڕێتەوە.

چوارچرا گۆڤاری ئێوەیەو چاوەڕوانی تێبینی و لە هەمان کات دا بەرهەمەکانتان دەکات، بە ئومێدی هاوکاری و یارمەتی هەموو کوردێکی دڵسۆز ژمارەکانی ئایندەی چوارچرا بە ئەنجام دێنین.

ئومێدی سەرفرازی هەموو و خوێنەران و سەرکەوتنی کورد دەخوازین).

"دەستەی نووسەران"

ئەم وتارە وەلامە بۆ چەندان پرسیار، بە تایبەتیش چ لایەنێك گۆڤارەکەی دەرکردووەو ئامانج لە دەرکردنی گۆڤارەکە چی بووە، بۆ زانیاری زیاتر ئەم گۆڤارە بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی سەروو و خواروو دەرچووە.

## ناونیشانی بابەتەکان

* ژمارە(١) ساڵ (١) رێ بەندانی ١٩٨٦، (٥٠) لاپەڕەیە
- گوتارا ڤێ ژمارەیێ. لاپەڕە (١-٢) رەداکسیۆنا چارچرا.
- ئەدەبیات و رەوشا مەیا ئیرۆین. لاپەرە(٣-٥) رۆژەن بارناس.
- هونەرمەندەك کورد م.عەلی. لاپەڕە (٦).

- گەرگەڕینۆك ئان سواری ب تەنیٚ- بەشی یەکەم. لاپەڕە (١٠-١٨)چیرۆکی باڤیٚ نازیٚ.

- بۆ بیرانینا فەریق پۆلاتبیٚکۆڤ. لاپەرە (١٩) شیعری: تۆسنیٚ رەشید.

- نرخپیٚدانەك ل سەر کار و خەباتیٚن، جەلادەت بەدرخان، محەمەد عەلی عەونی و عەلی سەیدۆ گۆرانی. لاپەڕە (٢٠-٢٥) د.کەمال مەزهەر ئەحمەد، وەرگیٚڕ، م. دەرسیمی.

- کوردم ئەمن. لاپەڕە (بیٚ ژمارە) شیعری: هیٚمن.

- چاوخشانیٚك بە کوردستانی روسیا لە سەدەی نۆزدەدا. لاپەڕە (٢٦-٢٩) کەمال عەلی.

- د.شەمسەدین فارس کارو ژیانی وی. لاپەڕە (٣٠).

- گۆرانی و ئاوازی میللی کوردی لە ئەرمەنستانی سۆڤیەتی و مۆسیقاناسی کورد دکتۆر نوری جەواری. لاپەڕە (٣١-٣٤) بروسك.

- ئەحمەد موختار جاف و چیرۆکی مەسەلەی ویژدان- لاپەڕە (٣٥-٣٨) جەمشید حەیدەری.

- بیری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتیٚکی ناسیونال لە شۆڕشی میر بەدرخانی بۆتان دا. لاپەڕە (٣٩-٤٦) کەمال عەلی.

- باخچەی شاعیران، حاجی قادری کۆیی ١٨١٧-١٨٩٧... لاپەڕە (٤٧-٤٨).

- وتەی ژمارە... لاپەڕە (٤٩-٥٠) دەستەی نووسەران.



* ژمارە (٢) ساڵ (١) خاکەلیٚوەی ١٩٨٦، (٥٢) لاپەڕەیە

- رۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکوور و ل تورکییٚ...
لاپەڕە (١-١٢)، مالمیسانژ و مەحموود لەوەندی

- گەر گەرینۆك ئان سواریٚ ب تەنیٚ، بەشی دووەم- لاپەڕە (١٣-١٨) باڤیٚ نازیٚ، چیرۆك.

- کوردیزادە ئەحمەد رامزیٚ لچی... لاپەڕە (١٩-٢٢) مالمیسانژ.

- ژ وەشانیٚن هیٚڤییٚ، هینکەریٚ زمانیٚ کوردی. لاپەڕە (٢٣-٢٥) مالمیسانژ.

- کۆسرەت جەمال (هونەرمەند)... لاپەڕە (٢٦-٢٧).

- کورد لەسەرچاوەکانی ئیتالیادا... لاپەڕە (٢٩-٣٢).

- کۆچی دوایی هیٚمن ١٩٢١-١٩٨٦... لاپەڕە (٣٣).

- ئەو پیاوەی بوو بە بۆق لاپەڕە (٣٤-٣٧) نون کاف، چیرۆك.

- ئەحمەد موختار جاف و چیرۆکی مەسەلەی ویژدان، بەشی دووەم، لاپەڕە (٣٨-٤٢) جەمشید حەیدەری.

- باخچەی شاعیران، فایەق بیٚکەس ١٩٠٥-١٩٤٨. لاپەڕە (٤٣-٤٤).

- کورتەیەك لە خەباتی عەبدول رەزاق بەدرخان... لاپەڕە (٤٥-٥١)، کەمال عەلی.

- رۆژنامەی کوردستان لە چەند دیٚرێکدا.. لاپەڕە (٥٢) دەستەی نووسەران.

*** ژماره (٣) سالٚ (١) گەلاوێژی ١٩٨٦، (٥٢) لاپەڕەیە**

**- خەریتا مەحموودێ قاشگاری و وەڵاتێ کوردان. لاپەڕە (١-٢) مالمیسانژ.**

**- چەند سترانێن شێخ بزینیان... لاپەڕە (٣-٤) مەحموود لەوەندی.**

**- گەرگەرینۆك ئان سوارێ بە تەنێ. بەشی سێیەم. لاپەڕە (٥-٨)چیرۆکی: باڤی نازێ.**

**- عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقڕان (سالم ١٨٠٥-١٨٦٩). لاپەڕە (٩-١٠) کارۆخ.**

**- ڕۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکور و ل ترکیێ- بەشی دووەم... لاپەڕە (١١-٢٤)، مالمیسانژ و مەحمود لەوەندی.**

**- دوو هونەرمەندێن کورد ژ گورجستانێ. لاپەڕە (٢٥-٢٧).**

**- کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا- بەشی یەکەم... لاپەڕە (٢٨-٣١).**

**- هەنگاوێکی پراکتیکیانە بەرەو زمانی یەکگرتوو. لاپەڕە (٣٢) حەمە.**

**- باری ژیان و کولتووری کوردی گورجستانی سۆڤیەت. لاپەڕە (٣٣-٣٧) بروسك.**

**- باخچەی شاعیران: شێخ نوری شێخ ساڵح ١٨٩٨-١٩٥٨... لاپەڕە (٣٨-٣٩).**

**- محەمەد عەلی کوردی و چیرۆکی دوای سەرخۆشی پشتییە... لاپەڕە (٤٠-٤١) جەمشید حەیدەری.**



**- دایك. لاپەڕە (٤٢-٤٣) چیرۆکی: ئیحسان مستەفا.**

**- پێوەندی نێوان کوردو روسیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم دا- بەشی یەکەم. لاپەڕە (٤٤-٥٤) کەمال عەلی.**

*** سێ ژمارەی تر، نەورۆزی ١٩٨٩، (١٥٢) لاپەڕەیە**

**سێ ژمارە لە بەرگێکدایەو ئەم بابەتانەی تیادا بڵاوکراوەتەوە:**

**- لە بابەت نڤیسکار، زمان و ئەلف بایێ، پەرتوکێت دینێ ئێزدیان... لاپەڕە (٣-٢٦) پرۆفیسۆر قەناتێ کوردۆ.**

**- چەند شاعیرێن کلاسیك... لاپەڕە (٢٧-٣٩) ز.زنار.**

**- ڕۆژنامەگەریا کوردی ل کوردستانا باکورو ل ترکیێ، بەشی سێیەم... لاپەڕە (٤٠-٥٨) مالمیسانژ و مەحمود لەوەندی.**

**- ئەلیك و فاتیك، چیرۆکێکی فۆلکلۆری بە زاری دەملی. لاپەڕە (٥٩-٦٤).**

**- بەیاننامەی شێخ سەعیدی پیران... لاپەڕە (٦٥-٦٨).**

**- گەرگەڕینۆك نان سوارێ ب تەنێ، بەشی چوارەم. لاپەڕە (٦٩-٧٣) باڤێ نازێ.**

**- هونەرمەندەکی کورد: لالە عەبدو ئەمین... لاپەڕە (٧٤-٧٧).**

**- کورتە مێژوویەکی کوردناسی لە ئەڵمانیادا، بەشی دووەم... لاپەڕە (٧٨-٨٧).**

**- بەیتی سمۆ. لاپەڕە (٨٨-٩٣) چیرۆك: ر.بێگەرد.**

- ٥٠ ساڵ بەسەر رۆمانی نازدار یان چینی لادێ. لاپـەڕە (٩٤-١٠٠) جەمشید حەیدەری.
- گۆرانی ساوار کوتانەوە... لاپەڕە (١٠١-١٠٥) فەخرەدین گەردی.
- پێوەندی نێوان کوردو رووسیا لەسەرتای سەدەی بیستەم دا. لاپـەڕە (١٠٦-١١٤) کەمال عەلی.
- باخچەی شاعیران. بەختیار زێوەر ١٩٠٨-١٩٥٢... لاپـەڕە (١١٥-١١٧).
- زمانی یەکگرتووی کوردی... لاپەڕە (١١٨-١٢٧) د.جەمال نەبەز.
- لەچوارچرای مەهاباد... لاپەڕە (١٢٨-١٥٠) کەمال عەلی.

## فۆرمی چوارچرا

بۆ باشتر خوێندنەوەو بەیانکردنی لایەنی هونەریی فـۆرمی گۆڤارەکـە، لە بوارەکانی تایپ، دیزاین، وێنە، بەرگ دەدوێین.

### ١- تایپ

لەبەر ئەوەی چوارچرا بە هەردوو دیالێکتی کرمانجی خـواروو و سـەروو چاپکراوە؛ لە تایپکردنی بابەتەکانیشیدا هەردوو فۆنتی لاتـینی و فـۆنتی بەکارهاتوو لە کوردستانی خـواردوودا بـەکارهێنراوە، بابەتـەکانی بەشـی کرمانجی خواروو زیاتر بە تایپی (ئای بی ئـێم) تـایپکراون و ناونیـشان و ناوی نووسەرو وەرگێڕەکانیش بە دەسـتخەت نووسـراون، سـەروبۆرو ژێـری



پیتەکانیش بە دەست دانـراون و کێـشراون، بابەتـەکانی بەشـی کرمـانجی سەرووش هەمانشێوە بەتایپی (ئای بی ئێم) تـایپکراون، هەنـدێکجاریش تایپی پێشکەوتووتر بەکارهێنراوە، چونکە وەك دەردەکەوێت تا بۆ نووسـین و دانانی ناونیشانی بابەتەکان سوود لەو جۆرە تایپ و تایپی پێشکەوتووتر بینراوە.

### ٢- دیزاین

نەخشەی هونەرکارییەکی سادەو ساکار بـۆ لاپـەڕەکان دانـراوەو کـاری لەسەر کراوە، هەموو بابەتەکان لەسەر یەك سـتوون راکێـشراون و فـەزای ماکێتی لاپەڕەکانی پێ پڕکراوەتەوە، تەنیا لە بەشی کرمانجی سەروودا لـە چـەند بابەتێکـدا پێـڕەوی دوو سـتوونی کـراوە، لـە ژمـارە دوو و سـێدا لاپەڕەکان چوارچێوەیان بۆ کێشراوە، ژمارەکانی تر بێ چوارچێوەو ساکارن، ئەوەی زیاتر جوانکاریی بە بـەرگ و لاپـەڕەکان داوە سـوود لـە دایـزاین و بڵاوکردنەوەی وێنە بینراوە، قەبارەی گۆڤارەکە بەم شێوەیەیە.

※ ژمارە(١) ٢٤×١٧,٨سم

※ ژمارە (٣,٢)٢٣,٥×١٧,١سم

※ ژمارە (٤، ٥، ٦) (لە یەك بەرگدایە) ٢١×١٥سم.

### ٣- وێنە

چوارچرا یەکێکە لەو گۆڤارە کوردییانەی بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە داوە، لە ژمارەکانیدا ئەم وێنانەی بڵاوکردووەتەوە:

* ژماره (١)

- هێڵکارییەکی هونەرمەند (م.عەلی)، واتە (مەدحەت کاکەیی)... لاپەڕە(٦).

- تابلۆیەکی هونەرمەند محەمەد عارف... لاپەڕە (١١).

- جەلادەت بەدرخان... لاپەڕە (٢٠) وێنەی کەسی (شەخسی).

- محەمەد عەلی عەونی. لاپەڕە(٢٢) وێنەی کەسی.

- عەلی سەیدۆ گۆرانی... لاپەڕە (٢٢) وێنەی کەسی.

- هێڵکارییەکی تری هونەرمەند (م.عەلی)... لاپەڕە (٢٥).

- هێڵکارییەکی تری هونەرمەند (م.عەلی)... لاپەڕە (٢٦).

- هێمن-ی شاعیر... لاپەڕە (٢٧) وێنەی کەسی.

- د.شەمسەدین فارس... لاپەڕە (٣٠) وێنەی کەسی.

- د.نوری جەوادی... لاپەڕە (٣٤) وێنەی کەسی.

- حاجی قادری کۆیی... لاپەڕە (٤٨) وێنەی کەسی (بە خەیاڵ).

* ژماره (٢)

- وێنەی لاپەڕە ١ی ڕۆژنامەی (کورد تەعاون و تەرەقی غەزەتەسی). لاپەڕە(٤).

- وێنەی لاپەڕە ١ی ڕۆژنامەکانی (شەرق و کوردستان)و (پەیمان)... لاپەڕە (٧).

- وێنەی بەرگی ژمارە(١)ی گۆڤاری (ڕۆژی کورد). لاپەڕە (١٠).



- پەیکەرێك لە پەیکەرەکانی هونەرمەند (کۆسرەت جەمال) لاپەڕە (١٢).

- بەرگی کتێبی (هینکر زیمان کوردی)... لاپەڕە(٢٤).

- وێنەی هونەرمەند (کۆسرەت جەمال)... لاپەڕە(٢٦).

- پێنج وێنە لە قۆناغەکانی دروستکردن و رووخانی پەیکەری کاوە لە شاری سلێمانی پێشاندەدات کە هونەرمەند (کۆسرەت جەمال) دروستی کرد و رژێمی سەدام حوسێن رووخاندی... لاپەڕەکانی (٢٦-٢٧).

- فایەق بێکەس... لاپەڕە (٤٤) وێنەی کەسی.

* ژماره(٣)

- وێنەی نەخشەکەی مەحمودی قاشگاری... لاپەڕە(٢).

- سالم-ی شاعیر... لاپەڕە (٩) وێنەی کەسی (خەیاڵی).

- وێنەی لاپەڕەیەکی گۆڤاری (ژین)... لاپەڕە (١٤).

- وێنەی لاپەڕە یەکی گۆڤاری (کوردستان)... لاپەڕە (١٧).

- وێنەی لاپەڕە یەکی ڕۆژنامەی (دیجلە کایناگی) لاپەڕە (٢١).

- وێنەی لاپەڕە یەکی هەفتەنامەی (شارکن سەسی)... لاپەڕە (٢٢).

- تابلۆیەکی هونەرمەند (ب.جەعفەرۆڤا)... لاپەڕە (٢٦).

- تابلۆیەکی هونەرمەند (ئا.میرزۆییێڤ)... لاپەڕە (٢٧).

- هونەرمەند (ئانتۆن میرزۆییێف)... لاپەڕە (٣٣) وێنەی کەسی.

- هونەرمەند (بەسێ جەعفەرۆڤا)... لاپەڕە (٣٤) وێنەی کەسی.

- گەلەرییەکی پڕ لە تابلۆ... لاپەڕە (٣٤).

- دوو وێنە لە شانۆگەرییەکدا... لاپەڕە (٣٥).
- شێخ نوری شێخ ساڵح-ی شاعیر... لاپەڕە (٣٩) وێنەی کەسی.

* ژمارەکانی (٤، ٥، ٦) لە یەك بەرگدا

- وێنەی کۆپیکراوی چەند ئەلفابێ یەکی جیاواز... لاپەڕە (١٠).
- کۆپی لاپەڕەیێك لە کتێبی جلوە. لاپەڕە (١٣).
- دوو وێنە لە پەرستگای لالەش، وێنەی یەکەم بەدەست کێشراوەو ئەوی تریش فۆتۆگرافییە... لاپەڕە (١٧).
- وێنەی پیاو و ژنێکی (وابزانم) ئێزیدییە لە شاری سنجار ساڵی (١٨٢٠)... لاپەڕە (٢٣).
- وێنەی لاپەڕە یەکی گۆڤاری (دیجلە- فرات)... لاپەڕە (٥١).
- وێنەی لاپەڕە (بەرگ)ی یەکی گۆڤاری (دەنگ)... لاپەڕە (٥٦).
- شێخ سەعیدی پیران (١٩٢٥)... لاپەڕە (٦٦) وێنەی کەسی.
- هونەرمەند(لالە عەبدە ئەمین)... لاپەڕە (٧٤) وێنەی کەسی.
- تابلۆیەکی هونەرمەند (لالە عەبدە ئەمین)... لاپەڕە (٧٥).
- دوو تابلۆی تری هونەرمەند (لالە عەبدە ئەمین)... لاپەڕەکانی (٧٦-٧٧).
- بەختیار زێوەر... لاپەڕە (١١٦) وێنەی کەسی.

بۆ ئەوساو بۆ گۆڤارێکی لەو شێوەیە جێگای سەرنج و پێزانینە کە لە تەنیا شەش ژمارەدا توانراوە زیاتر لە پەنجا وێنەو هێڵکاریی بڵاو بکاتەوە، وێنەکانی روون و ئاشکران بە ئاسانی دەناسرێنەوە، بەڵام باشتر دەبوو



ئەگەر بۆ وێنە شەخسییەکان ناوی کەسەکە لە ژێری بنووسرێت، ئەو وێنەو تابلۆ و هێڵکارییانە بە قەبارەی جیاواز دابەزیون و لەو لاپەڕانەی کە وێنەی تێدا دانراوە هارمۆنیەتی بە ئیستاتیکای لاپەڕەکان داوە.

### ٤- بەرگ

لە پێناوی بەرگێکی سەرنجڕاکێشەرو وەك بەشێك لە گرنگیدان بە بوارەکانی کەلتوور لە هەر ژمارەیەکدا کۆمەڵێك تابلۆو هێڵکاریی بۆ هونەرمەندانی کورد بڵاوکردووەتەوە، بەڵام هەر ژمارەیەك تەرخانکراوە بە کارەکانی هونەرمەندێك یاخود دوو هونەرمەند، نەك زیاتر، ئەو تایبەتمەندییە بەرگیشی گرتووەتەوە.

لە بەرگەکانی چوارچرادا تەنیا ڕەنگی ڕەش بەکارهاتووە؛ لە بەشی ڕووبەری سەرەوەیدا ناوی گۆڤارەکە بە دەستخەتێکی تا ئاستێك جوان نووسراوە لە ژێرەوەی ناوی گۆڤارەکەشدا ئەم دەستەواژەیە نووسراوە (گۆڤارێکی کولتووری گشتییە) لە ژێر ئەمەشدا ژمارەو ساڵ و مانگی دەرچوونی گۆڤارەکە نووسراوە، زیاتر دوو لەسەر سێی بەرگ بۆ دانانی هێڵکاریی و کاری هونەریی تەرخانکراوە دەتوانین بڵێین ئەمە دیزاینی لای پێشەوەی یەکەمین و دووەمین بەرگی هەر شەش ژمارەکەیە، کە بەفۆنتی باوی کوردستانی خواروو نووسراوەو دووەمین بەرگیشی بە فۆنتی لاتینی نووسراوە، بەڵام لە یەکەمین و دووەمین بەرگدا بەلای پشتەوەدا ناوی بەرپرسیارو دەستەی نووسەران و نرخی گۆڤارەکەو ناوەڕۆکی بابەتەکان و لە چەند ژمارەیەکدا وتەیەکی کورتیش نووسراوە، بەرگی گۆڤارەکە لەسەر

کارتۆنی شەست گرامی چاپکراوەو لە ژمارەکاندا تەنیا ڕەنگی کارتۆنەکان گۆڕدراوە، بەرگەکان:

* ژمارە(١)

- لە پێشەوەو پشتەوەی بەرگی یەکەمین و دووەمیندا تابلۆی هونەرمەند مەدحەت کاکەیی دانراوە.
- بەرگی یەکەمین بەلای پشتەوەدا وێنەی پێشەوا قازی محەمەدو شیعرێکی هێمن-ی شاعیر بلاوکراوەتەوە.
- بەرگی دووەمین بەلای پشتەوەدا وێنەی بەرگی گۆڤارەکە بە بچووککراویی لەگەڵ ناوی دەستەی نووسەران و بەرپرس و نرخی گۆڤارەکە بە فۆنتی لاتینی دانراوەو نووسراوە.

* ژمارە(٢)

- لە بەرگی یەکەمین بەلای پێشەوەدا کۆلاجێکی چەند گۆڤارو ڕۆژنامەییێکی کۆنی کوردی دانراوە، ئەو کۆلاجە لە دووەمین بەرگدا بەلای پێشەوەدا دووبارە کراوەتەوە لە لای پشتەوەی هەمان دیزاینی ژمارەی ١.

* ژمارە (٣)

- لە یەکەمین بەرگ بەلای پێشەوەدا، تابلۆیەکی هونەرمەندی کورد (بەسیٚ جەعفەرۆڤا) دانراوە، بەلای پێشەوەی بەرگی دووەمینیشدا



تابلۆیەکی هونەرمەندی کورد (ئەنتۆن میرزۆییێڤ) دانراوە، دیزاینی لای پشتەوەی هەردوو بەرگەکەش وەك ژمارەی ١ و ٢.

* ژمارە (٥،٦ ،٤، ٥، ٦) (لە یەك بەرگدا)

- تابلۆی ئێزدی هونەرمەند (هێنری لایارد)ە، کە لە ساڵی ١٨٤٩ کێشراوە، لە لای پێشەوەی یەکەمین بەرگ دانراوە، بەڵام لە لای پێشەوەی دووەمین بەرگدا چەند دێڕێك لە کتێبی (جلوە)ی ئێزدییان دانراوە، لای پشتەوەی هەردوو بەرگەکە بە سپی جێهێڵراوە.

## ناوەڕۆك

* میتۆدی کارەکە زیاتر لەسەر هێڵی نەتەوەیی دامەزراوەو کاری بۆ کراوەو بەرهەمی بلاوکردووەتەوە، هەوڵدراوە لە چوارچرا یەکێتی بابەت بپارێزرێت، دەستەی دامەزرێنەری (پرۆژەی کوردی) کە یەکێك لە بەرهەمەکانیان گۆڤاری چوارچرا بووە، دەرکیان بە گەرمی ئامێزی "هەستی نەتەوەیی" کردووەو هەر لەم پێودانگەشدا پرۆژەکەیان پرۆژەیەکی کوردستانیی بووە، بە خوێندنەوەی بابەتەکانی هەردوو بەشەکەی گۆڤارەکە هەست بەلێکنزیکبوونەوەیەکی حاڵیبوون لە ئامرازەکانی خەبات و تێکۆشان کراوەو زۆر هەستدارو هەست بە لێپرسراوێتیکردن کاریان بۆ بلاوکردنەوەی بابەتەکان کردووە، بۆ نموونە خۆیان دوورەپەرێز گرتووە لە ناوزڕاندن و ناشیرینکردن و شێواندنی کەسی بەرامبەر یاخود حزب و ڕێکخراو و گروپە کوردو کوردستانییەکان، کە

ئەوسا ئەو شێوازە لە نێو بڵاوکراوەو گۆڤارە کوردییەکاندا زۆر باو بووە، گوتاری چوارچرا لەسەر بنیاتی هۆشیارکردنەوەو هۆشیاریی نەتەوەیی دامەزراوەو بەرهەمی بڵاوکردووەتەوە.

* زمانەکەی کوردی بووە، کوردی بەو واتایەی کە رەهەندەکانی زمان و نووسینی بە شێوەیەك لێدەکەوێتەوە، کە تیایدا پارێزگاریی لە زمان کراوەو بە شێوە زمانێك بابەتەکان نووسراون لەوە دەچێت سەرپەرشتیارو دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لای مەبەست بووە کە زمانی گۆڤارەکە، زمانێکی پاراو و بێ گرێ و گۆڵ و تەتەڵەکراوبێت لە وشەی نامۆو بێگانە، زمانی بابەتەکانی چوارچرا خوێنەر بەلای خۆی کێش دەکات و زهنی مرۆڤ ماندوو ناکەن.

* مێژوو وەك بەشێك لە گەیاندن و بڵاوبوونەوەی پەیامی نەتەوەیی رووبەرێکی باشی لە چوارچرادا بەرکەوتووەو چەندان بابەتی بەکەڵکی بڵاوکردووەتەوە کە تا بە ئەمرۆش دەگات هێزو زانستیەتی خۆیان لە دەستنەداوە، ئەوەی زیاتریش بابەتە مێژووییەکانی بە زیندوویی هێشتووەتەوە زۆربەیان پشتیان بە کۆمەڵێك سەرچاوەی هەمەجۆرو دۆکیۆمێنت بەستووە.

* ئەدەب، تا ئاستێك لای لێکراوەتەوە بە تایبەتیش لێکۆڵینەوەو کورتە وتارو لێدوان، دەقی شیعر بڵاونەکراوەتەوە، دیارە مەبەستم لە دەقێکە یەکەمینجار لە چوارچرادا بڵاوکرابێتەوە؛ ئەگەرنا چەندان دەقی شاعیرانی کۆچکردووی کورد بڵاوکراونەتەوە، لەوە دەچێت ئەو دەرگا



داخستنە بە رووی دەقی شیعردا بۆ دنیای دەوڵەمەندیی شیعری کوردی بگەرێتەوە، کە هەردەم رێژەی شێری لە بواری رۆژنامەگەریدا بەرکەوتووە.

* ئەگەرچی زۆربەی بابەتەکانی چوارچرا بە تایپی ئاسایی دەستی یاخود کارەبایی یان بە ئای ئێم تایپکراون، بەڵام هەوڵدراوە بە کەمترین هەڵە دەربچێت و پێڕەوی دانانی نیشانەکانی خاڵبەندیی کراوەو دەتوانین بڵێین یەکێتی رێنووسێك کاری لەسەر کراوە.

* هونەری شێوەکاریی و هونەری گۆرانی گرنگییان پێدراوە، بە تایبەتیش هونەری شێوەکاریی کە لە هەر ژمارەیەکدا هونەرمەندێکی کورد ناسێنراوەو چەند تابلۆ یاخود هێڵکارییەکی بڵاوکراوەتەوەو وێنەی بەرگی گۆڤارەکەش تایبەتە بەو هونەرمەندەی کە لە هەمان ژمارەدا باسکراوە، هەروەها چوارچرا بابەتیشی سەبارەت بە گۆرانی و گۆرانی میللی و فۆلکلۆری بڵاوکردووەتەوە.

* بەگشتی چوارچرا لە ناوەرۆکدا گۆڤارێکە بە وردەکاریی کاری لەسەر دانان و هەڵبژاردن و بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا کردووە؛ بۆ من جێگای سەرنج و مایەی دەسخۆشییە، کە چەند (ناو)ێکی دیاری نێو لیستی نووسەرو لێکۆڵەرانی کورد کۆببنەوەو گۆڤارێکی بەو شێوەیە دەربکەن.

* لێدوان و لێکۆڵینەوە لە رۆژنامەگەریی کوردی لە هەر ٦ ژمارەکەدا گرنگی پێدراوەو هەوڵدراوە بۆ یەکەمینجار چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکی دانسقە بە خوێنەران بناسرێت.

## بابەتی هەڵبژاردە

چەند بابەتێك لە چوارچرادا بڵاوکراونەتەوە تائێستاش هێزی خۆیان لە دەست نەداوەو دەشێت وەك سەرچاوەی باوەڕپێکراو سوودیان لێ ببینرێت، لە ژێر ناونیشانی بابەتی هەڵبژاردەدا بابەتێك دەنووسینەوەو کە بە پیتی لاتینی نووسراوەتەوەو لێدوانە لە بڵاوکراوەیەك لە بڵاوکراوەکانی هێڤی و ئێمە تەنیا پیتەکەمان کردووەتەوە پیتی باو و بەکارهاتووی ئەمڕۆ لە کوردستانی خواروودا، ئەم بابەتە لە ژمارە ٢ی چوارچرا بڵاوکراوەتەوە.

ژ وەشانێن هێڤیێ (١٩٢١).

## هینکەرێ زمانێ کوردی

ئەڤ کتێب، ئالیکی دە کێماسیەکە مە یا ئیدۆین ژ نیشانێ مەددە، ب تایبەتی کێماسیامە کوردێن کوردستانا باکور، گەلۆ ژ ١٩٢١ ئان ڤر دە، کامە چقاس کتێبێن کوردی ئامادەکرنە؟ ژ بۆ هینکرنا کوردی، ب دەستێ رێخستنەکە خوەندەکارێن کورد و ڤە نە بە دو زاراڤان؟

بەری شێست و پێنج سالان. ل ئیستەنبۆلێ کۆمەلەیەك ب ناڤێ جڤاتا تەلەبەی کوردان- هێڤی (کورد تەلەبە-ی هێڤی جەمعیەتی) ب ناڤێ هینکەرێ زمانێ کوردی (رەهبەرێ زمانێ هەردوو کوردی: کورمانجی، بابانی) کتێبەکە وەشاندیە.

ئەڤ کتێبا یەکەمین ئا هێڤی یا بوو.

هەرچی جڤاتا تەلەبەی کوردان- هێڤی ب خوە. ژ ئالیێ خوەندەکارێن کوردان ل ئیستەنبۆلێ، د (٢٧-٧-١٩١٢) ئان دە ئاڤا بوویە. هەر چقاس



هنەك نڤیسکار دنیڤسن کو ئەڤ کۆمەلە د ١٩١٠ ئان دە ئاڤابوویە ژی ئەڤ یەکا نە راستە چمسکید کتێبا هینکەرێ زمانێ کوردی دە، د (١٩٢١) ئان دە هاتیە نڤسین کو هێڤی، بەری نەه سالان دەست ب خەباتێ کریە. ژ ئالیێ دن هنەك چاڤکانیێن ترکان ژ دنڤسین کو هێڤی، ب ئاواکی خەیری رەسمی د (١٩٠٨)ئان دە دەست ب خەباتێ کریە.

ل گۆر هنەك چاڤکانیان، کۆمەلا هێڤیێ ژ بۆ کوردستانێ هنەك رە ۆرم د خوەستن. مەسەلا ئیددیێ دم. شوکر و سەکبان ژی ئەوە کو دۆزا سەرخوەبوونا کوردستانێ و ژ ئیمپەراتۆریا ئوسمانی جهێ بوونێ نەکریە.

د گەل ڤیا د سالا ١٩١٢ ئان دەخەباتا ئاسیۆنالیستێن کوردان گەش بوو بوو. ب تایبەتی خەباتا خوەندەکارێن کوردان ل ئیستەنبۆلێ خوە باش نیشان ددە. دمەها گولانا ڤێ سالێ دە (هنەك تێکۆشەرێن کوردان ل ئیستەنبۆلێ بانگەکە یەکێتێ بەلاڤ کرن ئەوان ژ نونەرێن هەموو کۆمەلە، رێخستن و کەسێن کوردان دۆز دکرن کو هەڤکاری و یەکگرتنا هێزێن خوە کۆم بکن. نونەران داخوازا بریارا دامەزراندنا پارتیەك یەکگرتی کربوو کو ئەو بکارە ببە چارەسەرا ئارمانج و رێبەرا نەتەوا کورد).

دیسان د (١٩١٢) ئان دە ل ئیستەنبۆلێ کۆمەلەیەك ب ناڤێ کوردستان موهبلەر جەمعیەتی (کۆمەلا دۆستێن کوردستانێ) ئاڤا بوویە. تێ زانین کو کوردێن وەکی م. نوری دەرسیمی، ب بزاڤی د ڤێ کۆمەلێ دەکار کرنە.

هەر دسالا (١٩١٢) ئان دە، ل ئەرزورومێ ژی ب ناڤێ ئیرشاد رێخستنەك یللەگال هەبوو.

لێ خەباتا هەری خورت، یا هێڤیێ بوو. شاخ (شوبە) ێن ڤێ کۆمەلێ، ل دەرەڤەیێ ئیستەنبۆلێ ژی هەبوون. مەسەلا تەییب ئەلییێ دارا هێنێیی، ل ئەرزورومێ ژ بۆ ئاڤاکرنا کۆمەلا هێڤییێ خەبات دکە، د سالا (١٩١٣) ئان دە ژی شاخەکی هێڤیێ، ل لۆزانێ، باژارێ ئیسچرێ ڤە دبە.

دگەل خەباتا خوەیا دن، هێڤیێ د (١٩١٣) ئان دە کۆڤارێن رۆژی کورد هەتاوی کورد و یەکبوون ژی دەرخستبوون.

(ژ بە سەبەبێن ئێرشێن تەرۆری و هۆڤت کو د دەستپێکا شەرێ جیهانێ یێ یەکەم دە دهاتن سەر کۆمەلێ، ئەوێ د وێ ناڤێ رە بزاڤا خوە هنەك دا سەکناندن. ئارشیڤێن کو د دەستێن کۆمەلێ دە هەبوون ژی، ئەوان دابوونە ئەبدولئەزیز بابان کو بپارێزە.

ل گۆر هنەك چاڤکانیان، کۆمەلا هێڤی، د (١٩١٨) ئان دە ب ناڤێ پارتییا مللی یا کورد، ژ نووڤە دەست ب خەباتێ کرد و کوو رە ناڤێ وێ بوو کۆمیتا ئیستیقلال (سەرخەبوون) ێ.

پشتی شەرێ جیهانێ یێ یەکەم، کۆمەل ب سەرۆکاتیا ئاسیف بەدرخان دەست ب خەباتێ کریە، ئەکرەم جەمیل پاشا سەرۆکێ فەخری بوویە. د وێ قۆناخا خەباتێ دە کۆمەلە هنەك کتێبان ژ چاپ کرییە، ژ بۆ میناکی، ئافراندنێن ئەحمەدێ خانی، کتێبا هینبوونا زمانێ کوردی کو ئەکرەم جەمیل پاشا نڤیسی یە. د سالا (١٩٢٢) ئان دە، ژ بەر سەبەبێن سیاسەتا کەمال ئەتاتورك، کۆمەلە هاتییە قەدەخەکرن.



**رووپەلا دووەمین**

**چەند قسسەیەك**

ئەم کتێبە ب دیاری پێشکێشی چەند برایەکمان دەکەین کەوا کوردی نازانن، لەم کتێبەدا زیادەتر دڵخوازیا مە، قسەکردنە، لەبەر ئەوە زۆر تەماشای ئیملاو قەواعیدەمان نەکردووە. رێخستنی شێوەی سەرف و نەحوی هەواڵەی هیمەتی خوێندەواری گەورەکەمان کرد.

ئەم کتێبەدا لە هەموو پێشتر قسەکردنە. نووسین ماوەتە دووادا، لەگەڵ ئەمەژدا ئەمرۆ چاك دەزانرێت زوو بەزوو چارەی ئیسلاحی حروف لازمە.

هێڤی- جەماتی تەلەبەی کوردان، وانە نۆ ساڵ خزمەت دەکەن ئەم جارە ژ ئەسەرەیان هێناوەتە مەیدان، خۆیان بەختیار دەزانین.

**هێڤی**

**جەماتی تەلەبەی کوردان**

وەك کو نڤیسکارێن هێڤییێ ژی دنڤیسن ئەلفابا تێرێ زمانێ کوردی ناکە.

پشتی (چەند گۆتن) دەرسا یەکەمین و بە وی ئاوایی پانزدە.

دەرس هەنە. ب کورتی ئەڤ دەرسا نا بەحسا تشتێن هات دکن.

دەرس

١+چەند کەلیمە، پرس و بەرسیڤ (رووپەل:٥)

٢-٣-٤: رەنگ و چەند جوملە (رووپەل: ٦-١٦)

٥: هەژمار و چەند جوملە (رووپەل:١٦)

٦: ئەندامێن بەدەنێ مرۆڤ و چەند جوملە (رووپەل ١٧-٢٠)

٧-٨: كنجێن مرۆڤ و چەند جوملە، (رووپەل ٢٠-٢٤)

٩: لێكەر (فعل) یێن كەتن، دەركەتن (چوون دەرەوە)و چەند جوملە (رووپەل ٢٤-٢٨).

١٠-١١: ژێكرن، شكستن، و هنەك لێكەرێن دن بتەڤ چەند جوملان (رووپەل: ٢٨-٣٦).

١٢: نڤیساندن (نووسین) ستەندن (وەرگرتن) تاعم دان (جۆلاندن) و چەند لێكەرێ، دن (رووپەل: ٣٦-٤٠)

١٣: ناڤێ فێكیان و چەند جوملە (رووپەل: ٤٠-٤٢).

ژ وەشانێن هێڤی، كتێبا هینكەرێ زمانێ كوردی- كو ئەم د ڤێ نڤیسارا خوە دە ل سەر دسەكنن- د ببلیۆتەكا مللی (مللی كوتوپهانە) یا ئانكارا دە هەیە ئەڤ پرتووك، ب حەرفێن ئەرەبی لی ب زمانێ كوردی و تركی یە. كوردیا وێ ژی ب دو زاراڤان هاتیە نڤیسین: كورمانجی (كوردیا باكور) و بابانی (كوردیا باشوور، سۆرانی) كتێبا كو ئەكرەم جەمیل پاشا نڤسی بوو و مەل ژۆر بەحسا وێ كردبوو، د بە كو ئەڤ كتێب بە.

د روپەلی یەكەمیین ئاڤێ كتێبێ دە ب تركی وەها د نڤیسە:

Cogrenmek isteyenlere Lisan ،Kurd rehberidir)

( ژ بۆ كەسێن كو دخوازن هینێ كوردێ بن، رێبەرا زمانە).



ب ئامە، ئەڤ كتێبا سادەو پچوك گاڤەك پر هێژا بوو، ژ بەر كو ب تایبەتی ژ بۆ هینكرنا كوردی هاتیە نڤسین، ژ بەر كو ب دەستێ رێخستنەك خوەندەكارێن كورد هاتیە نڤیسین و یا هەری گرینگ، ب دو زاراڤان هاتیە نڤسین.

ئەڤ كتێب، ئالیكی دە كێماسیەكە.

رووپەلا پێشین یا هینكەرێ زمانێ كوردی ب چەند گۆتن Bir iki Soz دەست پێ دكە. بێی كو ئەم زمانێ وێ بگوهەرینن، مە وێ ژ حەرفێن ئەرەبی وەرگەراند حەرفێن لاتینی.

چەند گۆتن

ئەڤ كتێبێ، بچووك و نە هێژا (هینكەرێ زمانێ كوردی) ئەم چاپ دكن، رەهبەرەكی ببە بۆ وان هەڤالان كو زمانێ كوردی نزانن، ڤێ ئەسەرێ خوەدا ئەم دخوازن بتەنێ "پەیڤێن" ئا زمانێ كوردی هین بكن. بۆما ئەم باش بالا خوە نەدانە ل ئیملا و قەواعید.

وەزیفا ئادلاندنا ئەڤ نڤسین- كو ب زمانێ مە نایە- چێكرن و قەواعیدا مە- كو هێژا نەمەزبووتە- ئەم دهێلن بۆ ئۆستاد و زانان. هنگی ژ دەستێ مە هاتیە ئەم خەتێنە گالەگال چاوتێ گۆتن وسا بنڤیسن.

ب نڤسینا ئەڤ كتێب جارەكی دی ژ باش خویا دبە ئەم چڤا هەوجەی ئاولاندنا ڤان حەرفێن ئە. هێڤی- جڤاتا تەلەبەی كوردان، دلشایە سەركرنا ئەڤ كتێب ل خەباتا خوە نەه سالان.

هێڤی

جڤاتا تەلەبەی کوردان

١٤: ناڤێ فراقان و چەند جوملە (رووپەل: ٤٢-٤٥).

١٥: ناڤێ چووکان و چەند جوملە (رووپەل: ٤٥-٤٧).

پشتی دەرسان ئەڤ مەتنێن کورت هەنە (رووپەل: ٤٧-٥٩).

* دێ و زارۆیێ وێ (دایك و مندالەکانی).
* شەڤ (شەو)
* رۆژ
* ساعەت
* سال
* زڤزتان
* بەهار
* هاڤین (هاوین)
* پایز
* چەند پەیڤین (چەند قسە)، رووپەل: ٥٩-٦٤

د رووپەلێن داوی دەژی راست نڤیساندنا شاشیێن چاپی هەیە.

ژ بۆ نوموونە ئەم ژ ڤێ پرتوکێ تەنێ چەند کەلمان رابەر دکن. ل هەمبەرێ وان، ترکیا وان ژی هاتییە نڤیساندن:



قەلەمی زیرەچ: Kursun Kalem

راست: Cetvel

نەختێ رەش: Yazi tahtasi

گلێ سپی: Tehesir

پێشتەختە: Rahle

کورن: Soba

میچ: Tavan

راخەر: Doseme

دەستەسڕ: Mendil

## پەراوێز:

(١) Vedat، Sadillili، Turkiyede Kurtculuk Hareketleri ve Isyanlar cilt: I kon Yayinlan، Ankara، ١٩٨٠، r: ١٥٠.

(٢)د.مەحمەت شوکرو سەکبان د وێ دەمێ دە ب بزاڤی د ناڤ تەڤگەرا سیاسی یا کوردان دە کار دکر لێ پشت رە دەڤ ژ دۆزا کوردستانێ بەردا و ب نڤیساندنا کتێبا (Kurtluk Sorunu) (پرسا کوردیتی) ژ دەوڵەتا ترکییێ رە نۆکەریا خوە ئیعلان کر.

(٣)جەلیل، د.جەلیلێ، ژیانا رەوشەنبیری و سیاسی یا کوردان (د داویا سەد سالا ١٩ ئا و دەستپێکا سەد سالا ٢٠ ئادا) وەرگێڕ: عەلی شێر، وەشانێن ژیانا نو، ستۆکهۆڵم ١٩٨٣، ر. ١٥٣.

(٤) النقشبندي، عبدالرحمن علاءالدين، خطوط عريضة عن حياة المرحوم الدكتور محمد نوري الدرسيمي، كاروان، هەولێر، ساڵی ٤، ژمارە ٣٧ (١٩٨٥)، ل١٢٠.

(٥)جەلیل ر:١٥٥.

(٦) سیلۆپی، زننار، دۆزا کوردستان، ستەور باسنمەڤی، بیروت ١٩٦٩، ر: ٣٠.

(٧) Yamulki، Abdulaziz، Kurdistan ve Kurd ihtilaleri Bogdat* ١٩٤٧،r: ٥٦.

* (ئەوەندەی ئێمە ئاگادارین ئەم کتێبە لە تاران چاپکراوە- ڕۆژنامەنووس).

(٨) جەلیل، ر: ٩٢.

وبنێرە: (Le Jour Nouveau) (ڕۆژانو) بەیروت.

(٩) ٥٣ (١٣-٨-١٩٤٥) (٣: چاپانو، ڕۆژانو. وەشانێن ژینانو، ستۆکهۆڵم ١٩٨٦.

(١٠)- جەلیل، ر: ٩٢.

(١١) هینکەرێ زمانێ کوردی (ڕەهبەرێ زمانێ هەر دوو کوردی کورمانجی، بابانی) چاپخانەی نەجمی ئیستیقبال، بابی عالی، ئەبو سعود، ئیستەنبول.

**سەرنج:**

**ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ٨، ساڵی ٢٠٠٦ بڵاوبووەتەوە.**



## شتێك لە ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگە



## پێشەکی

خاڵی هەرە سەرەکی بۆ وەرگێڕانی ئەم بابەتە؛ بوونی کۆمەڵێك زانیاری وردە لە وتارەکەدا، کە تا ئێستا لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هەڵوەستە بەرامبەری نەکراوە، بە تایبەتیش ئامادەکەری وتارەکە بۆ ڕاستی قسەکانی پشتی بە خودی بڵاوکراوەکان بەستووە، هەروەها ئامادەکەر بابەتێکی وردی لە ڕۆژنامەگەرییدا ورووژاندووە کە ئەویش شێوە دەفتەری ڕۆژنامەگەرییە کە بە سادەترین شێوەو شێواز خراوەتە بەردەم چەند خوێنەرێکی سنووردار، ئەمەش بووەتە مۆدێلێك لە مۆدێلەکانی ڕۆژنامەگەریی نهێنی، بە ڕای من ئەو جۆرە ڕۆژنامەگەرییە لە ماوەی خەباتی حزبی "هیوا"دا، هیواییەکان زۆر گرنگیان پێداوە، کە تەواوی بڵاوکراوەکانیان بە دەست نووسراوەتەوەو زیاتر بە قەبارەی دەفتەر بووەو لە سنوورێکی بەرتەسکیشدا بڵاوکراوەتەوەو تایبەت بووە بە ئەندامان.

بە ڕای من ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە لەم وتارەدا باسکراون زۆربەیان بەشێکن لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردستان، چونکە شوێنی دەرچوونیان کوردستانەو لە زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکاندا باسی کوردو کێشەکانی خەڵکی کوردستان کراوە، هەروەها حزبێك دەریکردوون کە کێشەی کوردو خەباتی خەڵکی کوردستانی بە بەشێکی زیندووی بەرنامەی خۆی زانیووە.



لە کۆتایی ئەم کورتە ڕوونکردنەوەیەدا، پێویستە ئاماژە بە دوو خاڵ بدەم:

١- زاراوەکانی سریەو فەسیلو مەفرەزەم وەك خۆی نووسیوەتەوە.

٢- هەڵەو کەموکوڕییەکانی وتارەکەم ڕاست نەکردووەتەوە، بۆ نموونە دڵنیام کە ئامادەکەر چەندان ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی بەسەردا تێپەڕیوەو ئاماژەی پێنەداون.

"وەرگێڕ"

### ئەمە دەقی بابەتە وەرگێڕدراوەکەیە:

### شتێك لە ڕۆژنامەگەریی پێشمەرگە*

لەگەڵ سەرەتاکانی بناغەڕێژکردنی بنکەکانی پێشمەرگەی حزبی شیوعی عێراقی لە ساڵی ١٩٧٩ لە کوردستاندا، لە بنکەی سریەو فەسیلو مەفرەزە جیا جیاکاندا گۆڤاری دەفتەری دەستنووس بە یەك دانە یاخود دوو دانە دەردەچوون، تەنیا چەند بڵاوکراوەیەك بە ئامێری تایپ دەردەچوون، زۆربەی ئەو گۆڤارانە بە نایلۆنێکی ڕوون بەرگ دەکران تا لە کاتی ئەو دەست ئەو دەست پێکردن، یان لە کاتی دانانی لە پشتەکۆڵەدا تێکنەچن و بپارێزرێن، چونکە ئەو گۆڤارانە بێجگە لەوەی پێشمەرگەکانی ئەو هێزەی دەریاندەکرد دەیانخوێندەوە، هەندێکجاریش لەگەڵ گۆڤاری سریە و فەسیل و مەفرەزەکانیتر دەگۆڕدرانەوە.

بۆچی گۆڤاری دەفتەریی بۆ پێشمەرگە دەرکراوە؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، هەڵبژاردەیەك لە سەروتاری ژمارەی یەکەمینی چەند گۆڤارێك وەردەگرین:

"النصير الثقافي[1] " دەڵێت: لەبەر رۆشنایی پرانسیپو سیاسەتەکانی حزبمان کە بریتییە لە پێویستی پێشڤەچوونی هۆشیاری رۆشنبیری و ئایدیۆلۆژی بۆ ئەندامەکانی و جەماوەرەکەی، ئەمە ژمارە ١ی گۆڤارەکەمانە (النصير الثقافي)، کە تایبەتە بە پێشمەرگەکانی شیوعی لە بنکەی یەك‌دا و وەك بەشدارییەکی ساکارە لەو بوارەدا. دەرکردنی ئەم ژمارەیە لە گۆڤارەکە سەرەتای بەڵێنێکە بۆ بەشداریکردنی تەواوی هاوڕێیان لە پێشخستنیدا، تا بەرەو ئاراستەی پراکتیزەکردنی ببەین کە هۆکارێکی گرنگ و کاریگەرە لە هۆکارەکانی راگەیاندن و بۆ رۆشنبیری حزبی شۆڕشگێڕمان لە ژیانی نوێی‌دا. ناردنی بابەتی رۆشنبیری و سەرنجی رەخنەگرانە بۆ گۆڤارەکە، ئەرکێکی زیندووە لە ئەرکەکانی هەموو هاوڕێیان بۆ سەرکەوتنی گۆڤارەکە کە دەبێتە سەرچاوەیەکی فکری و رۆشنبیری لە پاڵ چەك‌دا، لە پێناوی خەباتی چەکدارانەمان بۆ رووخاندنی حوکمی دیکتاتۆری تاکڕەو و هێنانەدی دیموکراتی بۆ عێراقو ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کوردستان.

هەروەها " الشراع[2] " وەك کاریگەرییەك بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە ئاماژە بە وتەکی دیمترۆڤ دەدات لە کۆنگرەی پێنجەمینی حزبی شیوعی بولگاری، کە وتویوتی: "ئەندامی حزب کە ناتوانێت فێرببێت، هەروەها



نەیەوێت بەردەوام خۆی رۆشنبیر بکات و بۆ پێشکەوتن بەرەو پێشەوە بچێت، شیوعی نیە و نابێتە شیوعییەکی راستەقینە".

سەروتاری "الجبل الابيض"[3] دەڵێت: "جارێکیتر پێشمەرگەکانی گەلی رمانە گفتوگۆ دەکەن بۆ دەرکردنی گۆڤارێك، گۆڤارەکە بە دەستخەت و لەسەر دەفتەری خوێندنگا دەردەچێت، تەنیا بە دوو دانە، لە نێو دوو تویی لاپەڕەکانیدا مژدەی وزەکانی تێدایە، لە دەرچوون بەردەوام دەبێت و تواناکانیش گەورە دەبن، ئەو گۆڤارە (دەفتەر)ە دەبێتە بڵاوکراوەیەکی مانگانەی کەرتی بادینان بە گشتی، وەك چۆن شاخی سپی بە تاشەبەردەکانی پێشمەرگە لە هێرشی دەست و پێوەندەکانی رژێم و هێزەکانی دەپارێزێت، دەمانەوێت ئەو گۆڤارە پارێزەرێکی ئەمین بێت بۆ فکر و پرانسیپەکانی حزب، چەکێکی رەواش بێت بۆ پێکهاتەی سیستمی ئایدیۆلۆژی، بەڵێ، دەمانەوێت داخوازیکەر و هاندەرێکی شۆڕشگێڕ بێت بۆ جەماوەری گەلی چەوساوە، ئەمەش نایەتەدی تەنیا بە هەوڵی هەموو لایەك نەبێت".

بەڵام " الخطوة- گاڤەك"[4] دەڵێت: "دەمانەوێت وێستگەیەکی بە سوود بێت بۆ پێشمەرگەکانمان کە کاروانی شەو ماندووی کردوون، سەرەڕای چالاکییە جیاوازەکانی رۆژانە، لە تەك گەڕانی درەوشاوە بە دوای وشەی ئەمیندا بۆ کێشەی گەلو بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار".

"١٤ اکتوبر"[5] ئەم مێژووە رۆژی دامەزراندنی بنکەی بادینانە لە ساڵی ١٩٧٩، پێویستە ئەم مێژووە (١٤ اکتوبر) ببێتە ناونیشان و ناوێك بۆ گۆڤارەکەمان کە وا ژمارەی یەکەمینی دەخاتە بەردەستتان، ئەم

ژمارەیە درێژەپێدەری دەرچوونی گۆڤاری (النصیر الثقافي)ە، کە لە دەرچوون وەستاوە، پاش دەرچوونی ژمارەی یەکەمین لە رۆژنامەکەمان لە بادینان (النصیر)... ئەمڕۆش دوای چوار ساڵ، سریە جیاوازەکان گۆڤاری خۆیان دەردەکەن، هەروەها لە تەك رۆژنامەی (النصیر) فەسیلەکانی سریەی تایبەتی بارەگاکان بڵاوکراوەی دیوار دەردەکەن، ئەو هەموو بڵاوکراوانە رەنگدانەوەی چالاکییە جیاوازەکانی پێشمەرگەو کێشەکانی جەماوەرو گرفتەکانیانە.

(الشظایا)[٦]یش دەڵێت: سوور بوون لەسەر نووسینی ئامانجدار لە بواری ئەدەب و هونەر و کەلەپوور و فکری زانستیدا، هەروەها بڵاوکردنەوەی بیرەوەری شەخسی پێشمەرگە کە رەنگدانەوەی وێنەی تێکۆشانی فەسیل و سریە و مەفرەزەکانی حزبی مەزنمان بێت، ئارەزوومانە کە گۆڤارەکە لە باری فۆرمو ناوەرۆکدا پێشکەوتوو بێت، ئەمەش لەوە سەرچاوە دەگرێت کە سەرنجتان بەرامبەر بە بڵاوکراوە دیوارییەکان لە باری بابەت و لێدوان بخەنە روو، وەك ئەزموونێکیش نووسینەکان بە شێوەیەکی هونەری نوێ بە یارمەتی وێنە و پۆستەر و کاریکاتێر و هێلکاری بڵاودەکەینەوە.

"قەندیل"[٧] دەڵێت: کەشێکی ئەدەبی و هونەری دروست دەکەین، هانی هاوڕێیانی سریەکە دەدەین کە بە نووسین بەشداری بکەن لە پێناوی پێشخستنی تواناکانیان، ئەمەش بۆ تێکەڵاوکردنەوەی هەموو هەوڵەکانە تا لە خزمەتی پێشخستنی رۆژنامەگەریی حزبماندا بێت "



"هرور"[٨]یش دەڵێت: پێویست بوو چەك هەڵبگرین، لە نیشتمانە خۆشەویستەکەمان بسووڕێینەوە، تا دروشمەکانی حزبمان پراکتیزە بکرێن، هەروەها پێویستە دەلالەت لەو کتێبخانانە بکەین کە هەمان بوو، ئەو رۆژنامانەی کە موتالامان دەکردن، ئەمەش دەلالەتێکە کە هەوڵ بدەین بنووسین و ئاڵوگۆڕ بکەین و ئەوەی کە پێویست و سوودمەندە بیگوازینەوە، ئەمەش بەو واتایە نایەت کە ببینە ئەڵتەرناتیڤێك بۆ رۆژنامەی ناوەندی حزبمان و هەموو ئەو رۆژنامانەی کە لێرەو لەوێ دەردەچن، بەڵکو وێستگەیەکە بۆ ئێمە لە نێو ئەو رۆژنامانەدا".

پاشان "هرور" دەڵێت: ئێمە بڵاوکراوەیەکی دیوارمان دەویست، بەڵام دیوارمان نەدۆزییەوە تا هەڵیواسین، بابەتەکانمان لە دەفتەرێکی قوتابخانەیی نووسیوەتەوە، بۆ هەر کوێ بچین لەگەڵماندایە، وەك ئێمە چاو بۆ هەموو وشەیەکی دروەشاوەو جەنگاوەرو گەرم دەگێڕێت، ناوی (هرور)مان دانا چونکە (هرور) یەکێك بوو لە گوندە گەورەکان کە رووبەڕووی بۆردومانی دڕندانەو راگواستنی چەندان جارە بووەتەوە، تا خانووەکانی بوونە کەلاوە و ئێستاش بۆردمانە بەربەرییەکان بۆ سەر گوندەکە بەردەوامن".

بەو شێوەیە گۆڤارە دەفتەرییەکان خۆیان وەڵامی روونی پرسیارەکەیان دایەوە...

ویستم ئەو گۆڤارە دەفتەرییانە کۆبکەمەوەو پۆلێنیان بکەم؛ بەتایبەتی ئەوانەی کە بەردەستم کەوتوون و لە ساڵی ١٩٨٠ تا کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٥ لە بنکەکانی پێشمەرگە بڵاوکراونەتەوە (لە

ئەرشیفی مەکتەبی ناوەندی راگەیاندنی حزبمان، شیوعی عێراقی تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٨ پارێزرابوون)، وەك هەوڵێك بۆ ئەرشیفکردنی ئەوانەی کە ماون و رووبەڕووی تێکچوون و لەناوچوون نەبوونەتەوە. دەیان گۆڤاری دەفتەریی کە لەو ماوەیە یاخود پێشتر دەرچوونە فەوتاون، بە هۆی بارودۆخی سەختی پێشمەرگە کە تێیدا ژیاوە، هەروەها بە هۆی رێگای ناڕاستی بەکارهێنان و پاراستنیان، کە نازانین ناوەڕۆکەکەیان چی تێدابووەو کێ بەشداریی تێداکردوون.

بە داخەوە دانەی ئەو گۆڤارانەی کە لەو ئیندێکسەدا ناویان هاتووە، زۆربەیان یەك دانەن، هەمیسان رووبەڕووی تێکچوون بوونەتەوە دوای ئاگربڕ لە جەنگی عێراق- ئێرانو هێرشە بەرفراوانەکانی رژێم بۆ سەر بارەگاکانی پێسمەرگە.

ئەمە هەوڵێکی تۆمارکردنە وەك سەرەتایەك بۆ دەستپێکی لێکۆڵینەوە لە شێوەیەك لە شێوەکانی رۆژنامەگەریی حزبیمان کە پێشمەرگە شوعییەکان دایانهێناوەو مومارەسەیان کردووە؛ وەك جۆرێك لە چالاکییە رۆشنبیرییەکان، وەك تایبەتمەندییەك لە رۆژگاری بزاڤی پێشمەرگایەتی لە عێراقدا، کە رەنگدانەوەی پێداویستی و ئارەزووە هەمە رەنگەکانیانە، هەروەها رێگای بیرکردنەوەیانە، بزاڤی رۆژانەی خۆیان تۆمارکردووە، کە تا شێوەی پێوەندییەکانیان لە ناو مەفرەزەو بنکەکان، لە نێوان خۆیان و لە نێوان دەوروبەر لە سروشت و جەماوەردا بە هێز بکات.

داوا دەکەم دەورە لەو دیاردەیە بدەن، بە لێکۆڵینەوەو توێژینەوە هەقی خۆیان بدەنێ[٩].



## پەراوێزەکان:

* سەرەتایەکە بۆ ئەرشیفێك کە نووسەر بۆ بیستوهەشت گۆڤاری دەستنووسی پێشمەرگەی حزبمان ئامادەی کردووە، لە نێوان ساڵی ١٩٨٠-١٩٨٥، ئەرشیفەکەی ناولێناوە "بیبلیۆگرافیای رۆژنامەگەریی دەفتەریی پێشمەرگە"، بەڵام نووسەر نەیتوانیوە کە رۆژنامەکانی تر بە دەست بێنێت.

(١) (النصیر الثقافي) افتتاحیة العدد/ ١، ٤ تشرین الاول ١٩٨٠.

(٢) (الشراع) العدد/١، کانون الاول ١٩٨٣.

(٣) (الجبل الابیض) العدد/ ١، شباط ١٩٨٤.

(٤) (الخطوة- گاڤەك) العدد/١، کانون الاول ١٩٨٤.

(٥) (١٤اکتوبر) العدد/١، حزیران١٩٨٣.

(٦) (الشظایا) العدد/ ١، حزیران ١٩٨٤.

(٧) (القندیل) العدد/١، کانون الثانی ١٩٨٤.

(٨) (هرور) العدد/ ١، کانون الاول ١٩٨١.

(٩) ئیندێکسی ژمارە دەرچووەکانی ئەو گۆڤارانەم کردووە، هەروەها وێنەی بەرگو هەندێك لە لاپەڕەکانی ناوەوەیانم گرتووە، پێش ئەوەی رووبەڕووی تێکچوون ببنەوە.

## رۆژنامەگەریی حزبی شیوعی عێراقی

كفاح الشعب، بەغدا، تەمموز- تشرینی دووەمی ١٩٣٥ (رۆژنامەیەكی نهێنی بووە).

الشرارة، بەغدا، كانوونی یەكەمی ١٩٤٠- كانوونی یەكەمی ١٩٤٢ (رۆژنامەیەكی نهێنی بووە).

القاعدة، بەغدا، كانوونی دووەمی ١٩٤٣-ئابی ١٩٥٦ (رۆژنامەیەكی نهێنی بووە).

همك (القاعدة) بەغدا، ١٩٤٣- ١٩٤٨ (رۆژنامەیەكی نهێنی بووە بە زمانی ئەرمەنی).

ئازادی، نیسانی ١٩٤٤- ١٩٥٩ (رۆژنامەیەكی نهێنی پاشان ئاشكرا بووە).

العصبة، بەغدا، نیسانی ١٩٤٦- حوزەیرانی ١٩٤٦ (رۆژنامەیەكی نهێنی بووە پاشان ئاشكرا بووە).

الاساس، بەغدا، نیسانی ١٩٤٨- ئایاری ١٩٤٨ (رۆژنامەیەكی ئاشكرا بووە).

الهادی، بەغدا، تشرینی دووەمی ١٩٤٨ (رۆژنامەیەكی ئاسكرابووە تەنیا یەك ژمارەی لێ دەرچووە).

صوت الكادح، بەسرە، ئازاری ١٩٥١.

الثقافة الجدیدة، بەغدا، ١٩٥٣، ١٩٥٨- ١٩٦٠، ١٩٦٩- ١٩٧٩ لەساڵی ١٩٨٠ لە دەرەوە دەردەچێت.



اتحاد الشعب، بەغدا، ئەیلول ١٩٥٦ رۆژنامەیەكی نهێنی بووە (لە كانوونی دووەمی ١٩٥٩- ئابی ١٩٦٠ بە ئاشكرا دەرچووە).

المثقف، بەغدا، ئابی ١٩٥٨- شوباتی ١٩٦٣ (گۆڤارێكی ئاشكرا بووە).

صوت الطلیعة، بەسرە، ١٩٥٩ (رۆژنامەیەكی ئاشكرا بووە).

صوت الفرات، حلە ١٩٥٩ (رۆژنامەیەكی ئاشكرا بووە).

صوت الشعب، بەغدا، ١٩٥٩ (رۆژنامەیەكی ئاشكرا بووە سەرنووسەرەكەی شەهید ابو العیس بووە، یەك ژمارەی لێ دەرچووە).

طریق الشعب، بەغدا، تشرینی دووەمی ١٩٦١- ئەیلولی ١٩٧١، لە ١٦ی ئەیلولی ١٩٧٣- نیسانی ١٩٧٩ بە ئاشكرا دەرچووە، لە تەمموزی ١٩٧٩-ەوە بە نهێنی دەردەچێتەوە.

الفكر الجدید- بیری نوێ، بەغدا، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٧٢- نیسانی ١٩٧٩ (هەفتەنامەیەكی ئاشكرا بووە، بە زمانی عەرەبیو كوردی دەرچووە، پاشان لە نیوەی دووەمی هەشتاكانی لە لایەن پێشمەرگەوە لە كوردستان تەنیا بە زمانی كوردی دەرچووەتەوە).

رێگای كوردستان، (طریق كوردستان) ١٩٨٧ (رۆژنامەی رێكخراوی هەرێمی كوردستانی حزب بووە).

رێگای ئاشتی و سۆسیالیزم، گۆڤارێكی تیۆری رۆشنبیریی بووە ١٩٨٧

رسالة العراق، ١٩٨٠- ١٩٩٠ (گۆڤارێكی سیاسی بووە لە تاراوگە دەرچووە).

المتابعة، ١٩٨٨ (بڵاوكراوەیەك بووە بۆ هەڵبژاردەی رۆژنامەكان، دابەشكردنی سنووردار بووە).

## لە بڵاوكراوە نهێنییەكان

مناضل الحزب، ١٩٥٤ (بڵاوكراوەیەكی ناوخۆ بووە بۆ ئەندامان و پاڵێوراوان).

دەنگی فەلاح، سلێمانی، ١٩٤٨-١٩٤٩.

دەنگی داس، دارماوا- سلێمانی ١٩٥١- ١٩٥٤.

السجين الثوري، بەندیخانەی نوگرە سەلمان ١٩٥٣.

حرية الوطن، بەغدا، (لە پەنجاكاندا ئۆرگانی لیژنەی نیشتمانیی یەكێتی ئەفسەرو سەربازان بووە).

الشفق والاخبار، بەدرەی تاراوگە، ١٩٥٥- ١٩٥٦.

## گۆڤارە دەفتەرییە دەستنووسەكانی پێشمەرگە ١٩٨٠- ١٩٨٥

١٤ اكتوبر، گۆڤارێكی دەوری بووە، لە بارەگای سریەی بادینان دەرچووە، یەكەمین ژمارەی لە نیسانی ١٩٨٣ دەرچووە، پۆستەرو وێنەی تێدایە، قەبارە ١٥ بە ٢٢سم بووە.

الاممی، بڵاوكراوەیەكی ناوبانـاو بووە فەسیلی سێ لە (دەراوە) دەریكردووە، ژمارە یەك لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٩٨٣ دەرچووە، لە شێوەی مەلزەمە بووە، وێنەو هێلكاریی تێدایە، قەبارەكەی ٢١ بە ٣١سم بووە.



الانتفاضة- ا، گۆڤارێكی دەوریی بووە مەكتەبی راگەیاندنی- فەوجی سێ- سریەی سێ- بادینان، ژمارە یەك-ی لە ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، وێنەو كاریكاتێری تێدایە، قەبارەكەی ١٦ بە ٢١سم بووە.

الانتفاضة- ب، گۆڤارێكی دەوری بووە، مەكتەبی راگەیاندنی- فەوجی یەك- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك- ی لە تەمووزی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ٢١ بە ٢١ سم بووە.

الانطلاقة، بڵاوكراوەیەكی رۆشنبیریی بووە، فەسیلی (یەك ماڵە)- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك لە ئازاری ١٩٨١ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ١٨ بە ٢١سم بووە.

پیرمۆس، بڵاوكراوەیەكی دەوری بووە، سریەی چوار- فەوجی یەك- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە ئازاری ١٩٨٢ دەرچووە.

تكوین ٣٤، بڵاوكراوەیەكی وەرزی رۆشنبیریی گشتیی بووە، سریەی سێ- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك- لە ئازاری ١٩٨٢ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ١٧ بە ٢١سم بووە.

الجبل الابیض، ئەی كرێكارانی جیهان یەكگرن- نیشتمانێكی ئازادو گەلێكی بەختیار، بڵاوكراوەیەكی دەوری بووە لە لایەن سریەی حەوت- فەوجی سێ- بادینان دەرچووە، ژمارە یەك-ی لە شوباتی ١٩٨٥ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ١٦ بە ٢١سم بووە.

خاپوور، ئەی كرێكارانی جیهان یەكگرن- نیشتمانێكی ئازادو گەلێكی بەختیار، گۆڤارێكی دەوری بووە، مەكتەبی راگەیاندنی فەوجی

سێ- بادینان، ژمارە یەك-ی لە كانوونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ١٧ بە ٢١سم بووە.

الخطوة- گاڤەك، بڵاوكراوەیەكی رۆشنبیریی بووە، راگەیاندنی فەسیلی سەربەخۆ، فەوجی یەك- قاتعی بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی یەكەمی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، وێنەی فۆتۆگرافی و وێنەی تێدا بووە، قەبارەكەی ١٣ بە ٢٦سم بووە.

الخطوة- هەنگاو، گۆڤارێكی دەوری بووە، مەكتەبی راگەیاندنی كەرتی هەولێر دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی دووەمی ١٩٨٥ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، وێنەو تابلۆی فۆتۆگرافی تێدا بووە، قەبارەكەی ١٩ بە ٢٦سم بووە.

رافد زێوە، گۆڤارێكی مانگانە بووە، لیژنەی رۆشنبیریی لە سریەی بارەگا- كەرتی بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ٣٠ بە ٢١سم بووە، چەند ژمارەیەكی بابەتەكانی بە ئامێری تایپكردن تایپكراون.

الرفد، ئەی كرێكارانی جیهان یەكگرن- نیستمانێكی ئازادو گەلێكی بەختیار، گۆڤارێكی دەوری بووە، بە شەش دانە لە بارەگای كەرتی بادینان دەرچووە، قەبارەكەی ٢٦ بە ٢١سم بووە (بابەتەكانی تایپكراون).

الراية- ئاڵا، گۆڤارێكی پێشمەرگەكانی بنكەی رێزان- هەولێر بووە، ژمارە یەك-ی لە تشرینی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ١٩ بە ٢٦سم بووە.



الرماه، بڵاوكراوەیەكی دەوری بووە، لیژنەی رۆشنبیریی بارەگای مەكتەبی سیاسیی دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ٣٥ بە ٢١سم بووە.

رێنوێن، بڵاوكراوەیەك بووە تەنیا بە زمانی كوردی دەرچووە، كەرتی سلێمانی و كەركوك دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ٢١ بە ٣١سم بووە.

ستێراسوور، گۆڤارێكی دەوری بووە مەكتەبی راگەیاندنی سریەی دوو- فەسیلی یەك- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ٢٢ بە ١٧سم بووە.

الشراع، بڵاوكراوەیەكی رۆسنبیریی بووە، فەسیلی (دراوە) دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی یەكەمی ١٩٨٣ دەرچووە، قەبارەكەی ٢١ بە ٢٤سم بووە.

الشظایا، گۆڤارێكی هونەریی، ئەدەبیی، رۆشنبیریی گشتیی بووە، گرنگی بە بەرهەمەكانی پێشمەرگە داوە، لیژنەی رۆشنبیریی فەسیلی بارەگای كەرتی هەولێر دەریكردووە، ژمار یەك-ی لە حوزەیرانی ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ٢٠ بە ٢٥سم بووە.

شعاع، گۆڤارێكی دەوری بووە، مەكتەبی راگەیاندنی سریەی یەك- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە شوباتی ١٩٨٣ دەرچووە، قەبارەكەی ١٧ بە ٢١سم بووە.

**الشعاع- تیشك، گۆڤارێكی دەوری بووە سریەی كۆیی- هەولێر دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ١٦ بە ٢٠سم بووە.**

**صوت الانصار- دەنگی پێشمەرگە، بڵاوكراوەیەكی دەوری بووە، فەوجی ١٥ی قەرەداغ- گەرمیان- كەرتی سلێمانی و كەركوك دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە ئازاری ١٩٨٤ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ٣٤ بە ٢١سم بووە.**

**فجر النصیر، گۆڤارێكی وەرزیی سیاسیی، رۆشنبیریی گشتیی بووە، بنكەی هێركی دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی دووەمی ١٩٨١ دەرچووە، قەبارەكەی ١٧ بە ٢١سم بووە.**

**قندیل، گۆڤارێكی دەوری بووە، مەكتەبی راگەیاندنی سریەی یەك- فەوجی سێ- بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی دووەمی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ١٥ بە ٢١سم بووە.**

**المسیرة، گۆڤارێكی دەوری رۆشنبیریی گشتیی بووە، فەسیلی لۆلان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە ساڵی ١٩٨٤ دەرچووە، قەبارەكەی ٢١ بە ٣٤سم بووە.**

**المفرزة ٤٧، رۆژنامەیەكی مانگانە بووە، مەكتەبی ئایدیۆلۆژی لە سریەی چوار- كەرتی بادینان دەریكردووە، ژمارە یەك-ی لە كانوونی دووەمی ١٩٨٢ دەرچووە، قەبارەكەی ١٦ بە ٢١سم بووە.**



**النصیر الثقافي، یەكەمین گۆڤاری دەفتەری پێشمەرگانە بووە، لە بنكەی پێشمەرگەدا لە بادینان لە ٤ی تسرینی یەكەمی ١٩٨٠ دەرچووە، تەنیا پێنج ژمارەی لێ دەرچووە، قەبارەكەی ١٥ بە ٢١سم بووە.**

**هرور، ئەی كرێكارانی جیهان یەكگرن، نیشتمانێكی ئازادو گەلێكی بەختیار، بڵاوكراوەیەكی دەوری بووە، پێشمەرگەكانی سریەی یەك- بادینان دەریانكردووە، ژمارە یەك-ی لەكانوونی یەكەمی ١٩٨١ دەرچووە، بە زمانی عەرەبی و كوردی بووە، قەبارەكەی ١٨ بە ٢٠سم بووە.**

### ئەم بابەتەم لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە

**لطیف حسن، شيء عن الصحافة الانصاریة، الثقافة الجدیدة، گۆڤارێكی مانگانەیە حزبی شیوعی عێراقی دەریدەكات، ژمارە ٩، ساڵی ٣٧، تەمووزی ١٩٩٠، بەم ژمارەیە لە گۆڤاری ناوبراودا لە ٣٧ ساڵەیدا ٢٢٣ ژمارەی لێ دەرچووە. وەك لە ئەدرێسەكەی دەردەكەوێت كە ئەم ژمارەیە لە وڵاتی سوریا دەرچووە.**

**سەرنج:**

**ئەم بابەتە لە گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە ١٣، ساڵی ٢٠٠٨ بڵاوبووەتەوە.**


## پڕۆژەیەك بۆ نووسینەوەی

## ڕۆژنامەگەریی چەپی نهێنی کوردی لە ناوشارەکاندا

## ١٩٧٦ -١٩٩١

### مێژووچکەیەك و

### گۆڤاری " خەباتی کرێکار" وەك بەڵگە






## ئاماژەیەك

ئەم بابەتە تیرۆژێکە لە پانتاییەکی ونی خەباتی نێو شارەکان کە بە داخەوە تا ئێستا بە وردیی کاری بۆ نەکراوەو دەتوانین بڵێین فەرامۆشکراوە، بە تایبەتی بواره ڕۆژنامەگەرییەکەی، لەم نووسینەدا ڕاگوزەرانە لە بابەتێك دواوین، کە دەکرێت بە چەندان نووسین و وەڵام دەوڵەمەند بکرێت، هیوادارم ئەوانەی زانیاری و بەڵگەیان لەلایە بە تایبەتیش بوارە ڕۆژنامەگەرییەکەی، بە دواداچوون بۆ ئەم نووسینە بکەن یاخود لە ڕێگای ئەدرێس پۆستی ئەلکترۆنییەکەم بلاوکراوەو گۆڤارەکانم بۆ بنێرن تا بتوانم پەرە بە بابەتەکە بدەم.

## سەرەتایەکی زۆر کورت

ساڵی١٩٧٠ بە دامەزراندنی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان خەباتی چەپەکانی کوردستان جۆرێك لە هەڵکشانی شۆڕشگێڕیی و حەماسەتی کوردانەی ئاوێزان بە فکرەو ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی بەخۆوە بینی، سەرکردایەتی (کۆمەڵە) دوای ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٥ بڕیاریدا کە خەباتی شارو شاخ بە یەکتر گرێ بدات و دەستی بە دامەزراندنی دەستەی چەکداریی کرد، ئەندامانی کۆمەڵە لە ماوەی ٥ ساڵدا، واتە لە ١٩٧٠- ١٩٧٥ تەنیا لە شارەکاندا بە شێوەی زۆر نهێنی لە پێناوی هۆشیارکردنەوەی کوردەواری لەسەر میتۆدو فەلسەفەی مارکسی- لینینی خەباتی سیاسییان دەکرد، کۆمەڵە بە هەموو واتایەك

جۆرێك بوو لە دامەزراندنی پەیوەندییەکی تازە لە نێوان تاکی لاوی خوێندەواری کورد بە پرانسیپە جوانەکانی شۆڕشگێڕیی و قوربانیدان بۆ مەسەلەی رەوای مرۆڤایەتی و کوردو خەڵکی کوردستان، کۆمەڵە بووە کەلتوورێکی شۆڕشگێڕیی و زیاتر لە سێ نەوەی پەروەردە کردو تەییاری کرد بە عەقڵییەتی یاخیبوون، نزیك لە هەناوی ئەو کەلتوورە چەندان هەڵقەی رێکخراوەیی هەڵگری بیروباوەڕی چەپ، بە تایبەتش مارکسی- لینینی لە دوای ساڵی ١٩٧٦ لە ناو شارەکانی کوردستانی باشوور لە دایکبوون و گەلێکجار ئەو رێکخراوانە ئەگەرچی خەباتی سیاسیی نهێنی نێو شارەکانیان هەڵبژاردبوو، بەڵام لە ئەدەبیاتەکانیاندا حەماسانەتر خۆیان نواندووە، زۆربەیان خاوەنی بڵاوکراوەو گۆڤاری تایبەت بە خۆیان بوون، ئێمە لە رێگای ئەم نووسینەوە هەوڵدەدەین پڕۆژەیەك لە پێناوی کۆکردنەوەو پێناسینی دنیای رۆژنامەگەریی ئەو رێکخراوە چەپانە رابگەیەنین.

## بۆ ئەم پڕۆژەیە...؟!

ئەوەندەی من بزانم تا ئێستا هیچ بابەتێکی زانستی یاخود هەر بابەتێك بێت کە پەیوەندیدار بێت بە بزاڤی رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی ناوشارەکان نەنووسراوەو باسنەکراوە، بە هەق ئەو بزاڤە بوونی هەبووەو چالاکی نواندووە، بەڵام لاواز بووە، هۆکاری لاوازیی بزاڤەکە بەندە بە ئاکارو هەڵسوکەوت و سیاسەتە داپڵۆسێنەرو سەرکوتکەرو کۆمەڵکوژییەکەی رژێمی دیکتاتۆری بەعس و سەدام حسێن، بەڵام



سەرەڕای ئەو سیاسەتەش لە نێو شارەکانی کوردستاندا چالاکییەك هەبوو، کە دەتوانین ناوی بنێین بزاڤی رۆژنامەگەریی چەپی نهێنی ناوشارەکان، لەم روانگانەوە دەکرێت وەك پڕۆژەیەکی رۆژنامەگەریی لە پێناوی رزگارکردنیدا لە فەوتان کاریان لەسەر بکرێت.

## چەپ و نهێنی و ناوشار...!

ئەو بزاڤە رۆژنامەگەرییەی کە ئێمە کاری لەسەر دەکەین زیاتر هەڵگری فەلسەفەی مارکسی- لینینی و گەڕانەوە بووە بۆ سەرچاوە ئەساسییەکانی ئەو فکرەیە، لێرەدا نامەوێت خۆم لە بەردەم دووڕیانی کۆمەڵێك زاراوەی (مارکسی- لینینی)، (چەپ)، (کرێکاریی)، (کۆمۆنیستی) ببینمەوەو نووسینەکەم رووبەڕووی گفتۆگۆیەکی هەمەلایەنە بکەمەوە، ئەوەی خوێندنەوەی منە ئەو گروپو رێکخراوانە زۆربەیان دەچنە خانەی چەپەوە، ئەگەر چەپەکان هەڵگری بۆچوونو ئایدۆلۆژی جیاجیابن، ئەوە جێیدێڵم بۆ مێژوونووسان و سیاسەتزان و سیاسەتناس و چەپناسەکان.

بۆ زاراوەی (نهێنی)یش ئەوە وەك لە کاتی راڤەکردنی بڵاوکراوەو گۆڤارەکاندا دەردەکەوێت، کە بە نهێنی چاپ و بڵاوکراونەتەوەو هەر بە نهێنییش دابەشکراون، سەبارەت بە زاراوەی (ناوشار)ەکان دوای بەدواداچوون و ساغکردنەوەو ئاگاداری خۆم و جۆری خەباتی رێکخراوەکان، کە زیاتر مەبەستیان لە هۆشیارکردنەوەی چینی کرێکاران بووە، بڵاوکراوەو گۆڤارەکانیان لە شارو شارۆچکەکاندا چاپکراون و

بڵاوکراونەتەوە، مەبەستم لە بەکارهێنانی زاراوەی ناوشاردا، ئەوەیە تا لەو بڵاوکراوەو گۆڤارانە جیایان بکەمەوە کە لە شاخ و لە پاڵ سەنگەرەکانی پێشمەرگەو لە ناوچە ئازادکراوەکاندا دەرچوون، ئەوەی ئەو دوو شوێنەش بە زەقی لە یەکتر جیادەکاتەوە، ڕێکخراو و حزبەکانی شاخ خەباتی شارو شاخ، سیاسیی و پێشمەرگایەتییان پێکەوە گرێدابوو، بەڵام گروپ و دەستەو ڕێکخراوەکانی تر تەنیا لە شارداو تەنیاخەباتی سیاسییان دەکرد، دیارە لە کاتی ناوهێنانی گروپ و دەستەکانی ناوشاردا هەرسێ زاراوەکە باشترو ڕوونتر واتای خۆیان بە دەست دەدەن.

## ١٩٧٦ تا ١٩٩١ بۆچی؟

وەك دەرکەوتووە ساڵی ١٩٧٦ بۆ یەکەمینجار دەستەیەکی چەند کەسی لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان جیابوونەوەو ناویان لە خۆیان نا (ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان)و لە نێو شاری سلێمانیدا دەستیان بە خەباتی سیاسیی کردو ٤ ژمارەیان لە بڵاوکراوەی (ڕەنجدەر- ئۆرگانی ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان) بە چاپگەیاند، ئەگەرچی مێژووی چەپی کوردی بۆ ساڵانی کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو مێژووە تا بە ڕۆژانی ١٩٧٥ دەگات تا ئاستێك لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی بۆ کراوە، بۆیە وام بە پێویستزانی کە لە دوای ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٥ دەستپێبکەم، کە بە هەموو واتایەك ئەو مێژووە بە مێژووی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیشەوە بەشێکە لە نوێگەریی‌و هەڵگری پەیامی جوڵانەوەیەکی تازەکردنەوە بووە، تازەکردنەوە



لە خەباتی ڕێکخراوەیی و سیاسیی و پێشمەرگانەدا، بە تایبەتیش بۆ فکرەو بزاڤی کۆمۆنیستی و هەڵسانەوەی شۆڕشگێڕانەی موتوربەکراو بە ئایدۆلۆژیای مارکسی- لینینی لە نێو شارەکاندا، کە زیاتر توێژی خوێندکارو ڕۆشنبیران و خوێنەرانی بە ئاگا؛ سەرکرایەتی ئەو ڕەوتەیان کردووە، بەڵام لە هەموو بوارو بارەکاندا ئەو مێژووە فەرامۆشکراوەو شتێکی ئاوای دەربارە نەنووسراوە، کە شایانی باسکردن و ئاماژە پێدان بێت.

دیارە لە نێو واقیعی ئەو خەباتەدا؛ نابێت خەبات و ڕەوتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان) لە شارو لە شاخ لە بیر بکرێت، بە تایبەتیش لە ساڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥، بەڵام دیارە ئێمە لە خەبات و مێژووی کۆمەڵە نادوێین، چونکە ئەو ڕێکخراوە لە دوای ناوەڕاستەکانی ساڵی ١٩٧٥-ەوە لە پاڵ خەباتی نهێنی ناوشارەکاندا دەستی بە خەباتی چەکداریی کردو تائێستا لە چەندان شوێندا باس‌و لێکۆڵینەوە سەبارەت بەو ڕێکخراوە نووسراوە، ئەگەرچی باس و بابەتەکان هەقی وردو دروستیان بە مێژووی باڵای کۆمەڵە نەداوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت لە فەرامۆشکردن دەربازیان کردووە، ئەمەو بێجگە لەوەی کە ئێمە زیاتر لەسەر ڕەوت و بزاڤی ڕۆژنامەگەریی ئەو دەستەو گروپ و ڕێکخراوە چەپانە دەوەستین؛ کە تەنیا لە ناوشارەکاندا خەباتی سیاسییان کردووەو بە گوێرەی زانیارییەکانیش هەڵگری ئەو پێناسەیەن، ئەو بزاڤەش کۆمەڵێك خاسیەتی تایبەتی لە

خۆی کۆکردووەتەوە، کە بە کۆکردنەوەی ئەدەبیاتەکانیان و لێکۆڵینەوەی بەڵگەکان وەڵامی کۆمەڵێك پرسیارمان دەستدەکەوێت.

## ڕەوتەکانی بزاڤی چەپ لە ناوشارەکاندا

بەڕای من دەتوانرێت بزاڤی ڕەوتی تازەی کۆمۆنیستی و کرێکاریی لە نێو شارەکانی کوردستانی باشووردا بەدەر لە خەباتی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)، بەسەر ئەم هەوڵ و قۆناغانەدا دابەشبکرێت:

- ساڵی ١٩٧٦ جیابوونەوەی دەستەیەك کادیرو پێشمەرگە لە کۆمەڵەی مارکسی- لینینی کوردستان (کۆمەڵەی ڕەنجدەران کوردستان)، دەستەی جیابووەوە ناویان لە خۆیان نا (ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان)، ڕێکخراوی ناوبراو توانییان هەر تەنیا کەمتر لە دوو ساڵ بەردەوام بن لە خەباتداو لەو ماوەیەدا زیاتر ناو شاری سلێمانییان کردبووە کوانووی خەباتی نهێنی خۆیان، هەر لە ناو شاری سلێمانیدا توانییان ٤ ژمارە لە ئۆرگانەکەیان کە ناوی (ڕەنجدەر) بوو؛ دەربکەن و بڵاوبکەنەوە.

- ساڵی ١٩٨٢ پاشئەوەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان دووەمین کۆنفرانسی خۆی گرێدا، سەبارەت بە چۆنێتی بیرکردنەوەی سەرکردایەتی کۆمەڵە بەرامبەر بە سەرچاوە ئەساسییەکانی مارکسی؛ جۆرێك لە سەرەتاکانی ململانێی فکرو گفتوگۆو گۆڕینەوەی بیروڕا لە نێو کادیرەکانی کۆمەڵە سەریهەڵدا، بەڵام نەبووە هۆی ڕاگەیاندنی ڕێکخراو یاخود دەستەیەکی تری نوێی کۆمۆنیستی یان مارکسی- لینینی، گفتوگۆی نێوان کادیران درێژەی پێدراو لە نێو ڕێکخەرانی نێو شارەکانیشدا



تەنیەوەو وردە وردە کۆمەڵێك ئەندامی ڕێکخەری کۆمەڵە بیرکردنەوەیەکی تریان لە لا درووست بوو، کە جیاواز بوو لە بیرکردنەوەکانی کۆمەڵێك ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان، ئەو تاکانە بە گۆڕینەوەی بیروڕا لە یەکتر نزیکبوونەوەو چەند دەستەو گروپێکی کۆمۆنیستیان درووستکرد، کە دامەزرێنەرانیان بریتیبوون لە خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی (سەلاحەدین)و زانکۆی موسڵ و بەغداو پەیمانگاکانی تەکنیکی و مامۆستایان و چەند کەسێکی تر، ئەو سەرەتایە سەرەتایەکی تۆکمە نەبوو، بۆیە دەبینین ماوە ماوە تاکەکان لە خەبات سارد دەبوونەوەو وازیان لەم ڕێکخراوە دەهێناو ڕێکخراوێکی تریان ڕادەگەیاند.

- ساڵی ١٩٨٤، ساڵی هەژانی فکری مارکسییەت بوو لە کوردستانی باشووردا، کە تیایدا کۆمەڵێك سەرکردەی خاوەن نفوز لە ئەنجامی پێکەوەهەڵنەکردن لەگەڵ چەند سەرکردەیەکی تر لە ناو کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستاندا، لە کۆمەڵە جیابوونەوەو ڕێکخراوی (ئاڵای شۆڕش)یان ڕاگەیاند، ئاڵای شۆڕش بە سەرەتایەکی زۆر بەهێز هاتە مەیدانەکە، بەڵام پاش ماوەیەك لەبەر چەندان هۆکار، هێزو نفوزی خۆی لەدەستدا! ئیتر لە نێو هەژمونی ئەو مێژووەدا هەڵگرانی فکرەی چەپ لە نێوان شارەکانیشدا گوڕێکی تریان بە خۆیان داو کەوتنە کۆکردنەوەی ڕیزەکانی خۆیان، مەیدانیتر کەوتنە خەباتکردن، کە زۆربەیان لە ژێر کاریگەریی کۆمەڵەی زەحمەتکێشی شۆڕشگێری کوردستانی ئێران، پاشان حزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بوون، بە تایبەتیش لەو کاتەی کە کۆمەڵەو

چەند ڕێکخراوێکی کۆمۆنیستیی کرێکاریی ئێرانی ڕێکەوتن کە (حزبی کۆمۆنیستی ئێران) دابمەزرێنن، ئەدەبیاتی ڕێکخراو و گروپە چەپەکان کە لە نێو شارەکانی کوردستانی باشووردا خەباتیان دەکرد؛ بەشێکی هەرە زۆری بریتی بوو لە ئەدەبیاتی حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

- ساڵی ١٩٩٠ کە عێراق، دەوڵەتی کوێت- ی داگیرکرد ئاو و هەوایەکیتری سیاسیی و مەیدانێکی والاتر فەراهەم بوو بۆ خەباتی نێو شارەکان، دەبینین لەو مێژووەدا تا بە ڕۆژانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ دەگات، بزاڤی ڕەوتە چەپەکان فراوانتر دەبێت و شێوەی خەباتەکەشیان نفوزدارتر دەبێت.

## ناوی ڕێکخراو و دەستەو گروپە چەپەکان

وەك کارێکی سەرەتایی و بۆ بە بەڵگەدارکردنی باسەکە؛ وا ناوی ئەو ڕێکخراو و دەستەو گروپە چەپانە دەنووسینەوە، کە لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦ تا ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە ناو شارەکانی کوردستانی باشووردا خەباتی سیاسییان کردووە، ئەمەو بێجگە لەو حزب و ڕێکخراوانەی کە لە شاخ بوون و خۆیان بە چەپ دادەنا:

- ڕێکخراوی ڕەنجدەرانی کوردستان: ئۆرگانەکەیان ناوی "ڕەنجدەر" بوو.
- کارگەران.
- کار، ئەمانە لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو پەیدابوون، لەگەڵ کارگەران ململانێیەکی زۆریان هەبوو، ئۆرگانەکەیان ناوی"کار" بوو.



- بەرەی زەحمەتکێشان (بەرزە) نەجمەدین فەقێ عەبدوڵڵا دامەزرێنەری بوو، لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خۆیان ڕاگەیاند...
- ئەڵقەی ئەرکەکانمان، ئەمانە ناویان نەبوو، بەڵام نووسینێکیان بە نێوی "ئەرکەکانمان"ەوە دەرکرد، ئیتر هەر بەو ناوەوە ناویان دەرکرد، خەسرەو سایەو کەسێکی تر ئەو نووسینەیان نووسیبوو.
- ئەڵقەی ئۆکتۆبەر، ئەم ئەڵقەیە سالار ڕەشیدو عیزەدین مەجیدو ڕاستگۆ (سادق) دایانمەزراند، لایەنگری کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست بوو.
- کۆمەڵەی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (کۆتك).

لە لایەن ڕێبوار ئەحمەد، ڕەحمان داود، سالار ڕەشید دامەزرا. ئۆرگانەکەیان، "ئاسۆی سۆسیالیزم" بوو. - کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار، تاهیر حەسەن، گەشاو محەمەد، عەلی پێنجوێنی دایانمەزراند، ئۆرگانەکەیان ناوی خەباتی کرێکار بوو.

- هەستەی کرێکارانی سۆسیالیست.
- سەرنجی کرێکار، پاش ئەوەی هەستەی کرێکاری کۆمۆنیست نەما؛ ئەم ڕێکخراوە لە لایەن چەند کەسێکی نێو هەستەی کرێکاری کۆمۆنیست دامەزرا، لە دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە، خەسرەو سایە، سامان کەریم، ئاسۆ کەمال، ئۆرگانەکەیان ناوی "سەرنجی کرێکار" بوو، بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناویان دەرکرد. ئەم سەرنجی کرێکارە، بەشداربوون لە دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق (حککع).

- ڕەوتی کۆمۆنیست، دوای لەتبوونی کارگەران، ئەمانە لە بەشێکی کارگەران دروستبوون.
- بڵێسە، ئەمانە لە کارگەرانەوە دروست بوون، ئەحمەد موعین و جەبار لە دامەزرێنەرانن.
- یەکێتی خەباتی کۆمۆنیزمی کرێکاری.
- پرۆلیتاریای کۆمۆنیست.
- دەستەی پێشڕەوانی پرۆلیتاریا.
- دەستەی ڕێبازی کۆمۆنیست.
- یەکێتی خەباتی کۆمۆنیستەکان.

دەکرێت ناوی کۆمەڵێك بەڕێزی تر بۆ ئەم ناوانە زیاد بکرێن، کە لە دەستەی دامەزرێنەرو چالاکی مەیدانی ئەو بوارە بوون، بەلاّم من جاریّ هەر ئەوەندە زانیارییەم بۆ کۆکرایەوە، پێشەکی داوای لێبووردن لە هەرکەسێك دەکەم کە ناوی نەهاتووەو بە هیوای پەرەپێدان بە باسەکە، هەروەها ریزبەندکردنی ناوی گروپ و ڕێکخراوەکان پەیوەندیی بە ساڵی دامەزراندنیان نییە، بەڵکو بە شێوەیەکی ڕەمەکی دانراون، چونکە تا ئێستا زانیاری بەڵگەدار بۆ ئەو مەبەستە نییە، بە هیوام بەیاننامەی دامەزراندنی هەر یەکێك لەو گروپ و ڕێکخراوانەمان دەستبکەوێت؛ تا ریزبەندو پۆلێنێکی درووست بکەین.



## ڕۆژنامەگەریی نهێنی چەپی ناو شارەکان

ئەو ڕێکخراو و دەستە ناوبراوانەی پێشەوە بلاّوکراوەو گۆڤاری تایبەت بە خۆیان هەبووە، کە بلاّوکراوەکان زیاتر ئۆرگانی ڕێکخراوەکانیان بوون، بۆ ناودێرکردنی بلاّوکراوەو گۆڤارەکانیان زیاتر سوودیان لە کەلتوەری مارکسی- لینینی وەرگرتووەو دەبینین تا بۆ هەڵبژاردنی ناوێك بۆ ئۆرگانەکانیان هەمان ناویان دووبارە کردووەتەوە، کە پێش و دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ی حزبی کۆمۆنیستی ڕووسی بلاّویکردووەتەوە، ئێستاش بەپێی زانیاری بەردەست ناوی چەند بلاّوکراوەو گۆڤارێك دەنووسینەوە کە ڕێکخراو و دەستە کۆمۆنیست و کرێکارییەکان لە ماوەی ساڵانی ١٩٧٦-١٩٩١ لە کوردستانی باشوور چاپ و بلاّویان کردووەتەوە:

- کار
- خەباتی کرێکار
- ئاسۆی سۆسیالیزم
- سەرنجی کرێکار
- پرۆلیتاری
- کرێکاری کۆمۆنیست

... هتد

## گۆڤاری خەباتی کرێکار... وەك بەڵگە

تا ئەو کاتەی زۆربەی گۆڤارو بڵاوکراوەکانی ئەو رێکخراو و دەستە چەپانە دەدۆزرێنەوە؛ بە گوێرەی بوونی سەرچاوە هەوڵدەدەم ناوە لایەنێك لەو رەوتە رۆژنامەگەرییە بەسەر بکەمەوە، وا لەگەڵ ئەم کورتە نووسینەدا گۆڤاری "خەباتی کرێکار" دەخەمەڕوو، خەباتی کرێکار ئۆرگانی کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار بووەو لە ساڵی ١٩٩٠- ١٩٩٣ شانزدە ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام ئەگەر وەك سنووری باسەکەم (واتە تا راپەڕینی ئازاری ١٩٩١) باس لە ژمارەکانی گۆڤاری خەباتی کرێکار بکەم، ئەوە لەو ماوەیەدا تەنیا ٤ ژمارەی لێدەرچووە، بەم شێوەیە:

- ژمارە ١ لەوە دەچێت لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٩ یاخود سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووبێت، چونکە رێکخراوی (کۆمەڵەی کرێکارانی ١ی ئایار لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٩ دامەزراوە).
- ژمارە٢ لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٩٠ دەرچووە.
- ژمارە ٣ نەمبینیوە.
- ژمارە ٤ لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٩١ دەرچووە.

## کورتە پێناسە

بۆ ناساندنی ئەم دوو ژمارەیە وا ئەم کورتە زانیارییانە دەخەمەڕوو:

ژمارە ٢، بریتییە لە ٨٩ لاپەڕە، تەواوی بابەتەکان بە دەست نووسراونەتەوەو بۆ لەبەرگرتنەوەی ژمارەی تر کاربۆن بەکارهاتووەو



کاغەزی لاپەڕەکانی بریتین لە کاغەزی رایزی زۆر تەنكو لەسەر یەك رووی لاپەڕەکاندا، بابەتەکان نووسراونەتەوە.

بۆ بەرگی گۆڤارەکە کارتۆنی ٧٠ غرامی بەکارهاتووەو ناوی گۆڤارەکەش بە دەست نووسراوەتەوە، لەتەك ناوی گۆڤارەکە وێنەی ئەستێرەیەكو چەکوش و داسێك دانراوە، بەڵام لەبەرگی دواوەدا تەنیا بە خەتێکی درشت دروشمی (کرێکارانی جیهان یەکگرن) نووسراوە، قەبارەی گۆڤارەکە بریتییە لە کاغەزی نیو فولسکاب.

ژمارە ٤ بریتییە لە ٨٣ لاپەڕەو تەواوی کارە هونەرییەکانی وەك ژمارە ٢ وایە.

## ناونیشانی بابەتەکانی ژمارە ٢ و ٤

### ژمارە ٢

- گەرنگترین داخوازییەکانی کرێکاران لە قانوونی کارێکی دیمکراتیکدا... کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار، حزیرانی ١٩٩٠، لاپەڕە ١- ٤.
- بڵاوکردنەوەی وێنەی کاریکاتێرێکی جیهانی ئەم تەعلیقەی لەسەر نووسراوە، سنة الطفل العالمیة... ل٤.
- رۆژی جیهانی منداڵ و وەزعی منداڵانی کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق... رێبوار، ل٥-١٢.
- داخوازییەکانی کرێکاران سەبارەت بە منداڵان... کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار، حزیرانی ١٩٩٠، ل١٣-١٤.

- چیمان لـە دەسـت دەچـێ؟!... ل١٦-٢٠، چـیرۆکێکی کـاوس نـوری قـەفتان، کۆمەڵـەی کرێکـارانی یـەکی ئایـار پـاش دەسـتکاریکردنی ناونیشانو ناوەڕۆکی چیرۆکەکە جارێکیتر بڵاویان کردووەتەوە، لـە ئەسـڵدا ئەم چیرۆکە لە ژمارە ١١٤٧- ١١٤٨ی رۆژنامەی ژین لـە سـاڵی ١٩٥٣دا بڵاوبووەتەوە.

- سەربازگیری بەرفراوانو وەزعی سەربازان... نەبەز، ل٢١- ٢٩.

- مانفێـستی ئیتیحـادی کرێکـارانی ئـەوروپا و سـەرنجی ئێمـە... ئامادەکردنی: رێبوار، سەرکەوت، ل٣٠- ٤٢.

- دەقی نامەی هاوڕێی کرێکارمان (شوان)... ل٤٣- ٤٦.

- وەڵام بە نامەکەی هاوڕێ شوان... کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایـار، ل٤٧-٥٠.

- وەڵام بە نامەکەی هاوڕێ رێناس... ل٥١-٥٦.

- هاوڕێیانی کرێکار بۆ خـەباتی کرێکـار نامـە بنووسـن.... رێبـوار، ل٥٧-٦٣.

- ئیعـدامی کرێکـاری تێکۆشـەر جـەمال چـراغ وەیـسی مـەحکوم دەکەین... کۆمەڵەی کرێکارانی یەکی ئایار کۆتایی ئایاری ١٩٩٠، ل٦٤-٦٨.

- دەقـی بەیانییـەی (کۆمەڵـە) سـەبارەت بـە اعـدامی کرێکـاری تێکۆشەر جمال چراغ ویسی... ل٦٩ و ٧٠ چەند هەواڵ و راپۆرتی کرێکاری لەسەر چۆنێتی بەڕێوەچونی جەژنی کرێکاری ئەمساڵ... ل٧١-٨٤.

- نامەی ئەم هاوڕێیانەمان بە دەست گەیشت... ل٨٩.



ژمارە ٤

- بەرەو سازماندانی سۆسیالیزمی کرێکاری... رێبوار، ل١-١٥.

- (پرۆلیتاری) و (کرێکـاری کۆمۆنیـست) لـە بەرامبـەر تێـڕوانینی کرێکاریدا... رێبوار، ل١٦-٢٩.

- کرێکاران چ قانون کارێکیـان ئـەوێ... نووسـینی: حمیـد تـەقوایی، وەرگێڕانی: ئەحمەد، ل٣٠-٤١.

- چاوگێڕانێك بەسەر ئەوزاعی کارگە ئەهلییەکانـدا... نەبـەز، ل٤٢-٥٨.

- لە پرسەی ٣٤ کرێکاری هاوچینماندا... بریتییە لە کۆمەڵێك نامـە لە لایەن کۆمەڵێك کرێکاری شارەکانی کەرکوك، هەولێر، سلێمانی بـەو بۆنەیە بۆ گۆڤارەکە نێردراوە، ل٥٩-٧٤.

- گۆشەی هەڵبژاردەیەك لە نامەی هاوڕێیان... ل٧٥-٨١.

هەواڵەکان... ل٨٢-٨٣.

- نامەی ئەم هاوڕێیانەمان بە دەست گەیشت... ل٨٣.

## خەباتی کرێکار وەك بەرهەمێکی رۆژنامەگەریی

گۆڤاری "خەباتی کرێکار" لە چەندان بواردا دەکرێت خوێندنەوەی بـۆ بکرێت، بەڵام ئەوەی ئێمـە لـەم نووسـینەدا لێـی دەدوێـین، بـوونی پەنجـە نماکانی رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووسییە بە رووکارو ناوەڕۆکی بابەتەکانی گۆڤارەکەدا.

ئەگەرچی تەواوی بابەتەکانی گۆڤارەکە بە دەست نووسراونەتەوە، بەڵام هەوڵدراوە بە خەتێکی خۆش بابەتەکان بنووسنەوە؛ تا بۆ خوێندنەوە، چاوی خوێنەران زۆر ئازار نەدات، ئەمەو سەرەڕای تەئکیدکردنەوە لە نووسینی ناونیشانی سەرەکی و ناونیشانە لقییەکان بە خەتی درشت و دیارو لەبەرچاوان نووسراون، هەروەها بە وردیی رەچاوی بۆشایی نێوان دێڕەکانیش کراوە، کە وا هەست دەکرێت هاوسەنگییەك لە نێوان دێڕەکاندا شێوەیەکی تا رادەیەك ئەندازەیی پێدراوە.

کارێکی وردو بە سەلیقە بۆ هەڵبژاردنی بابەتەکان کراوەو وەك دابێکی نووسین، ناونیشانەکان تەواوکەری ناوەڕۆکی بابەتەکانن، تا لە کاتی هەڵبژاردنی ناونیشانە لقیەکانیشدا هەست بە دابڕان لە بابەتە سەرەکییەکان ناکرێت، ئەوەی کە سەرنجی خوێنەران بەرامبەر بە بابەتەکان خوردکردووەتەوە، هەڵبژارنی ناونیشانە سەرنجڕاکێشەرە واقیعییەکانن بە پێوەری ئەوسا.

گۆڤاری ناوبراو زیاتر وتاری بڵاوکردووەتەوەو وتارەکانیش زۆربەی هەرە زۆریان وتاری سیاسین و نووسەرانی وتارەکانیش ئەگەر بە ئاگابن یاخود بێ ئاگا؛ بە چەشنێك وتارەکانیان داڕشتووە کە زۆربەیان دەچنە خانەی وتاری سیاسیی رۆژنامەنووسییەوە، بەڵام بۆ لایەنی درێژدادڕیی لە چەندان وتاردا هەست بە دووبارەکردنەوەی بابەت و دەستەواژەو بەڵگەکان دەکرێن، ئەمەو چەند وتارێکیش دەچنە خانەی لێکۆڵینەوەی سیاسیی، مرۆڤ دەتوانێت ئەو چەشنە گۆڤارانە ناوبنێت گۆڤاری تایبەت بە بابەتی تیۆریی.



بڵاوکردنەوەی هەواڵ گرنگیی پێدراوە، بەڵام گرنگیی بە هەیکەلی نووسینو داڕشتنی هەواڵ نەدراوە، بە تایبەتیش رەگەزی کات لە زۆربەی هەواڵەکاندا ونە، ئەمەش رەنگە بەند بێت بە کورتهێنانی دەسەڵاتی ئەو برادەرانەی کە گۆڤارەکەیان دەرکردووەو شارەزای داڕشتنی هەواڵ نەبوون، وەکو میتۆدی کارکردن و ئاراستەش ئەو هەواڵانە بڵاوکراونەتەوە کە پەیوەستن بە کارو کارگەو ژیانی کرێکاران.

ئەوەی کە بووەتە جێگای سەرنجی من لەو دوو ژمارەیەی "خەباتی کرێکار"دا؛ باڵادەستیی زمانی نووسینی ئەو برادەرانەیە کە وتارو بابەتەکانیان لە گۆڤارەکەدا بڵاوکردووەتەوە، ئەمەو سەرەڕای ئەوانەی کە کاریان تێداکردووە، ئەگەرچی زمانی نووسینی بابەتەکان راستەوخۆ لە ژێر کاریگەریی زمانی ئەو بابەتانەدا بووە کە لە گۆڤاری (کۆمەڵە- ئۆرگانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان)و (پێشڕەو- ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران/ سازمانی کۆمەڵە) بڵاوکراونەتەوە، بەڵام هەستدەکرێت کە گەڕان و پشکنینێك هەیە بۆ دەرباز بوون لەو شێوازو داڕشتنانە، بە کورتی من سەرسامم بەو کوردییە جوانەی کە لە گۆڤاری خەباتی کرێکاردا وتاری سیاسیی پێ نووسراوە، بە تایبەتیش هەوڵدراوە وتارەکان لە وشەو زاراوەی بێگانە وشەبژێر بکرێن.

## لە کۆتایدا

لە دوا وتەدا سوپاسی هاوڕێیانی کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق دەکەم، کە چەند سەرچاوەیەکی پەیوەند بە باسەکەیان خستە بەردەستم، هەروەها سوپاسی برای ئازیزم سالار ڕەشید دەکەم کە بە باسەکەمدا چووەوەو بە کۆمەڵێك سەرنج بابەتەی دەوڵەمەند کرد، هەروەها سوپاس بۆ هاوڕێ، تاهیر حەسەن ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق لە وەڵامی چەند پرسیارێکمدا ڕووناکی خستە سەر چەند لایەنێك لە لایەنەکانی باسەکەم.

**سەرنج:**

**ئەم بابەتە لە گۆڤاری ڕۆژنامەنووس، ژمارە ١٢، ساڵی ٢٠٠٧ بڵاوبووەتەوە.**



## "ئاشتی"ی
## کۆمەڵەی گەلی کوردستان


بەرەو ئاشتییەکی پەواو ئاسوودەیی گەلان!

ئاشتی

ASTi . PEACE . FRED

ژمارە ١ — ساڵ 1983

وتەی ژمارە

بۆچی ئاشتی ؟!

پێویستی هاتنەکایەی «کۆمەڵەی گەلی کوردستان»

ئاشتی و خەباتی گەلان

## سەرەتا

هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، لە دەرەوەی خاکی کوردستان، پێویستی بە پێکهێنانی لیژنەو دەستەی تایبەت هەیە، چونکە بریتییە لە هەزاران لاپەڕەی پەرت و بڵاوی نێو کارتۆنی تۆز لێ نیشتووی ژوورو گۆشەو ژێرزەمینی لاتەریك و فەرامۆشکراو، ئەو لاپەڕانە لە کوردستان خراپتر پارێزراون و خەمخۆریی پاراستنیان لە چەند ناوێك بترازێت؛ کەسیتر نایەتە بەرچاو، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە لە کوردستانی باشوور ئەوە چەند ساڵێکە بەرهەمی سەنگین و رەنگین لە پێناوی کۆکردنەوەو لێتوێژینەوەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی پێشکەشکراوە، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان، سەرەڕای بوونی چەند ناوەندێك بە ناوی ئەرشیف و پاراستنی سامانی نەتەوایەتی کورد، تا ئێستا بەرهەمێك چاپنەکراوە، کە یەك بە قەد هەزاریی ئەو پارەیە بێت کە بە ناوی پرۆژەو پرۆژەکراویی ساڵانە لە حکومەتەکانی دەرەوە وەردەگیرێت، دیارە مەبەستم لەو کوردانەیە کە ئێستا لە وڵاتانی ئەورووپاو ئەمریکا دەژین.

سەیرتر ئەوەیە لەو سویدەی کە منی تیایدا دەژیت چەند کۆمەڵەیەك هەن بە ناوی ئەرشیف و پاراستنی کەلەپوورو سامانی کوردی، کەچی نازانن وشەو زاراوەکانی سامان و کەلەپوور واتای چییەو یەك لاپەڕەیان لەو بوارەدا چاپنەکردووەو ئامانجیان ئەوەیە هەموو رۆژێك ساڵێکی تازە بێت تا پرۆژەیەك بە ناوی پاراستنی بوارێك لە بوارەکانی سامانی کوردی پێشکەش بە حکومەتی سویدی بکەن.



ئەم بابەتە لێدوان و گفتوگۆی زیاتر هەڵدەگرێت و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکان رەنگە دەیان قەڵەم تیژو پاڵەوانی مەیدانی ئەدەب و هونەرو سیاسەتی ئەمڕۆی کورد لە دەرەوەدا رەنگ زەردو لەرزیو و شپرزە بچنە بەرردەمی دادگا، بۆیە ئەو دێڕانەی پێشەوە با سەرەتای زەنگێك بن، تا دۆکیۆمێنتەکانمان لەو رووەوە دەوڵەمەندتر دەبن.

## پێشەکی

لەم بابەتەدا لە بڵاوکراوەی "ئاشتی" دەدوێین کە ساڵی ١٩٨٣ "کۆمەڵەی گەلی کوردستان" لە وڵاتی سوید چاپ و بڵاویکردووەتەوە، لەم نووسینەدا بێجگە لە نووسینی چەند دێڕێك سەبارەت بە مێژووی کۆمەڵەی گەلی کوردستان، لە بارەی فۆرم و ناوەڕۆکدا، وردەکارییەکانی بڵاوکراوەی ئاشتی دەخەینەروو، بە تایبەتیش لە تایپ، ناونیشان، سەروتار، وێنە، وتار، ئەدەب، چاوپێکەوتن، زمان... دەدوێین، بە هیوایین چۆنێتی لێکۆڵینەوە لەم بابەتە ببێتە سەرەتایەك بۆ لێدوان لەو دەیان رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە کوردییانەی کە لە ئەورووپاو ئەمریکا بڵاوکراونەتەوەو تا ئێستا باس نەکراون، یاخود لە چەند دێڕێکی پڕ هەڵەو کەموکوڕیی بترازێت شتێکی بەڵگەداری پڕ زانیارییان لەسەر نەنووسراوە.

## کۆمەڵەی گەلی کوردستان!

سیستمی بەڕێوەبردن و گۆڕینەوەو ئاڵوگۆڕ لە سوید بە شێوەیەك داڕێژراوە کە پەیوەندیی ئاشکراو رەسمیی لەگەڵ هیچ حزب و گروپێکی

سیاسیی گرێنادات کە وەك ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکانیان چالاکی لەسەر خاکی سوید بنوێنن، بەڵام هەوڵیداوە لە ڕێگای چەند کەناڵێکی تایبەتییەوە لەگەڵ چەندان حزب و گروپی سیاسیی لە کۆبوونەوەی نارەسمیی و بە نهێنی زانیاری وەربگرێت و گوێڕادێربێت، بەرامبەر بە چەند حزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردیش هەمان مامەڵەی کردووە، ئەی کەواتە کورد چۆن توانیویەتی تا ئێستا سەدان چالاکی سیاسیی و هونەریی و ئەدەبی بنوێنێت؟

لە سوید سیستمی دامەزراندن و داوای مۆڵەتی کۆمەڵەو دەستەو گروپی کۆمەڵایەتی و ڕووناکبیریی و هۆشیاریی و کەلەپووریی هەیە، کوردیش سوودی لەو سیستمەو بەندەکانی سیستمەکە بینیووە. لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو یەکەمین کۆمەڵەی کوردیی سویدی دامەزراوە، بەڵام لە هەشتاکاندا کۆمەڵێك، کۆمەڵە دامەزراون و تا ئێستا چالاکی دەنوێنن، یەکێك لەو کۆمەڵانە "کۆمەڵەی گەلی کوردستان" بووە، کە لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٨٣ دامەزراوەو پاش ماوەیەکی کورت دەستی بە نواندنی چالاکی کردووە وەك: سازکردنی کۆڕو کۆبوونەوەو ڕێپێوان و خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی و دەرکردنی بەیاننامە. سەبارەت هەڵکەوتەی مێژوویی بۆ دروستکردنی کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە ژمارە (١)ی بڵاوکراوەی "ئاشتی" نووسراوە: (ناوەرۆکی پێشکەوتن خوازانەی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردمان لە پاش هەڵگیرساندنی شۆڕش لە ساڵی (١٩٧٦)وە چەندین پێداویستی لەگەڵ خۆیدا هێنایە مەیدانی خەباتەوە کە بێ گومان شۆڕش خۆی زەمینەکە



بوو، خەبات کردن بە تایبەتی خەباتی دیموکراتی و پێشکەوتن خوازانەی ئەو کوردانەی لە دەرەوە یان دەرەوەی سنووری کوردستانن بوو بە خاڵێکی گرنگ لەو پێداویستیانە بە لاوان و خوێندکاران و ئافرەتان و... هتد بۆیە کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سوید وەك ڕەنگ دانەوەیەکی سروشتیانەی سەرەتا پێشکەوتن خوازەکانی شۆڕش هاتە مەیدانی خەباتی جەماوەرییانەی کوردستان لە دەرەوەی وڵات).

جێگای ئاماژە کردنە زۆربەی زۆری کۆمەڵە کوردییەکان سەر بە حزبەکانی ناوەوەی کوردستانن و حزبەکان وەك سێبەر و چەترێك بۆ خۆیان دایانمەزراندوون و حکومەتی سویدیش بەمە دەزانێت، بۆ نموونە ڕێکخستنەکانی ئەو حزبانە بە ئاشکراو بە ئامادەبوونی نوێنەرانی حزبی دەسەڵاتداری وڵاتەکە کۆنفرانسی حزبی خۆیان دەبەستن، بەڵام نەك بە ناوی ئاشکرای حزبەکانیان مۆڵەتی کۆنفرانس و کۆبوونەوە حزبییەکانیان وەربگرن، بەڵکو بە ناوی ئەو گروپ و کۆمەڵانە کارە حزبییەکانیان ڕادەپەڕێنن کە وەك چەترێك مۆڵەتی کارکردنیان وەرگرتووە، بەگوێرەی زانیاریی ئێمە کۆمەڵەی گەلی کوردستان سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە و بێجگە لە دەرکردنی ئەو دوو ژمارەیە لە بڵاوکراوەی "ئاشتی" تا ئێستا چەندان چالاکی دیاری سازداوەو ڕۆڵێکی بەرچاوی لەو خۆپیشاندان و ڕێپێوان و کۆڕو کۆبوونەوانە هەبووە کە کاتی خۆی دژی ڕژێمی سەدام حسێن سازکراوە، ئەمەو بێجگە لە بەشدارییکردن و سەرپەرشتیکردنی یادە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانی وەك نەورۆزو هەڵەبجە... هتد، هەروەها ئەندامانی کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سەرەتای

هەشتاکانی سەدەی رابـردوو رۆڵێکـی دیاریـان بـینی لـە دامەزرانـدن و پێکهێنان و راگەیاندنی (فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییـەکان) لـە وڵاتـی سویدا، هەر لە سەرەتای نەوەدەکانی سـەدەی رابـردوودا شـەوە هەفتانـە رادیـۆیی هەیـەو لـە مـاوەی دوو کاتـژمێردا بەرنامـەی هەمـەڕەنگ و جۆراوجۆریی سیاسیی و روناکبیریی پێـشکەش دەکـات، لـەم نووسـینەدا تەنیا لە بڵاوکراوەی (ئاشتی) دەدوێین، کە کۆمەڵەی ناوبراو دەریکردووە.

## بڵاوکراوەی "ئاشتی"

نامەوێت لێرەدا جیاوازییەکانی (گۆڤار) و (رۆژنامـە) و (بڵاوکـراوە) دووبارەو سێبارە بکەمەوە، بەڵام پێویستە ئەوە بە بیری خوێنەران بهێنمەوە، کـە هەرسـێکیان بەشـێکن لـە دنیـای رۆژنامەگـەریی و هەریـەکێکیان هەڵگری کۆمەڵێك خاسیەتن، بەڵام لە یەك ژانری سەرەکیدا یەکدەگرنـەوە کـە گەیانـدنی هـەواڵ و پـەیامێکی هەنووکەییـە، لـە روانگـەی جیاوازییەکاندا (ئاشتی)م لە خانەی (بڵاوکراوە)دا داناوە، (ئاشتی) لەسەر قەبارەی لاپەڕەی (A٤)چاپکراوە، بابەتەکان بە تایپی ئاسایی تـایپکراون، بە دەست نەخشەی لاپەڕەکان کێشراون، ناونیشانی سەرەکی بابەتـەکان تـا بـە وشـەی (ئاشـتی) دەگـات، بەدەسـت نووسـراون، سـتوونی نووسـینی بابەتەکان لە نێو لاپەڕەکاندا جیاوازییان هەیە، واتە یەك پێوانەی درێـژی و پانی رەچاونەکراوە، تەنیا رەنگی رەش بەکارهێنراوە، سنگی لاپەڕە یـەك، واتە بەشی لای سەرەوەی لاپەڕەکە، بەم شێوەیە دابەشکراوە: لە ناوەڕاسـتدا ناوی بڵاوکراوەکە (ئاشتی) نووسـراوە، بـەلای دەسـتە راسـتدا هێڵکـاریی



(کـۆتر)ێـك دانـراوە، لـە سـەرووی نـاوی (ئاشـتی)دا ئـەم دەسـتەواژەیە نووسراوە، "بـەرەو ئاشـتییەکی رەواو ئاسـوودەیی گـەلان" لـە ژێـر نـاوی (ئاشتی) وشەی (ئاشتی) بە رێنووسـی لاتـینی و بەرامبـەر وشـەکە بـە ئینگلیزی و سویدی دانراوە، واتە وشەی (ئاشتی) بەو دوو زمانە نووسراوە، لە ژێر ئەوانیش بێجگە لە ژمارەو ساڵی دەرچـوونەکەی ئـەم دەسـتەواژەیە دانراوە: (ئۆرگانی کۆمەڵەی گەلی کوردستان لە سوید).

## ناوەڕۆکی هەردوو ژمارەکە

وەك ئاماژەمـان پێـدا؛ کـە بڵاوکـراوەی (ئاشـتی) تـەنیا دوو ژمـارەی لێدەرچووە:

*** ژمارە(١) ساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو بریتییە لە (٦) لاپەڕە.**

- پێویستی هاتنەکایەی کۆمەڵەی گەلی کوردستان... ل١.
- بۆچی ئاشتی؟!... ل١ (وتەی ژمارە)یە.
- ئاشتی و خەباتی گەلان... ل٢.
- ڤیدیۆیەکی واقیعی... ل٢.
- با لە پێشمەرگەوە دەرسی ورە بـەرزی فێـربین... ل٣ (چـاوپێکەوتنی ئاشتی).
- شۆڤێنیزم بە شۆڤێنیزم چارەسەر ناکرێت... ل٥.
- نازانم چۆن... شیعر... ل٦ (دوالاپەڕە).
-خۆزگە... ل٦.

*** ژمارە(٢) ساڵی ١٩٨٣ دەرچووەو بریتییە لە (٨) لاپەڕە.**

- کام ئاشتی... ل١ (وتەی ژمارە).
- پروپاگەندەکان چی دەگەیەنن... ل١.
- دیموکراسیەتی شەرمەزاری... ل٢.
- ئەی سەدام پاساری، چەند قادسیەیەکی نازداری... ل٤.
- با لە ئاستی فیداکاری پێشمەرگەدابین... ل٥ (چاوپێکەوتنی ئاشتی).
- پیرۆزبایی... ل٦.
- ئاشتی لە روانگەی شەهید- ئارام- ەوە... ل٦.
- ئاوڕدانەوەیەك لە کوردستانی بەشی تورکیادا... ل٧.
- نامەیەکی ئەندامەتی... ل٧.
-خۆزگە... ل٨ (دوالاپەڕە).
-خوا دەزانێ... شیعر... ل٨.

لە هەردوو ژمارەکەدا ناوی رۆژو مانگی دەرچوونی بڵاوکراوەکە ئاماژەی پێنەدراوەو تەنیا ساڵ نووسراوە، بۆ ناونیشانەکەشی (ستۆکهۆڵم- سوید) نووسراوە.

### وێنە

ئەم بڵاوکراوەیە زۆر کەم گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وێنە داوەو ناشزانرێت هۆکاریی ئەمە چییە! لە هەر ژمارەیەکیدا یەك وێنە بڵاوبووەتەوە، لە ژمارە (١)دا لەگەڵ ئەو چاوپێکەوتنەی لەگەڵ (کاوە محەمەد ساڵح)ی پێشمەرگە کراوە، وێنەکەی بڵاوکراوەتەوە، لە ژمارە (٢)شدا بە هەمانشێوە لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەی (مامۆستا عەزیز)



وێنەکەی دانراوە، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتێکی پێشکەوتووی وەك سویددا بەحاڵ وێنەکان دەناسرێنەوە، چونکە زۆر کاڵن و لە چاپکردندا زۆر ئاشکراو روون نین، لەوە دەچێت بڵاوکراوەکە دوای تایپ و نەخشەسازیی بە ئامێری کۆپی راکێشرابێت.

## ئاڕاستەی کاری ئاشتی

لەو رووەوە دەکرێت چەند دێڕو پەرەگرافێك لە (وتەی ژمارە)کان بگوازینەوە، کە تیایدا هەستدەکرێت ئەگەر دوژمنە فاشی و دیکتاتۆرو شۆڤێنییەکانی کورد نەبن، کورد هەردەم ئاشتی و گفتوگۆی بە رێگاچارەی کێشەی نەتەوەکەمان زانیوە:

(گەلی کورد وەك هەموو گەلانی تری دونیا حەز بەوە دەکا لە خاکی خۆیدا بە ئاشتی و برایەتی لەگەڵ دراوسێکانیدا بژی... هەرگیز گەلی کوردمان شەڕخواز نەبووە و ئارەزووی شەڕ فرۆشتنی بە کەس نەکردووە، چونکە هەمیشە دەبێ ئەو راستیە مێژووییە لەبەرچاو بگرین کە ئەگەر هاتوو هەرگەلێك ویستی گەلێکی تر بچەوسێنێتەوە، ئەوا ئەو گەلە سەربەخۆ نییە، بەڵام بێ گومان لە پێناوی بەدی هێنانی ئەو ئاشتیە داواکراوە گەلەکەمان ناچارکراوە دەست بداتە چەك و بەرگری لەخۆی و لەو ئاشتیە بکات کە لە داهاتوودا و پاش سەرکەوتن بەدەستی دێنێ... ژ١، ل١).

(وەك سەرەتاکانی ئاشتی و لە کاتی خەبات کردن بۆ هێنانەدی ئاشتی، دەبێ بزانین بۆچی ئاشتی دەخوازین؟؟ کەی ئاشتی دەخوازین؟!

کام ئاشتی دەخوازین؟؟ بەلای ئێمەوە ئاشتی بۆ سەرتاسەری گەلانی جیهان بە راگرتنی باری ئێستاو کێشەکانی جیهان نییە، واتە ئاشتی ئەوە ناگەیەنێ کە پارێزگاری لەو بارە نائاساییە بکەین کە ئێستا باڵی بەسەر جیهاندا کێشاوە، چونکە بڕوای تەواومان هەیە بەوەی کە گێرمەو کێشمە کە ئەمڕۆ لە گەلێك ناوچەی دونیا هەیە، هۆیە سەرەکییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئاشتیەکی راستەقینە تا ئێستا شەڕ فرۆشتن و داگیرکردن و بە تالان بردنی سامانی گەلان و هەڕەشەو فێڵ لێ کردن لە دونیادا ماوەو باوی هەیە. بە تایبەتی لە لایەن ئیمپریالیزم و رژێمە نۆکەرەکانەوە. هەر ئەو بارە نائاساییەشە وای کردووە کە زۆر گەل بچەوسێتەوە و ژێر دەستەیی وەکو گەلی کوردمان دیسانەوە کارێکی وایشی کردووە کە شۆڕش بەرپا بکرێ و راپەڕینی چەکداران بکەوێتە زۆر ناوچەی دنیا بۆ رزگاربوون لەو چەوساندنەوەیە و تێك دانی نەخشەکانی دوژمنانی مرۆڤایەتی... ژ٢، ل١).

## وتار لە ئاشتی

بە هەڵدانەوەو خوێندنەوەی لاپەڕەکانی (ئاشتی) هەست بەوە دەکرێت کە بڵاوکراوەی وتارەو دیارە بەڕێوەبەرانی بڵاوکراوەکە دەرکیان بە هێزی وتار کردووە، بە تایبەتیش بۆ بڵاوکراوەیەك کە کاتی دەرچوونی دیاریکراو نەبووەو بۆ بڵاوکراوەو هەر گۆڤارو رۆژنامەیەکی نارێك لە کاتی دەرچووندا وتار شوێنی هەواڵ دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر هەواڵ کاتی خۆی نەگات ئێکسپایەر دەبێت و لەو حاڵەتانەدا دەتوانرێت بە وتار فەزای بڵاوکراوەکە



پڕ بکرێتەوە؛ بە مەرجێك رووداوی وتارەکان بە دەر نەبێت لە واقیعی رۆژ، هەروەك لە ناونیشان و ناوەڕۆکی هەردوو ژمارەکەی (ئاشتی)دا دیارە کە زۆربەی رووبەرەکەی بۆ وتار تەرخانکراوە، جا لەو رووەوە ناکرێت ئاماژە بە هەموو وتارەکان بدەین تەنیا وەك نموونە ئەم وتارەی خوارەوە دەنووسینەوە، کە بریتییە لە وتارێکی رۆژنامەنووسی و بە شێوازێکی سادەو دوور لە بەکارهێنانی شێوازی پەخشانی ئەدەب دارێژراوە:

(ئەی سەدام پاساری، چەند قادسیەیەکی نازداری... سەرۆکە هەرە مێژوویی و جوغرافیەکەی رژێمی بەغدا سەدامی خەڵکی تکریت، هەر بەوەوە نەوەستاوە کە دە دوانزە نازناوی لە خۆی ناوەو بە دەیان نەجمەو شیرو قەڵغان و شاور و تۆپە قوماشی رەنگاورەنگی لە خۆی داوە، بەڵکو کار گەیشتۆتە ئەوەی کە سەدامی نوێنەری هۆلاکۆ لە عێراقدا، لە کۆبوونەوەیەکی شاعیر و نووسەرەکانی عێراق یان باشتر وایە بڵێین ئەوانەی ئەشیعرێنن و ئەنووسێنن بەسەر رژێمدا کە حەوت دانە سەعاتی خایاند بوو، سەدام وتوویەتی: "هیچ کەسێك شاعیر نییە ئەگەر شیعر بەسەر قادسیەی سەدامدا هەڵنەیاو هیچ نووسەرێکیش نووسەر نیە ئەگەر دەربارەی قادسیەی سەدام نەنووسێ".

جا بەوپێیە، رەنگە لەمەودوا شاعیرێك بیەوێ شیعرێك بەسەر خۆشەویستەکەیدا بڵێ، بکەوێتە زەحمەتی بەستنەوەی هەستی خۆی بە قادسیەکەی سەدامەوە، چونکە خۆشەویستەکەی زۆر خۆش دەوێ و لەعنەتیش لە قادسیەکە ئەکات. یان ئەوەتا ئەبێ درۆ لەگەڵ ناخ و

دەروونی خۆیدا بکات و بڵێ گیانە بە قەد قادسیەی سەدام خۆشم دەوێی!! ئەوکاتەش کچەکە لێی ئەتۆرێ و ناوی ئەخاتە لیستی رەشەوە، چونکە زۆر زۆر رقی لە قادسیەیە و حەز ناکات بەوە "تشبیە" بکرێ و بەراورد بکرێ. یان ئەوەتا کابرای دڵ پڕ لە حەسرەت دەبێ بڵێ. گیانە بۆچی وەکو سەربازی قادسیەی سەدام لە دەستم رائەکەی و حەوت فرسەخ لێم دوور ئەکەویتەوە...؟! بێگومان کە وایشی وت دەبێ بزانێ کە ئەوە ئاخر شیعرێتی... یان ئەگەر نووسەرێك یا چیرۆك نووسێك بیەوێ بابەتێکی ئەدەبی لەسەر وەسفی کیژێکی قەشەنگ بنووسێت دەبێ بڵێت. چاوی بالآی... لێوی. چرپەی. نیگای. لەنجەی. من... باوکم... دایکی... گەرەکەکەمان. گیرفانم... ئەم... ئەو... دونیا. هەموو شت قادسیەیە. بژی قادسیەی سەدام... بمرێ خۆشەویستی... هەروەها لەبەر ئەوەی سەدام زۆر دەکاو دەیەوێ هەموو شتێك بە ناوی قادسیە شوومەکە ناو بنرێ دوور نییە، لەمەودوا ئەگەر دیوانێکی شیعری بڵاوبکرێتەوە، بەرگی یەکەمی لێی بنووسرێ قادسیە خنجیلانەکەم، پەڕەی یەکەم پێشکەشە بە قادسیەی سەدام، پەڕەی دووەم تا پێش دواپەڕە شیعر بۆ قادسییە، دواپەڕەی: سوپاس بۆ بەڕێوەبەرانی چاپخانەی قادسیەی سەدام کە یارمەتی چاپیان داوە. ئەنجا بەرگی دووەم: لە چاپخانەی قادسیە لە چاپ دراوە... بە رەزامەندی قادسیە لە چاپ دراوە بە پێی نووسراوی ژمارە..ی هەزار و بیست و یەکەمین رۆژی قادسیەی سەدام.



نرخی شەش سەد فلسی سەردەمی قادسیەیە. دووریش نییە هەر لەم بوارەدا سلاو لە یەکترکردن بە زۆردارەکی بە خەڵك بگۆڕن و بیکەن بە القادسیة علیکم یان قادسیەت باش) ژمارە (٢) لاپەڕە (٤).

وتارەکان هەموویان بەو شێوازو شێوەو کەرەستانە نەنووسراون، بەڵکو کۆمەڵێك وتاری تر بڵاوکراونەتەوە، کە لە داڕشتن و چنین و بەکارهێنانی زاراوەدا بریتین لە وتاری سیاسیی وردو هەڵگری خاسیەتەکانی وتاری لێکدانەوەی سیاسین.

## هەواڵ

هەواڵ بە واتای هەواڵ، ئەوەندە گرنگی بە بڵاوکردنەوەی نەدراوە، بەڵام لە ژمارە (٢)ی لاپەڕە (٦) دوو هەواڵی بڵاوکردووەتەوە: یەکێکیان هەواڵی دامەزراندنی (تیپی شانۆی کوردی لە دەرەوەی وڵات- سوید)ە، هەواڵی دووەمیش ئەم هەواڵەیە کەوا دەقەکەی دەنووسینەوە:

(لە لایەن کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات لقی سویدەوە "ئاسۆ"ی ژمارە-١٢- بڵاوکرایەوە. لە کاتێکدا پیرۆزبایی لە -ئەکسا- دەکەین بە بۆنەی دەرچوونی سەرلەنوێی ئاسۆوە، هیوادارین بەردەوام بن لەسەر بڵاوکردنەوەی بابەتی جۆر بەجۆر بۆ زیاتر ریسواکردنی دوژمنان و ناحەزانی کورد و کوردستان و بۆ زیاتر ناساندنی خەباتی رەوای گەلی کوردستان بە هەموو کەسان و کۆمەڵێکی مرۆڤ دۆست و پێشکەوتن خوازی دونیا).

## ناونیشان

له جیهانی ڕۆژنامەگەریدا دانانی مانشێتی سەرەکی و ناونیشانی بابەت، خاڵێکی بەرچاوە بۆ سەرنج و ڕاکێشانی خوێنەران بۆ کڕین و خوێندنەوەی بابەتەکان لە (ئاشتی)دا تا ئاستێك دانانی ناونیشانی گونجاو ڕەچاوکراوە، بەڵام وەنەبێت پرانسیپەکانی هەڵبژاردنی ناونیشان بە تەواویی پێڕەوکرابێت، چەند ناونیشانێکی بەرچاوی ئاشتی: "بۆچی ئاشتی؟!، ڤیدیۆیەکی واقیعی، با لە پێشمەرگەوە دەرسی ورەبەرزی فێربین، دیموکراسیەتی شەرمەزاری!!، کام ئاشتی؟!".

## چاوپێکەوتن

لە هەردوو ژمارەکەدا دوو چاوپێکەوتن بڵاوکراوەتەوە، کە بۆ ڕۆژگاری ئەوسای شۆڕش و بۆ زیاتر لە بیست ساڵ لەمەوبەر جێگا سەرنجی خوێنەران بووە، بە تایبەتیش بۆ ئەو کوردانەی کە لە دەرەوەی کوردستان دەژیان، دوای ئەوەی (کاوە محەمەد ساڵح) و (مامۆستا عەزیز) لە دوو شەڕی پێشمەرگانەی جیادا لە کوردستان بەرامبەر بە هێزەکانی ڕژێمی سەدام بە سەختیی بریندار دەبن؛ بە مەبەستی چارەسەرکردن دەنێردرێنە وڵاتی سوید، لە دوو چاوپێکەوتنی جیادا چۆنێتی برینداربوون و چیرۆکی ورەی پێشمەرگە دەگێڕنەوە، چاوپێکەوتنەکان درێژن و ناکرێت جارێکیتر بیانووسینەوە، بەڵام بۆ ڕۆژگاری ئەوساو چۆنێتی داڕشتنی پرسیارەکان دەتوانین بە بوونی سەلیقەی ڕۆژنامەنووسی بۆ بەڕێوەبەرانی (ئاشتی)ی لە قەڵەم بدەین.



## زمان

زمان لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا ستوونی پتەو و کەڵەگەتی هەر گۆڤار ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکە، کە دەردەچێت، ئەوەی منیش لە دوو توێی لاپەڕەکانی (ئاشتی) هەستم پێکردووە، خەڵکی کوردیزان و زمان پاراو و نووسینیان تێدا بڵاوکردووەتەوە، یەکێکە لەو بڵاوکراوانەش کەم و زۆر خۆی لە شێوازی چنینی پەخشان دزیوەتەوە، بە تایبەتیش شێوە داڕشتنی ئەدەبی، وا چەند پەرەگراف و ڕستەیەکی (ئاشتی) دەنووسینەوە، (هەموو ڕژێمێك کە دێتە سەر حوکم، ڕەفتار و بیرکردنەوەو بۆچوون و ڕوانگەی بۆ گرتنە دەستی دەسەڵاتی سیاسی بەندە بە سروشتی چینایەتی و نوێنەرایەتی کردنی ئەو توێژە کۆمەڵایەتیەی خۆی تیا دەنوێنێ. ل٥، ژ١).

(پروپاگەندە شێوەی زۆرە، بەڵام لە هەموو کات و شوێنەکاندا پڕوپاگەندەی ناشۆڕشگێڕانە خۆی لە خۆی دا ئەکەوێتە باوەشی درۆ و دەلەسەوە، ئەیەوێت جەماوەر بخەڵەتێنی. بەم پێ یە یاری بە هەست و هۆشی جەماوەر ئەکات، هەر بۆیەش تەمەنی کورت ئەبێت و لە کۆتاییشدا پرۆژەکانی وەکو ئۆتۆنۆمیەکەی سەدامی لێ دێت.. ل٤... ژ٢).

### ئەدەب

لە هەردوو ژمارەکەداو لە دوا لاپەڕەیاندا دوو پارچە شیعر بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرنا لەمە زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی بابەتی ئەدەبی نەداوە، لە دوا لاپەڕەی ژمارە (١)دا ئەم پارچە شیعرە بڵاوکراوەتەوە، بەڵام ناوی شاعیرەکە نەنووسراوە:

نازانم چۆن.
ئاوێتەت بم!!!
ئەگەر بە هەشتیت پێم بڵێ.
تا كڕنووش بەرم بۆ گشت خواكان...
ئەگەر دۆزەخیت
پێم بڵێ
تا دونیا پڕ كەم لە تاوان...
ئەگەر خاكێكی داگیركراویت
پێم بڵێ
تا "پێست"م بكە بە ئاڵات...
گەر وەكو من قەرەجێكیت!!
سنوورێكم بۆ بكێشەو بۆخۆت من بكە
بە وڵات
من بكە بە وڵات.

## گۆشەی خۆزگە

لە (ئاشتی)دا ئەگەر ئاماژە بە بوونی گۆشە بدەین، تەنیا (وتەی ژمارە) و (خۆزگە) هەڵگری خاسیەتی گۆشەن، گۆشەی (خۆزگە) گۆشەیەكی توانج ئامێز بووەو گوایە بەرامبەر بە بڵاوكردنەوەی یەكێك لە خۆزگەكان، سەركردەیەكی ئەو حزبەی لە پشت (كۆمەڵەی گەلی كوردستان) بووە، بڵاوكراوەی (ئاشتی) داخستووە، هیوادارم بەرامبەر بەم



خۆزگەیە نەبێت كە لە ژمارە (٢)دا بڵاوكراوەتەوە: (خۆزگە لە سیاسەتدا برادەرایەتی نەدەما)!!


## نووسەرانی ئاشتی

وەك هەر بڵاوكراوەیەك كە دەستەیەك یاخود رێكخراوێكی سیاسیی ئۆپۆزسیۆن دەریبكات، بابەتەكانی (ئاشتی) ئیمزای كەسی بەسەرەوە نییەو هەموو بابەت و نووسینەكان بە بێ ناوی نووسەر بڵاوكراونەتەوە.

سەرنج:

ئەم بابەتە لە گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە ٢، ساڵی ٢٠٠٤، بڵاوبووەتەوە.

## سانسۆری رۆژنامە
## لە سیستمی سۆسیالیستیدا


Российская Социалъ-Демократическая Рабочая Партія

ПРАВДА

ОРГАНЪ
Центральнаго Комитета
и
Петербургскаго Комитета
Р. С.-Д. Р. П.

№ 10. Четвергъ. ЕЖЕДНЕВНАЯ ГАЗЕТА. 16-го марта 19

ПРИВѢТЪ ПОЛЬСКОМУ НАРОДУ.

НАРОДУ ПОЛЬСКОМУ.

Печать и воззванія Совѣта Рабочихъ и Солдатскихъ

Do Narodu Polskiego! Carat, który w ciągu półtora wieku dławił zarówno naród polski jak i rosyjski zo stał obalony wspólnymi siłami proletariatu i wojska. Zawiadamiając Naród Polski o zwycięstwie wolno ści nad ogólnorosyjskim żandarmem, Piotrogrodzka Rada Delegatów Robotniczych i Żołnierskich oświadcza, że demokracja w Rosji stoi na stano wisku uznania samookreślenia politycznego narodu i oznajmia, że Polska ma prawo do całkowitej nie podległości pod względem państwowo międzynaro dowym.
Przesyłamy Narodowi Polskiemu swe bratnie po zdrowienia i życzymy mu powodzenia w oczekują cej go walce o wprowadzenie w niepodległej Pol demokratycznego republikańskiego ustroju.



بۆ سانسۆری رۆژنامە لە سیستمی سۆسیالیستیدا، وەك نموونەیەكی ئەو سیستمە یەكێتی سۆڤیەت وەردەگرین

### باسی یەكەم

سانسۆری بڵاوكردنەوەی رۆژنامەگەریی لە یەكێتی سۆڤیەت بە دوو قۆناغ تێپەڕیوە.

### یەكەم: قۆناغی یەكەم
### لە سەردەمی روسیای قەیسەریدا

رۆژنامە لە سەرەتاكانی سەرهەڵدانیدا لە ساڵی ١٧٠٣ ئازادیی بە خۆوە نەبینیووەو حكومەتی قەیسەرەكان رۆژنامەیان خستبووە ژێر چاودێرییەكی توند[١]، كەنیسەی ئەرسۆدۆكس كۆمەڵێك ئیمتیازاتی هەبوو، یەكێك لەمانە لە باجدان بووراببوو، مافی ئەوەی پێدرابوو كە سانسۆر بخاتە سەر هەموو ئەو دانراوانەی كە لە ئیمپراتۆریەتی روسیا بڵاودەبوونەوە، كەنیسە لە كاتی پێویستدا دەیتوانی رێگا لە چاپ و بڵاوكردنەوە بگرێت، سەرەڕای ئەوەی سانسۆر زۆر توندوتیژ نەبوو، چونكە كەنیسە نەیدەویست ئەو دەسەڵاتەی لە دەسەڵاتی مەدەنییەوە پێیدراوە ناشیرینی بكات، تەنیا لێكۆڵینەوەی لێ دەكرد، ساڵی ١٩٠١ لە نێو ٣٧٣٤ داواكاریی كە پێشكەش بە كەنیسە كراوە، تەنیا رەزامەندیی

لەسەر ٣٤٥٣ دانە دەربڕیوە، ئەو سانسۆرە دوو ئامانجی هەبوو، بەرگریکردن لە پرەنسیپەکانی ئایین، ڕێگا گرتن لە فکری شۆڕشگێڕانە کە خەڵك دژی دەسەڵاتی خۆسەپاوی تاکو تەنیای قەیسەری بورووژێنێت، کەنیسەو دەوڵەت سەبارەت بە سانسۆری چاپەمەنیو شتی تر یارمەتی یەکتریان دەدا[٢].

## دووەم: قۆناغی دووەم

## سانسۆر لە قۆناغی کۆمۆنیستیدا

ناوەڕۆکی ڕۆژنامە لەم قۆناغەدا لەگەڵ ئاڕاستەی کاری ڕەسمیی کۆك بوو، ئەو وتارانەی کە لە ڕۆژنامە گەورەکان بڵاوەکرانەوە، بریتیبوون لە پاکتاوی سیاسیی، نەخوازەڵلا لە سەردەمی ستالیندا[٣].

**١- ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەتی لە ژێر سەرپەرشتیاریی دەسەڵاتی حکومەت و ئاڕاستەکانی حزبدایە.**

لە هەقیقەتدا ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەتی هەر وەك هۆیەکانی تری بڵاوکردنەوە، ئیزگەی رادیۆیی و سینەماو ڕۆژنامەی ڕەسمیی، وەك خوێندنگایەك لە ژێر سەرپەرشتیاریی دەسەڵاتی حکومەت و ئاڕاستەکانی حزبدایە، تا ئاستێك دەتوانین لەگەڵیدا بڵێین کە (ڕێکخەرە ڕۆشنبیرییەکان)– هەر هەموویان بە واتایەك– شوێنی گشتین، مەبەست لە ڕۆژنامەی سۆڤیەتییە کە (ئەرکی پراکتیزەیی) جێبەجێ دەکات بۆ ئاڕاستەکردنی خوێنەران بەرامبەر بە سیاسەتە هەنووکەییەکان، سەرەڕای ئەمە بانگاشە بۆ سیاسەتی هەڵمەتی پەروەردەیی دەکات، هەر لە



سەرەتاکانی شۆڕشەوە ئەرکی ڕۆژنامە بریتیبووە لە ئامێرێکی پراکتیزەیی، پاشان بووە بە ڕۆژنامەی حکومەت یان حزب، یاخود بزووتنەوەیەکی سەندیکایی، یان هاوکار یاخود یەکێك بووە لە بەرژەوەندییەکانی حکومەت، یان لقەکانی پیشەسازیی، ئەو سیفەتە ڕەسمییە بووەتە سانسۆرێکی تۆکمەی سروشت ئیجابیی، کە هەر تەنیا بە چەندان بابەت لە جیهانی ڕۆژنامەگەریی دوور نەکەوتووەتەوە، بەڵکو ئەو بابەتانەشی دەستنیشان کردووە کە دەنووسران.

سەرەڕای ئەمە، مۆنۆپۆڵیەتی حزب لە بواری ڕێکخستنی سیاسییەوە دەستی بۆ ئەو گۆڤارانەش درێژ کردووە، کە هەڵگری سیفاتی گشتیی بوون، تا ئاستێك ئەندامانی دەستەی نووسەرانی ئەو گۆڤارانە لە ئەندامانی حزب پێکدێن، تا هەر شتێك بەرامبەر بە حزب بڵاودەکەنەوە لێی بەرپرسیار بن، ڕۆژنامەگەریی سۆڤیەتی زیاتر بوار بە زاخاوی مێشك دەدات، تا خوێنەر رازی بکات، بەڵام لە جەوهەردا هیچ لە مەسەلەکان ناگۆڕن و هەر هەموویان گوزارشت لە یەك بیروبۆچوون دەکەن، بێئەوەی ئاماژە بە شێوەیەك لە تێکدی نەکردنەوەی بیروڕا لە ناوەوە یاخود لە دەرەوەی حزبدا بکەن[٤].

**٢- دەستووری سۆڤیەتی وەك دەقێك باس لە ئازادیی ڕۆژنامەگەریی دەکات.**

لە دەستووری سۆڤیەتدا، ماف و ئەرکە سەرەکییەکانی هاوڵاتی لە دەقەکەیدا هاتووە: لەو مافانەش ئازادیی ڕۆژنامەگەرییە، کە وەك ئامانجێك بۆ بەهێزکردنی سیستمی سۆڤیەتییە، بە هەر حاڵێك لە

حاڵەکان بەو واتایە نایەت کە مەبەستی رەخنە یاخود هێرشکردن بێت بۆ سەر بنەما سۆسیالیستییەکانی ئابووریی سۆڤیەتی[٥].

لە ماددەی ٥٠ی دەستووری سۆڤیەتی، کە لە ١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٧دا دەرچووە باس لە ئازادیی رۆژنامەگەریی دەکات[٦]، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ماددەیە ئاشکرای دەکات، کە دەوڵەت بۆ رێکخراوە ناوبراوەکان "رەنجدەران و رێکخراوەکانیان" هۆکارە ماددییە پێویستییەکان بۆ پراکتیزەی ئەو ئازادییانە دابین دەکات، ئەو رێکخراوانەش ناتوانن پراکتیزەی ئەو ئازادییە ناوبراوە بکەن[٧]، ئەگەر لەگەڵ نیازەکانی دەوڵەت تێکدی نەکەنەوە، ئەمەش بە واتای قەرزکردنی ئاراستەیەکی دیاریکراو لەسەر پراکتیزەی ئەو ئازادییانە دێت، سەلماندنی ئەو ئازادییانەش پێویستە وابەستە بێت بە "بەرژەوەندییەکانی کرێکارانو زامنی سیستمی سۆسیالیستی"، ئەمەش دەستەواژەیەکی دەستنیشاننەکراوەو دەسەڵاتێکی فراوان بە دەسەڵاتداران دەدات، لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی کرێکارانو زامنی سیستمی سۆسیالیستی[٨]، ئازادیی رۆژنامەگەریی ئاواڵە نییە، چونکە حکومەت و حزب و ئەو دەستانەی کە سەر بەو لایەنانەن، خاوەنی رۆژنامەکانن، لە ژێر چاودێریی و سانسۆردایە[٩].

چاودێریی و سانسۆرکردن لەسەر رۆژنامەو گۆڤارەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە پێناوی ئامانجی پیادەکردنی سۆسیالیستیدایە، چونکە گۆڕینی کۆمەڵگای سەرمایەداریی بۆ سۆسیالیستی، واتە دەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو کاروبارەکانی ژیان، لە پێناوی گۆڕانێکی فراوان بۆ گەیشتن بە سیستمی سۆسیالیستی نوێ، ئەمەش بە واتای دانانی



دیسپیلینو کۆت دێت، لەسەر ئازادییە گشتییەکان کە تاکەکان هەیانە، یەکێك لەمانەش ئازادیی رۆژنامەگەرییە کە بەبێ دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت و دانانی کۆت؛ ناتوانرێت گۆڕانکاریی بکرێت و سۆسیالیستی پیادە بکرێت، لە ژێر سێبەری سیستمێکی جیهانی، کە سەرمایەداریی و مۆنۆپۆڵکردنی جیهانی بە توانای ماددەیەکی زۆرو زەوەندەوە هەیمەنەی کردووە.

ئایدیۆلۆژیای مارکسی وەك فەلسەفەیەکی فراوانی سیستمی سۆڤیەتی، ئامانجی لەوەدایە کە لە هەموو بوارەکانی ژیانی کۆمەڵگای سۆڤیەتیدا پراکتیزە بکرێت، پەروەردەی هاوڵاتییان بە گوێرەی چەمکەکانی ئەو فەلسەفەیە ئاراستە دەکرێن، کەواتە پیادەکردنی ئازادیی رۆژنامەگەریی وەك ئەوەی لە رۆژئاوا هەیە، واتە درووستکردنی بەربەست لەبەردەم ئەو ئامانجەی کە مارکسییەت هەوڵی بۆ دەدات، نەیارانی مارکسییەت لە دەوڵەتی سۆڤیەتی و لەگەڵ ئەوانیش لە رۆژئاوا بوونی ئازادیی ئیستیغلال دەکەن بۆ بڵاوکردنەوەی ئامانجەکانی خۆیان و معارەزەکردنی سیستمی سۆسیالیستی لە یەکێتی سۆڤیەت و دامەزراندنی ئەڵتەرناتیڤ کە سەرمایەدارییە، بۆ ئەو ئامانجانەش دەمێکە سیستمی سەرمایەداریی هەوڵی بۆ دەدات.

## باسی دووەم

بیروبۆچوونی سۆڤیەتییەکان سەبارەت بە ئازادیی رۆژنامەگەریی و ئەو سانسۆرەی کە لەسەری دانراوە:

**١- بیروڕای هەر یەکێك لە: (یاسین. ن، زاسۆرکی[١٠]) (یوری ا. کاشلیڤ[١١]).**

شۆڕشی ئۆکتۆبەر بوارێکی باشی بە جەماوەر دا تا پەیوەندیی بە رۆژنامەو گۆڤار پاشان رادیۆو تەلەفزیۆن ببەستن، هەر هاولاتییەکی سۆڤیەتی بۆی هەبوو کە لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەو گۆڤارەکان گوزارشت لە بیروبۆچوونی خۆی بکات، یاخود بەشداریی لە بەرنامەکانی رادیۆو تەلەفزیۆندا بکات، هەروەها رۆژنامەکان نیو لاپەڕەیان بۆ بەشداربووانی کرێکارانی بوارەکانی پیشەسازیی و کشتوکاڵ تەرخان کردووە.

دەستەی نووسەرانی رۆژنامەکان هەر وتارێك کە دەگاتە رۆژنامەکە بە وردیی دەیخوێننەوە، هاولاتییانی سۆڤیەتی ئەگەر لە هەر نەتەوەیەك بن دەتوانن وتارو زانیاری بۆ رۆژنامەکان بنێرن، زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ملیۆنان سۆڤیەتی لە رێگای رۆژنامەو گۆڤارو رادیۆو تەلەفزیۆنەکانەوە بیروڕای خۆیان بلاودەکەنەوە، ئەمەش بووەتە بنەمایەکی باش بۆ دیاریکردنی ئەو هێڵە سیاسییەی کە کۆنگرەی بیستوپێنجەمی حزبی کۆمۆیستی سۆڤیەتی بڕیاری لەسەردا[١٢].

بەو جۆرە جەماوەرێکی گەورەی کرێکاران بەشداریی لە چالاکییە کۆمەلایەتی و رۆشەنبیرییەکانی ولات و پێکهێنانی رای گشتیدا دەکەن، کە ئەمەش بەشێکە لە کاروباری هەر تاکێك لە تاکەکان، دیاردەیەکی جیای رۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگای سۆڤیەتیدا بریتییە لە مرۆڤپەروەریی و گرنگیشی بە بوارەکانی ئیستاتیکاو رەوشت و رۆشنبیریی گەلی سۆڤیەت دەداو بۆ ئەرکەکانی رۆژ ئامادەی دەکات و لە هەمانکاتیشدا ئیدانەی چاوچنۆکی و تاکپەرستی و مەبەستەکانی خاوەندارێتی دەکات.

**٢- رۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا ملکەچی فشارەکانی بازرگانی نییە.**

رۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا بە شێوەیەکی تایبەتی گرنگی بە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان نەتەوەکان دەدات، لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی، یاسا رێگا بە بلاوکردنەوەی ئەو فکرانە نادات کە پەیوەندیی بە دەمارگیریی و جەنگ، یاخود رەگەزپەرستی نێوان گەلانەوە هەیە، هەروەها رۆژنامەگەریی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستی ملکەچی فشارەکانی بازرگانی و وروژاندن نییەو لەو جۆرە رۆژنامەیە زۆر دوورە، رۆژنامەگەریی سۆسیالیستی هۆکارێکی وروژاندن نییە بە دەستی بلاوکەرەوەو رۆژنامەنووسەکانەوە، بابەتێکیش نییە بۆ هیچ گرێبەستێکی بازرگانی، هەروەها پشت بە بەڵێندەرەکانی بلاوکردنەوەی جاڕدان نابەستێت و رۆژنامەنووسانی سۆڤیەت چەشە لە ئازادیی رۆژنامەگەریی وەردەگرن کە لە دەستووردا باسکراوەو رۆژنامەنووسان بە ویژدانەوە لە گەل دەڕوانن[١٣].

## فەرمانگەی سانسۆری چاپەمەنییەکان و یاسای حوزەیرانی ١٩٣٢

ئازادیی ڕۆژنامەگەریی بە تەواویی بە سانسۆرەوە بەندە، هەموو ئەو بابەتانەی کە بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە دەکرێن؛ پێش بڵاوکردنەوە بۆ فەرمانگەی سانسۆری چاپەمەنییەکان دەنێردرێن، لە شەشی حوزەیرانی ١٩٣٢ یاسای سانسۆری چاپەمەنییەکان* بڵاوکرایەوەو تا ئێستا کاری پێدەکرێت، بەپێی ئەم یاسایە (فەرمانگەی سانسۆر) بووە بە لقێك لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی لە هەر کۆمارێکی یەکێتی سۆڤیەتیدا، ئەم یاسایە ڕێگای بە فەرمانگەی سانسۆر داوە کە ئەگەر بابەتێك ئەم شتانەی خوارەوەی تێدابێت، ڕێگا لە چاپ و بڵاوکردنەوەو دابەشبوونی بگیرێت:

بریتی بێت لە بانگاشەکردن دژی دەسەڵاتەکانی سۆڤیەتی و دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا.

ببێتە هۆی وروژاندنی دەمارگیریی ئایینی و ڕەگەزپەرستی.

لایەنگیریی لە فێڵ و بەرەڵڵایی بکات.

هەر کتێب و ڕۆژنامەو گۆڤارێك کە لە کۆمارە سۆسیالیستیەکانی یەکێتی سۆڤیەت بڵاودەکرێنەوە (بێجگە لەوانەی کە بە زمانی بێگانە دەردەچن)، نیشانەی سانسۆری لەسەرەو وا پیشاندەدەن کە ئەو چاپکراوە پێش ئەوەی بۆ چاپ بنێردرێت، بۆ ڕەقیب نێردراوە(١٤).

سەرەڕای ئەمە ئازادیی بەرفراوانی ڕۆژنامەگەریی پشت بەو ئاراستە مەقبولانە دەبەستێت، کە لە لایەن سانسۆرەوە هەیەو پشت بە ئیعتبارە سیاسییەکان دەبەستێت.



ئەوەی شایانی باسە ئەمڕۆ بابەتێك بڵاودەکرێتەوە کە لە سەردەمی دەسەڵاتی ستالیندا ئەستەم بووە بڵاوبکرێتەوە، ئەو ئازادییە کەمەی کە ڕۆژنامە لە ماوەی دەسەڵاتی خرۆشۆف-دا بە خۆوەی بینی جارێکیتر کۆت و بەندی بۆ دانرایەوە(١٥).

ئازادیی بە چەمکی ڕۆژئاوا لە ڕووسیا کارێکی قورسە، چونکە سیستمی سانسۆر لەسەر بڵاوکردنەوە سیستمێکی کۆنە، وەك ئەوەی ئەو وێنەیەی کە ئێستا هەیە، لە یەکێتی سۆڤیەت هەر تەنیا ڕۆژنامە کۆت و بەندی لەسەر نییە، بەڵکو فرۆشتن و بەکارهێنانی ئامێری کۆپیش لە ڕێگای چەند یاسایەك مامەڵەی پێدەکرێت(١٦).

**پەراوێزەکان:**

(١) سەیری دانەر بکە:

Historie de pierre: Pierre Alber et. Fernand Terqu. ١٩٧٠, p. ١٠٤.

هەروەها لە ساڵی ١٩١٣ لە پاڵ ڕۆژنای ڕەسمیی لە سان پترۆسبرگ، کە بۆ سەردەمی پیتترە لە گراند دەگەڕێتەوە، ڕۆژنامەیەکی تر بە ناوی زەمەنی نوێ هەبوو کە ئۆرگانی چینی ئۆرستۆکراتی ڕووسی بوو.

(٢) سەیری دانەر بکە:

Les libertes publiques en Union Sovietique. Demirl- Georges Lavro FF. Paris ١٩٦٣ P.١٣٥.

(٣) سەیری دانەر بکە:

Historie de pierre : Pie rre Alber et.
Press Universtaire, P ١٣٥. Fernand

(٤) سەیری، ئازادیی لە فکری دیموکراتی و سیاسیدا بکە، نامەی دکتۆرا، د.محەمەد عسفور، ل ١٩-٢٠ (بە زمانی عەرەبییە).

(٥) سەیری دانەر بکە:

An introution to the Soviet Legal System, E. L. Ljohnson Methuen & co TD london. ١٩٦٩. P.٤٦.

(٦) دەقی ئەو ماددەیە بەم شێوەیەیە: (بە گوێرەی بەرژەوەندییەکانی گەل و لە پێناوی پشتیوانی و پێشخستنی سیستمی سۆسیالیستیدا، هاوڵاتییانی سۆڤیەت بۆیان هەیە لە قسەکردن و لە رۆژنامەکان و لە کۆبوونەوەی جەماوەریی و رێپێوان و خۆپیشاندانی سەرشەقامدا ئازادبن، ئەو پرۆسێسە لە ئازادییە سیاسییەکان باری بینایە گشتیی و شەقام و گۆڕەپانەکان دەخاتە ژێر دەسەڵاتی رەنجدەران و رێکخراوەکانیان، دەزگاکانی بڵاوکردنەوە بە شێوەیەکی فراوان دەتوان رۆژنامەو تەلەفزیۆن و رادیۆکانیش بەکاربهێنن)، هەمان چەمك لە ماددەی ١٢٥ی دەستووری سۆڤیەتی ساڵی ١٩٣٦دا هاتووە.

(٧) سەیری تیۆری یاساو ئازادییە گشتییەکان لە پرۆسێسەکانی سەردەمدا بکە، نامەی دکتۆرا عەدنان حەمودی جەلیل، زانکۆی قاهیرە-١٩٧٤ ل٣٧١ (بە زمانی عەرەبییە).



(٨) سەیری دیموکراتی لە نێوان فکری تاك و فکری سۆسیالیستیدا بکە، نامەی دکتۆرا، ئەنوەر ئەحمەد عوسمان، زانکۆی قاهیرە-١٩٧١، ل٣٤٩ (بە زمانی عەرەبییە).

(٩) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٥.

(١٠) راگری کۆلێژی رۆژنامەگەریی زانکۆی مۆسکۆیە، بەشداریی لە چەندان کۆبوونەوەی دەولی کردووە، کە یۆنیسکۆ و رێکخراوە دەولییەکانی تر بۆ بوارەکانی گەیاندنی جەماوەریی رێکیانخستووە.

(١١) مێژوونووس و رۆژنامەنووسی سۆڤیەتییە، ئەندامی وەفدی کۆمارە سۆسیالیستەکانی سۆڤیەت بووە، لە کۆنگرەی گشتیی دەورەی نۆزدەیەمی یۆنسکۆ کە لە نیرۆبی لە کینیا سازکرا.

(١٢) لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٧٦ گرێدرا.

(١٣) سەیری،

The UNESCO Courier. April ١٩٧٧( ٣٠th Year) P.٢٣, ٢٦ .

بکە، هەروەها بۆ بە بیرهێنانەوە لە کۆمارە سۆسیالیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت زیاتر لە ٨٠٠٠ رۆژنامە بە ١٦٨ ملیۆن دانەو ٤٧٢٦ هەفتەنامەو گۆڤار کە ساڵانە نزیکەی ٤٠٠٠ ملیۆن دانەیان لێ بڵاودەکرێتەوە، لە رۆژنامە سەرەکییەکان پراڤدا ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیست، رۆژنامەی کۆمسۆمۆلسکایە ئۆرگانی لاوانی کۆمۆنیست، کە ١٠ ملیۆن دانەیان لێ دەردەچێت، لە هەموو جیهاندا ئەگەر رۆژانە

چوار کتێب دەربچێت یەکێکیان لە یەکێتی سۆڤیەت دەردەچێت، سەیری هەمان سەرچاوەی پێشوو بکە ل٢٥.

(١٤) ئەم بڕیارە تەنیا ڕۆژنامەی بتریرکی مۆسکۆ ناگرێتەوە، کە ئەمەیان لە ژێر چاودێرانی کەنیسەیەو باش لە کۆت و بەندەکان دەزانێت.

(١٥) لەسەردەمی خرۆشۆف-دا ڕۆژنامە دەیتوانی ئازادانەتر ڕەخنە لە سیستمی یاسایی سۆڤیەت بگرێت، سەیری سەرچاوەی پێشووی دانەر: ئی، ئێل، یۆهانسۆن. ل١٤٤ بکە.

(١٦) سەیری سەرچاوەی پێشوو بکە:

An introution to the Soviet Legal System, E. L. Ljohnson Methuen & co TD london. P.١٠٣, ١٠٤

### * تێبینی وەرگێڕ:

ئەم یاسایە ئێستا کاری پێناکرێت، چونکە ئەم نووسینە پێش بێرۆستریکا نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە... نەوزاد.

## پەراوێزی وەرگێڕ

ئەم بابەتە بەشی دووەمی کێبێکە بە ناونیشانی (الرقابة على الصحافة في النظامين الراسمالي و الاشتراكي- دراسة مقارنة) لە نووسینی د.مبدر الويس-ەو ساڵی ١٩٨٦ لە وڵاتی سوریا چاپکراوە، ئەگەرچی




بلۆکی سۆسیالیستی نەماوە، بەڵام وا هەستدەکەم زۆربەی ڕۆژنامە کوردییەکان بە هەمان دیسپلینی سۆڤیەتی دوێنێ مامەڵە لەگەڵ بابەتدا دەکەن بە مەبەستی بڵاوکردنەوە. بۆ تێگەیستن لە کارو ئەرك و دیسپلینەکانی سانسۆر لە یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ئەم بابەتەم بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدرا.

### سەرنج:

دەقی وەرگێڕدراوی ئەم بابەتە لە ژمارەی ٣١١٥، ڕۆژی ٢٠٠٣/٧/١٢ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە لاپەڕە ٨-دا بڵاوبووەتەوە.

## "هەواڵنامەی کوردستان"
## لە رۆژنامەکانی ئەوروپادا






## پێشەکی

ساڵی ٢٠٠٤ کتێبێکم لە ژێر ناونیشانی "رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان" لە شاری سلێمانی چاپکرد، لە کتێبەکەدا لە رۆژنامەو گۆڤارەکانی: ز سپارك، ئاڵا، الخليج، الاتحاد، کفاح الانصار، دەنگی یەکێتی، ئەرکی نوێ دواوم، ئەوسا دڵنیابووم کە هێشتا کۆمەڵێك گۆڤارو بڵاوکراو ماون دەستم نەکەوتوون، بۆیە لە دوا دێڕی وتەی"سەرەتا"ی کتێبی ناوبراودا نووسیومە "درك بەوە دەکەم ئەم کتێبە کەموکوڕیی تێدایە، چاوەڕێی دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەم بە رەخنەو لێدوانی زانستی... لاپەڕە ٥".

لەسەر گەڕان و پشکنینەکانم بەردەوامبووم و تا ئێستا چەند بڵاوکراوەو گۆڤارێکی ترم دۆزیوەتەوە، کە لە هیچ سەرچاوەیەکدا ئاماژەیان پێنەدراوە، هیوادارم بە گوێرەی دەرفەت زۆربەیان بخەمە بەرچاوی خوێنەران، ئەم گۆڤارەش کە ئێستا لێی دەدوێم یەکێکە لەو بەرهەمانەی کە لە کتێبەکەمدا باس نەکراوەو ناوی گۆڤارەکە بریتییە لە "هەواڵنامەی کوردستان لە رۆژنامەکانی ئەوروپادا".

## ناساندن

"گۆڤاری هەوڵنامەی کوردستان لە رۆژنامەکانی ئەوروپادا" لە لایەن یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لقی ئەوروپا دەرچووەو ئەو ژمارەیەی کە لە بەردەستی مندایە، بریتییە لە ژمارە ١، ساڵی ١٩٨٠، لە قەبارەی ٢١

بە ١٤سم-دایەو بریتییە لە چاپێکی ئاسایی، هەوڵدراوە لە باری دیزاینکردندا رووێکی جوانی پێ بدرێت، ئەمە بە بەراورد بە چاپەمەنییەکانی ئەوسای شۆڕش کە لە ناوەوەی کوردستان و لە دەرەوەدا چاپ و بڵاوکراونەتەوە، بەرگەکەی رێکوپێك دیزاینکراوە، ژمارەی لاپەڕەکانی **٢٦** لاپەڕەیە، تەنیا یەك وێنەی تێدایە، ئەویش لەسەر دوا بەرگی دانراوەو بریتییە لە وێنەی فۆتۆگرافی کۆمەڵێك پێشمەرگە. من تەنیا ئەو ژمارەیەم دۆزیوەتەوەو ئەگەری ئەوەش هەیە کە هەر تەنیا ئەو ژمارەیەی لێ دەرچووبێت. بابەتی بە زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردووەتەوە، سەرەڕای کۆپیی ئەسڵی بابەتەکان، دەبینین ئاستی وەرگێڕانی گۆڤارەکە هەم جیاوازە، هەم هەست دەکرێت بابەتەکان لە لایەن چەند کەسێکەوە وەرگێڕدراون.

## گرنگی ئەم گۆڤارە

ئەوەی لە گۆڤاری "هەواڵنامەی کوردستان لە رۆژنامەکانی ئەوروپادا" زۆر گرنگە، بریتییە لە دەقی ئەو وتارو راپۆرتە هەواڵ و هەواڵانەی کە بە زمانەکانی تر، ئەوێ رۆژێ سەبارەت بە کوردو خەڵکی کوردستان و ژیانی پێشمەرگایەتی بڵاوکراونەتەوە، خاڵێکی پۆزەتیڤی تری گۆڤارەکە لە پاڵ وەرگێڕانی دەقەکان، کۆپیی ئەسڵیشیان بەو زمانە دانراون، کە بابەتەکانیان لێ وەرگیراون، کە خوێنەری زمانزان دەتوانێت بابەتەکان بە زمانی ئەسڵی بخوێنێتەوە، دەقەکانی دوو توێی ئەم تاقە ژمارەیە بۆ لێکۆڵەران تا ئێستا گرنگی خۆیان لە دەست نەداوە، بە



تایبەتیش ئەوانەی کە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە شۆڕش و ژیانی پێشمەرگایەتی و مێژووی خەڵکی کوردستان دەکەن.

## ناوەڕۆك

لەم ژمارەیەدا، ئەم بابەتانە بڵاوکراونەتەوە

خەباتی رزگاریخوازی گەلێکی لە بیر چوو، تاگس تسایتونگ.

- خەبەرنامەی "منظمة العف الدولية"...
- الامنستی... دی فۆلکس کرانت.
- حرب الاکراد... تیلیراما الفرنسية
- حرب الاکراد علی شاشة القناة الثالثة... لموند الفرنسية
- مانگرتنی نان خواردن... ئوپسالا نیو تیدنین
- الاتحاد الدولی الفدرالی لکرة القدم. فولکس کرانت
- پوار کردستان الکبری... گازیت الفرنسية
- پوار اللیل... گازیت الفرنسية
- حیاة هوءلاء المقاتلین... گازیت الفرنسية
- تنظیم العسکري للثوار... گازیت الفرنسية

## یەکەمینجارە باسدەکرێت

بە وردبوونەوە لەو کتێب و سەرچاوانەی کە لە مێژووی رۆژنامەگەریی دواون، لە هیچ سەرچاوەیەکدا ناوی ئەم گۆڤارە نەهاتووەو ئاماژەی پێنەدراوە، هەر ئەو کاتەی کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوە

دەستی بە دەرکردنی ئەم گۆڤارە کردووە، پێشتر یەکێتیی لە ناوەوەی کوردستان و لە مایسی ساڵی ١٩٧٨دا گۆڤارێکی هاوشێوەی ئەم گۆڤارەی هەبووە، کە یەکەمین ژمارە بە ناوی "هەواڵنامەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردستانی عێراق لە ماوەی دوو ساڵدا" دەرکردووە، لە ژمارە ٢دا ناوەکەی کراوەتە "هەواڵنامەی کوردستانی عێراق"و لە چەند ژمارەیەکدا ناوەکەی کراوەتە "هەواڵنامەی کوردستان".

ئەو هەواڵنامەیە هیچ پەیوەندیی بەو هەواڵنامەیە نییە کە من لێرەدا باسم کردووە، پاشان لە دوای ژمارە ١٠-ەوە تا گۆڤارەکە وەستاوە ناوەکەی کراوەتەوە بە "هەواڵنامەی کوردستانی عێراق".

ئەو گۆڤارەو ئەو گۆڤارەی من باسیدەکەم لە زۆر رووەوە لە یەکتر جیاوازن، بەڵام ئەوەی من مەبەستمە ئاماژەی پێ بدەم "هەواڵنامەی کوردستان"ە، کە لقی ئەوروپا دەریکردووە، ناوەڕۆکی گۆڤارەکە بریتییە لەو وتارو هەواڵانەی کە رۆژنامەگەریی ئەوروپی و ئەمریکی دەربارەی کوردستان و کورد بڵاویان کردووەتەوە، بەڵام هەواڵنامەکەی ناوەوە لە لایەن مەکتەبی راگەیاندن دەرچووەو بە پلەی یەکەم زیاتر گرنگی بە هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگە داوە.

## بابەتی هەڵبژاردە

زۆربەی بابەتەکانی دوو توێی ئەم ژمارەیە شایان بە نووسینەوەن تا جارێکیتر خوێنەران دوای تێپەڕبوون بەسەر بڵاوکردنەوەیان بیروڕاو بۆچوونەکانی خەڵکی بیانی بەرامبەر بە کوردو شۆڕشی نوێ بزانن، بەڵام



وام بە پێویستزانی لە چەند بابەتێکدا تەنیا ئەم چەند پەرەگراف و دێڕانە بگوازمەوە، بابەتەکان دەقاودەق گواستراونەتەوە، تەنیا سەرو بۆری دەنگ و وشەکان گۆڕاون و ئەو بابەتەش کە بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدراوە، من کردوومەتە کوردی.

(رۆژنامەی دیە ئەگس تسایتونگ کە لە بەرلینی رۆژئاوا دەرەچێت بە مێژووی ١٩٨٠/٩/٥ نووسینێکی بڵاوکردووەتەوە لە نووسینی "یوگند گوت شلیش و کریستا دینتیر" لە ژێر ناونیشانی "خەباتی رزگاریخوازی گەلێکی لە بیرچوو، ئێمە سەرئەکەوین" بڵاوکردووەتەوە:

لە جیاتی ئەوەی ئینگلیزەکان ئێمە بکەن بە کۆڵۆنی، کردنیان بە چوار پارچەوە کە زیاتر مەسەلەکەی ئاڵۆزتر کردوە، جیاوازی ئاستی خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد لە ئێران، عێراق، تورکیاو سوریا و هەروەها جیاوازی داواکاری گەلی کورد لەو پارچانە وەك یەك نین، ئەویش بە پێی ئەو رژێمانەی کە بەسەریاندا دابەش کراوە، وە ئەوە وای لێ کردوین کە ئێستا نەتوانین ئستراتیجیەکی یەکگرتومان هەبێ.

دکتۆر عومەر، کە یەکێکە لە سەرکردەکانی "یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان" کە گەورەترین رێکخراوی کوردستانی عێراقە، سەرەڕای ئەم راستیانە پێویستە گەش بین بین.

خۆمان بۆ خەباتێکی درێژ خایەن ئامادە کردوە "ئەگەر پیاو چاوێك بە چوار دەوری خۆیدا بخشێنێ، ئەم راستیەی بۆ ئەسەلمێ. بنکەی هاوینەی پێشمەرگەکان ئەو راستیە ئەسەلمێنێ و وا لە پیاو دەکات بڕوای تەواوی هەبێ".

"سەرکردایەتی شۆڕش" کە سەرکردایەتیەکی سیاسی و سەربازی یەکێتیی نیشتمانییە و کەوتۆتە سەر سنوری عێراقی و ئێرانی، باشترین شێوەی رێکخستنی هەیە. بۆ زۆر پێشمەرگە ئەمە ساڵی سێهەمە یان چوارەمە کە لە ناو ئەم شاخانەدا، کە شوێنی خەباتی دێرینی پێشمەرگانەیە و باشترین شوێنی کشانەوەیە، وەك نەوشیروان ئەندامی مەکتەبی سیاسی و دەرچوی زانکۆی ئوتریش لە بەشی ئابوری ووتی: "پیاو لەگەڵ ئەم ژیانەدا رادێ".

بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان ماوەی چوار سەعات پێ ئەبێ لە شاری سەردەشتەوە کە شارێکی بچوکی ئێرانە لە نزیك سنوردا.

زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی ئێران، جگە لە چەند شارێ، بە ناو رزگارکراو دائەنرێ هەر هەمان شێوە ئەبینرێ لە هەندێ ناوچەی شاخاوی کوردستانی عێراق کە لە ژێر دەسەڵاتی کوردەکان دایە دژ بە سوپای عێراق و ئێرانی بەرگری لێ ئەکرێ. ئەو ناوچەیە، ناوچەیەکی زۆر ناسکە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە زۆر منافەسەی وولاتانی لەسەرە. سەرەڕای بەگژاچونی سوپای عێراقی و ئێرانی دژ بە کوردەکان... هەندێ پاشماوەی سەربازانی شاش لەمەدا بەشدارن کە هەموو یارمەتیەکیان لە رژێمی عێراقیەوە ئەدرێ. ئەم سنورە سودی لێ کراوە بۆ مەسەلەی قاچاغچیەتی و بە رێکوپێکی کاروانی پێدا دەڕوا. بۆ هاتوچۆ لەو ناوچەیە زۆرجار هەوڵ دراوە کە ئۆتۆمبیلی جیب بەکاربهێنن، بەڵام سەرنەکەوتوە.

دوای سێ سەعات بە پێ رۆیشتن بە سەرسوڕمانەوە یەکەم کۆمەڵە کە دیمانن سێ ئەوروپی بون لە تەلەفزیۆنی فەرەنسیەوە هاتبون. ئامۆژگاریان



کردین کە زیاتر بەردەوام نەبین لە رۆیشتنەکەماندا "دوێنێ بارەگای یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لایەن تەیارەی عێراقەوە بۆردومان کرا، ئێمە زۆر بە سەیر رزگارمان بوو، بارەگای بڵاوکردنەوە و رۆشنبیری، نیو سەعات دوای رۆیشتنی ئێمە بۆردومان کرا، ئەوانەی ئێمە کارمان لەگەڵدا ئەکردن، مردون یان بریندار کراون"...

کاتێ ئێمە لە بنکەی یەکێتیی نزیك بوینەوە، دەنگی تەقەی تۆپەکان ئەو ناوچەیەی پڕ کردبوو، هەندێ پێشمەرگە ویستیان ئێمە هێمن بکەنەوە بۆیە وتیان "ئەوە تۆپەکانی ئێمەیە و دوریشە" پێشمەرگەکە بەردەوام بوو کە ئەوەی ووت، هەرچۆنێك بێت، ئەمە وەزعی هەموو رۆژێ نیە لەم ناوچەیە، پێش ساڵێك سوپای عێراقی هێرشێکی گەورەتری کرد و ویستی شاخەکان پاك بکاتەوە و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام نەیتوانی دوای بەرەنگارییەکی قارەمانانە، وە ئەم جارەش دوای چەند رۆژێکی تر مەجبوورە بکشێتەوە دوای ئەوەی هیچ سەرکەوتنێك بەدی ناهێنێ.

بنکەی پێشمەرگەکان لە پاڵ گردێکی گەورەدایە، وە کۆمەڵی بچوك بچوکیان لێ دروست کراوە لەم بارەیەوە نەوشیروان بۆی رون کردینەوەو ووتی "ئەم کۆمەڵە بچوکانە سودی ئەوەی هەیە کە ئەتوانن زیاتر هێرشی چالاکانە بکەن و زووتر گورج تر بکشێنەوە، ئێمە تفاقی شەڕی ئازوقەمان بۆ ساڵێکیتریش هەیە، وە بەوەی هەمانە ئەتوانین بەردەوام بین" چەکی قورس دژ بە تەیارەی میك، پیاو ئەتوانێ بە هۆی قاچاغچیەکانەوە لە بازاڕی بیروت بیکڕێ.

پێشمەرگەکان رۆژی لەوەو پێش تەیارەیەکی بۆمبا هاوێژیان خستبوە خوارەوە. سەرەڕای ئەوەی تەیارەی عێراقی سێ سەعات قەسفی کردبوو، تەنها دوو پێشمەرگە کوژرابوون و ١٧ پێشمەرگەش برینداربوون. لای ئەو چادرەی کە بە شێوەیەکی چاك وەکو نەخۆشخانە لە لایەن خاچی سورەوە دامەزراوە و هەموو دەرمانێکی پێویستی تیایە، چاومان بە پزیشکێ کەوت کە ووتی "هەموو رۆژێك سەرەڕای پێشمەرگەکانی خۆمان، زیاتر لە ٢٠ تا ٣٠ هاوولاّتی لە دێکانی ئەم دەوروپشتەوە دێن بۆ تیمار کردن، بەلاّم ئێستا ترسیان لە بۆردومانی‌تر هەیە" لەبەر کەمی چاودێری پزیشکی، بۆیە زۆر چەند سەعاتێك ئەڕوا تەنیا لەبەر دان هەلّکێشان بەلاّم زۆربەیان هەندێ نەخۆشیان هەیە کە پیاو بە دەرمان ناتوانێ چارەسەری بکات، بەلاّم هاتنیان سەرەڕای ئەوەش دلّخۆشکەرە بۆ ئێمە، چونکە لەوەو پێش ئەوان ئەچون بۆ لای شێخەکانیان.

لەو کاتەدا گرنگترین شت بۆ خەباتی رزگاری خوازی گەلی کورد، رادیۆکەیان بوو "کوردستانی رزگارکراو" کە نمونەی زیندوی شۆڕشەکەیانە. دوو تەکنیکی لە ئەوروپا فێر بووبون، لەو کاتەدا خەریکی ئیستگەکە بوون چاکیان ئەکرد. لە سبەینێوە ئەتوانین ئیشی پێ بکەین، زەرەرێکی ئەوەندەی نەبووە، لەو بنکەیە هەندێ ئافرەتیشی لێیە، کە ئەوانیش بە جل و بەرگی پێشمەرگەوەن. لە ئافرەتێکمان پرسی، کە ئەمانەوێ بزانین بۆ هاتویتە شاخ و بوویت بە پێشمەرگە، دەرکەوت کە زۆربەیان هاتنەکەیان لە خۆشی خۆیانەوە نەبووە، بەلّکو لە ترسی



بەندکردن هەلاّتون، وە هەندێکی‌تریان بۆ ئەوە هاتبون کە ئەو پێشمەرگانەی نەخوێندەوارن فێری خوێندەواریان بکەن.

بنکەی رۆشنبیری و بلاّوکردنەوە کە رۆژنامەی یەکێتیی بە چەند زمانێك لێ دەردەچوو، بۆردومان کرابوو وە تەنها پاشماوەکەی مابووەوە. هەروەها بازاڕە گەورەکەش کە زۆربەی شتی لێ دەست دەکەوت لە خواردەمەنیەوە تا شتی قاچاغ وە تا سەلاجەش، ئەویش هەروەکو بنکەی رۆشنبیریەکە تەخت کرابوو.

یەکێ لەو فرۆشیارانەی لەوێ کەلوپەلەکانی هەموو بۆردومان کرابوو، بە کوریکەوە هاواری لێ ئەکردین "بۆمبای سوتێنەریان فڕێدا، دە خێزان مالّیان کاول بووە، بەلاّم ئێمە واز لە خەباتی خۆمان ناهێنین"...

شێوەی رێکخستنی خەبات

ناوچە شاخاویەکان سودێکی چاکی هەیە بۆ پێشمەرگەکان کە لە کاتی هێرشی سەربازیدا خۆیان بشارنەوە و دوای چەند سەعاتێك جارێکتیر بنکەی سەربازەکان بپێکن.

پێشمەرگەکان بوون بە دەستەی بچوك بچوکەوە "لە هەموو شوێنێ هەن و لە هیچ شوێنێك نین" گرنگتر لە کاری پێشمەرگایەتی، ئەوان جموجۆلّی سیاسی لە ناو شارەکاندا ئەکەن. زۆربەی ئەندامەکانی یەکێتیی لە شارو دێهاتەکان بە نهێنیەوە کار ئەکەن، چونکە ئێمە ئەگەر هەموو قورساییمان بخەینە سەر خەباتی چەکداری و شەڕی پێشمەرگانە، ناتوانین زۆر بەردەوام بین، چونکە گەلی کورد تاقی کردنەوەی زۆرە لە مێژووی خەباتیدا.

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە سێ ڕێکخراو دروست بوو، ئێستا نزیکەی ٥٠٠٠ پێشمەرگەیان هەیە. لە ماوەیەکی کەمدا بە خێراییەکی وردبینانە سەرکردایەتی یەکێتیی توانی جارێکیتر ڕێکخستن دروست بکاتەوە بە تایبەتی ڕێکخستنی هێزی چەکداری، بێگومان تاقی کردنەوەی ١٤ ساڵەی خەباتی چەکدارانەی گەلی کورد یارمەتی ئەمەی زۆردا.

نازانین بۆچی خەباتی گەلی ئێمە لە دەرەوەی وولات زۆر دەنگی نەداوەتەوە و خەڵکی بە پەرۆشەوە نیە بۆی؟ بۆچی هیچ کەسێ یارمەتی ئێمە نادا؟ ئەمە پرسیارێکە هەمیشە لە ڕۆژنامەنووسەکان ئەکرێ کە بچن بۆ کوردستان ئەم پرسیارانە بێ گومان بەستراوە بە ئامانجی گەلی کوردەوە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق و ئێران، ئۆتۆنۆمی یان سەربەخۆیی بەڕێوەبردنی مەسەلەی ڕۆشنبیری و سیاسی و ئابوری لە چوار چێوەی ئەو وولاتانەی کە کوردیان دابەش کردوە دوای جەنگی جیهانی دوهەمەوە...

خۆ ئەگەر لە کاتێکدا ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی خۆیان وەرگرت ناتوانن دەورێکی سیاسی جیاواز لەگەڵ هەندێ وولاتی تردا ببینن.

ئەم بارە ئاڵۆزەی کوردستان لە نێوان چوار وولاتدا، تەنگو چەڵەمەی بۆ خەباتی ڕزگاری خوازی گەلی کورد دروست کردوە، مەسەلەکەی زیاتر ئاڵۆزتر کردوە. لە جیاتی ئەوەی گەلی کورد هەموو دژ بە ڕژێمکی دیکتاتۆر یان دژ بە کولونیالیزم خەبات بکەن، کەچی لە چوار لاوە خەبات ئەکەن بە شێوەی جیاواز کە ئەو شێوەی خەباتەکان چۆنێتی ئەو ڕژێمانە دیاری ئەکا کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە.



کوردەکانی کوردستانی عێراق وا ئەبینن کە ئۆتۆنۆمی لەم قۆناغەدا تاقە هەنگاوە کە جێ بە جێ بکرێ، سەرەڕای ئەوەی کە هەموو کوردێ خەو بە کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازادەوە ئەبینێ...).

(گۆڤاری تیلیرامای فەرەنسی لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٨٠/٩/١٧ ریپۆرتاژێکی بە قەڵەمی "میشیل هونورە" لە ژێر ناونیشانی "شەڕی کورد" بڵاوکردووەتەوەو لە بەشێکیدا هاتووە:

خاکێکی فراوانە کە بە قەد ڕووبەری فەرەنسایەو بە سەر یەکێتی سۆڤیەت، تورکیا، ئیران، عێراق، سوریا دابەشکراوە، چەندان سەدەیە گەلەکەی ئەو خاکە داوای قەوارەی نەتەوەیی دەکەن، وەك دیارە کورد داوای سەربەخۆیی ناکات، بەڵکو داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە تێیدا نیشتەجێن).

( هەروەها ڕۆژی ١٩٨٠/٧/٢٣ ڕۆژنامەی ئۆپسالا نیو تیدنینگ

لە ژێر ئەم ناونیشانەدا ئەم هەواڵەی بڵاوکردووەتەوە "مانگرتنی نانخواردن لە لایەن کوردەکانەوە دژی حوکمی ئیعدام لە عێراقدا".

کۆمەڵێ لە کوردەکانی عێراق لە ڕۆژی ٣ شەممە ١٩٨٠/٧/٢٢ مانگرتنێکی ١٢ سەعاتیان کردوە لە نانخواردن لە مەیدانی گەورەی شاری ئۆپسالادا لە سوید، ئەمەش وەك هاوکارییەك (دژی... نەوزاد) ئەو ٢٠ کوردەی کە هەفتەی ڕابردو حوکمی ئیعدامیان بەسەردا دراوە و ئێستا چاوەڕێی مردن ئەکەن (تەنفیزکردنی ئیعدامەکانیان ئەکەن).

لەو بەیانە ئیحتیجاجیەی کە نوسیبویان و بڵاویان کردەوە ناوی ١٣ کەس لەو مەحکومە کوردانەیان نوسیوە لەگەڵ ناوبردنی خەڵکی چ

شوێنێکن، له ماوەی ئەم دواییەی ئەم ساڵدا ٥٢٠٠٠ کوردیان له عێراق دەرکردوە بۆ ئیران، وە له ماوەی ٣ مانگی رابردودا، رژێمی خوێن خۆری بەغا ٢٥٧ کوردی ئیعدام کردوە (له زمانی قسەکەرێکەوە بە ناوی کوردەکانەوە) دەرکردنی ئەو کوردانە گوایە وا ئیدعا ئەکەن کە ئەمان ئیرانین، بەڵام لە راستیدا ئەو ٥٢٠٠٠ وەکو هەموو کوردێکی تر کوردن و درۆ و دەلەسەی رژێمە ئەمە.

ئیعدام کردنی کوردەکان لە لایەن رژێمی عێراقەوە وەکو شتێکی ئاسایی (اعتیادی) لێ هاتوە و بەردەوام کوردە و ئیعدام ئەکرێ.

کورد له عێراق و ئیران و تورکیاو سوریا هەیە لە هەر چوار وولاتەکە کورد چەوساوەیە و زوڵمی لێ ئەکرێ).

سەرنج:

ئەم بابەتە لە رۆژی ٢٠٠٨/٦/٣، لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ-دا بڵاوبووەتەوە.



## گۆڤاری "زەنگ"ی مەجەرستان


زەنگ

ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٨

بڵاوکراوەیەکە بۆ ووتارو نووسین و زانیاری هەمەجەشنەی سوود بەخش

لەلایەن چەند رۆشنبیرێکی کوردەوە دەرئەچێت لە مەجەرستان

لەم ژمارەیەدا
.................

- کەی دێن بەدەنگمانەوە ..............ووتەی ژمارە
- بازاڕی جەك، جەنگ: لەکوێ و دژبەکێ؟ کاکەڕەش
- ئاورێك لە مێژووی کێشەی فەلەستین م.- دارا
- رۆژنامەگەریتی لە مەجەرستان ... ووتارێکی وەرگێڕاو
- فەرهەنگۆك ......
- پارچە هۆنراوەیەکی وون بوو ........
- مافی فیتۆ .... چیە ؟

## پێشەکی

لە ساڵی ١٩٨٨، لە وڵاتی مەجەرستان (بولگاریا) لە لایەن چەند کوردێکی رۆشنبیرەوە گۆڤارێك بە ناوی "زەنگ" دەرچووە، گۆڤاری ناوبراو لە هیچ بەرهەمێکی رۆژنامەگەریی باسینەکراوەو ئاماژەی پێ نەدراوە، وا ئێمە لەم کورتە نووسینەدا گۆڤارەکە دەناسێنین و ئاشنای دەکەین بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی.

## ناساندن

(زەنگ: بڵاوکراوەیەکە بۆ ووتارو نووسین و زانیاری هەمە چەشنەی سوود بەخش، لە لایەن چەند رۆشنبیرێکی کوردەوە دەرئەچێت لە مەجەرستان) ئەم دەستەواژەیە لەسەر بەرگی پێشەوەی ژمارە ١دا نووسراوە، بەڵام لە بەرگی پێشەوەی ژمارە ٢دا، دەستەواژەی ناوبراو بەم شێوەیە دەستکاریکراوە: (زەنگ: گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی‌یە لە لایەن چەند رۆشنبیرێکی کوردەوە لە مەجەرستان دەرئەچێت).

ئەوەی من دۆزیومەتەوەو کەوتووەتە بەرچاوم، تەنیا ژمارە ١ و ژمارە ٢ی گۆڤارەکەیە، تا ئێستا نازانم هەر ئەم دوو ژمارەیە لە گۆڤارەکە دەرچووە، یان ژمارەی تری بە دوادا هاتووە؟ ژمارە ١ ساڵی ١٩٨٨ دەرچووەو بریتییە لە ٣٨ لاپەڕە، بەڵام ژمارە ٢ ساڵی ١٩٨٩ دەرچووەو بریتییە لە ٤٠ لاپەڕە، هەردوو ژمارەکە لەسەر قەبارەی ٢١ بە ١٥سم چاپکراون، لە ژمارە ٢دا ناونیشانی گۆڤارەکە نووسراوە کە ئەمەیە:



ZENG
IV- BP. UJPEST- ١
POSTAN MARADO
١٣٢٥ HUNGARY

ناوم لەم نووسینە نا "زەنگ-ی مەجەرستان" تا لەو رۆژنامەو گۆڤارانە جیابکرێنەوە کە بە هەمان ناو لە کوردستان دەرچوونە و دەردەچن.

زۆر هەوڵمدا تا بزانم ئەو رۆشنبیرانە کێن کە ئەو گۆڤارەیان دەرکردووە، بەڵام هەوڵەکەم بە هەدەرچوو، نەمتوانی ئەمە ساغ بکەمەوە.

## زەنگ بۆچی؟

بۆ ئەوەی لە مەبەست و ئامانجی دەرچوونی گۆڤارەکە بگەین، وا ئەم پارچە نووسینە دەگوازمەوە کە لاپەڕەی سەرەتایی ژمارە ١دا نووسراوەو ئیمزای "زەنگ"ی لەسەر دانراوە:

"خوێنەرانی ئازیز:

زەنگ، بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆیە، لاپەڕەکانی واڵایە بۆ ووتار و نووسین و زانیاری کە لە خزمەتی رۆشنبیران و خوێنەوارانی گەلی کوردا بێت، ... ئەم بڵاوکراوەیە و بەم شێوە سادەیەی کە لەبەردەستاندایە لەوانەیە لەگەڵ بیروبۆچوونی گشت خوێنەوارانـدا نەبێت، یان لەوانەیە هەندێ لە ناوەڕۆکەکەی جێگەی رەزامەندی هەندێ کەس نەبێت، بەڵام بەهۆی ئەو نیمچە سەربەخۆییەی کە بۆمان رەخساوە لەم دوور وڵاتی‌یە،

به پێویستمان زانی که له سنورێکی دیاری کراودا مافی ئازادی بدەینه خاوەن پێنووس، به مەرجێ که له بەرژەوەندی رۆشنبیران و گەلی کوردماندا بێت...".

هەروەها لەسەر بەرگی پێشەوەی ژمارە ٢دا بەلای ناوەوەدا ئەم چەند دێڕە دێتە بەرچاو:

"هاووڵاتیانی دووره وەڵات:

گۆڤاری زەنگ- گۆڤارێکی رۆشنبیری هەمە چەشنەیە و ئامانجی سەرەکی بریتی‌یە له پڕکردنەوەی کەلێنێکی دوا کەوتووی باری رۆشنبیری نەتەوەکەمان له دەرەوەی وەڵات، لاپەڕەکانی والایه بۆ بەرهەمەکانتان و به پشتیوانی ئێوەی ئازیز ئەتوانێ درێژه به تەمەنی بدات. گۆڤارێکی سەربەخۆیه و دەرگای لەسەرپشته بۆ هێزی خامەتان، بۆ هەموو بیروڕایەکی ئازاد و پێشکەوتووخواز که له خزمەتی بەرژەوەندی نەتەوەی کوردا بێ...".

## ناوەرۆك

له دووتوێی هەردوو ژمارەکەی "زەنگ"دا ناونیشانی ئەم بابەتانه دێنه بەرچاو:

### ژمارە ١

- "نووسینێکی بێ ناونیشان، تا ژمارەی لاپەڕەشی بۆ دانەنراوەو له لاپەڕەی دوای ئەم بابەته زنجیرەی ژمارەی لاپەڕەکان دەستپێدەکات.



- وتەی ژمارە: کەی دێن به دەنگمانەوە؟ .... لاپەڕە ١-٦.
- نەفرەت له کێ!... شیعر... لاپەڕە ٧-٨، پاشماوه له لاپەڕەکانی تر.
- بازاڕی چەك... جەنگ... له کوێ؟ دز به کێ؟ ن.کاکەڕەش ... لاپەڕە ٩-١٦.
- ئاوڕێك له کێشەی گەلی فەڵەستین، م.دارا... لاپەڕە ١٧-٢٣.
- مافی فیتۆ چی‌یه؟... لاپەڕە ٢٤، پاشماوەی له لاپەڕە ٣٥دایه.
- رۆژنامەگەرێتی... نووسینی ماکای جۆرج، وەرگێڕ ب. ا... لاپەڕە ٢٥-٣٢.
- فەرهەنگۆك... لاپەڕە ٣٣-٣٥.

### ژمارە ٢

- ووتەی زەنگ:

ئەرکی ئیمرۆمان له دەرەوەی وولات، دەستەی نووسەران.. لاپەڕە ١-٣ و پاشماوەی له لاپەڕە ١٩دایه.

- وەبیرهێناوەیەك... لاپەڕە ٣.
- هەواڵی شەهیدکردنی قاسملو و هاوڕێکانی... لاپەڕە ٤، پاشماوەی له لاپەڕە ١٩دایه.
- پێرێسترۆیکا و بزووتنەوەی رزگاریخوازی جیهانی، کاکەڕەش... لاپەڕە ٥-١١.
- قسەی نەستەق... لاپەڕە ١١.

- چارەنووسی گەلان لە ئەرشیفی (پەیوەندی نێو دەوڵەتان)دا... لاپەڕە ١٣، پاشماوەی لە لاپەڕە ١٨دایە.
- گۆشەی رامیاری: "شورای هاوکاری عەرەبی" یا بلۆکێکی سەربازی! م.دارا... لاپەڕە ١٣- ١٧.
- بۆ زانین... لاپەڕە ١٨و ١٩.
- کورتەیەك لە ژیانی شەهید د.عبدالرحمن قاسملو... لاپەڕە ١٩ و ٢٠.
- گەلی کوردو کۆنگرەی ساڵانەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان... لاپەڕە ٢١ و ٢٢.
- نامەی باوکێکی شەهید بۆ هەردوو ساواکەی... لاپەڕە ٢٣-٢٥.
- بۆ ئاگاداری... لاپەڕە ٢٥.
- نامەی مەلیك مەحمود بۆ سۆڤێیت... لاپەڕە ٢٦-٢٨.
- گۆشەی ئەدەب و هونەر: "ئەدەب و هونەری شۆڕشگێڕ" کەمال مەمەند... لاپەڕە ٢٩- ٣٣.
- رۆژی شانۆی جیهانی، غەمبار... لاپەڕە ٣٤- ٣٦.
- رازێك لە بناری خاڵخاڵان، شیعر، سۆران... لاپەڕە ٣٦.
- هەڵەبجە مۆری تاوانی سەدەیە، شیعر... لاپەڕە ٣٧ و ٣٨.
- بەستەی روناکی، شیعر، ا. ف... لاپەڕە ٣٩.
- رۆژژمێرێك.... لاپەڕە ٤٠.
- ڤیینای شۆخ، شیعر، خاڵە حەمە، لاپەڕەی دوا بەرگ بە لای ناوەوەدا.



## زەنگ وەك بەرهەمێکی رۆژنامەنووسی

لە بەرگی پێشەوەی هەردوو ژمارەکەدا نووسراوە، لە لایەن چەند رۆشنبیرێکی کوردەوە دەردەچێت، واتە چەند قەڵەمێك کاریان تێدا کردووە کە ئاگاداری باری رۆشنبیریی و رۆژنامەگەریی کوردی بوون، لە دوو توێی بابەتە بڵاوکراوەکانیشدا هەست بە ئاستی ئاگایی بابەتەکان دەکرێت بەرامبەر بە باری روناکبیریی و سیاسیی نەتەوەکەمان.

دەتوانرێت لە چەند لایەنێکەوە گۆڤاری ناوبراو هەڵبسەنگێنرێت وەك چالاکییەك لە بواری رۆژنامەنووسی و رۆژنامەگەریی، بە تایبەتیش سەبارەت بەو بابەتانەی کە هەڵیانبژاردووە بۆ بڵاوکردنەوە، هەروەها ئەو شێوە زمانەش کە بابەتەکانی پێداڕێژراوە، کە لە پێناوی گەیاندیاندا بە شێوازێکی سادە نووسراون و داڕێژراون.

بۆ فۆڕمەکەشی؛ واتە لایەنی تەکنیکی، ئەو دیزاینەی گۆڤارەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بەشێکە لە شێوەو شێوازی ئەو گۆڤارو بڵاوکراوانەی کە ئەوسا کاریان لەسەر کراوە، بە تایبەتیش رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی بە شاخ و دەرەوەی کوردستانەوە، بەڵام ئاستی دیزاینی گۆڤاری زەنگ، لە دەیان گۆڤارو بڵاوکراوە کە ئەو کاتە لە دەرەوەی کوردستان چاپ و بڵاوکراونەتەوە، باشترو رێکوپێکترو خاوێنترە.

بۆ ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەش کە ستافی گۆڤارەکە بە مەبەستی بڵاوکردنەوە هەڵیانبژاردووە، بابەتگەلێکن بۆ ئەوسا بابەتی گونجاو و واقیعین و هەستدەکرێت بەشێکن لە زاکیرەی بیرکردنەوەی ئەوسای خوێنەران.

ئەگەرچی لە باری چینینی کاری هونەریی وتارەکان و ئەو چەند هەواڵەی کە بڵاوکراونەتەوە؛ هەست بە لاوازیی کارکردن لەسەر هونەرەکانی کاری ڕۆژنامەگەریی دەکرێت، بەڵام وەك دەزانرێت تا ئەو کاتەش کە "زەنگ" دەرچووە، کورد ڕۆژنامەنووسی زۆر زۆر کەم بووە، یاخود دەتوانین بڵێین تەنیا چەند کەسێك سەلیقەی کاری ڕۆژنامەنووسیان هەبووە، ئەگەرنا ئەوە ئەدیب و ڕۆشنبیرانی کورد بوون کە کاریان لە بواری ڕۆژنامەگەریدا کردووە، وەك لە پێشەوەی ئەم ناونیشانەشدا ئاماژەم پێدا، چەند ڕۆشنبیرێك ئەو گۆڤارەیان دەرکردووە.

## بابەتی هەڵبژاردە

لەو سێ بابەتەی کە لە هەردوو ژمارەی گۆڤارەکەدا گواستوومەتەوە ئاستی زمان و دارِشتن و ئامانجی ستافی گۆڤارەکەمان زیاتر بۆ روون دەبێتەوە، کە بۆچی گۆڤاری ناوبراویان دەرکردووە.

لە کاتی گواستنەوەی بابەتەکاندا هەوڵمداوە دەقاو دەق بیانگوازمەوە، تا بابەتەکان وەك بەڵگەش هێزی خۆیان لە دەست نەدەن.

## ١- مافی فیتۆ چی‌یە؟

فیتۆ(لە چەندان شوێنی ئەم وتارەدا بۆ وشەی ڤیتۆ، فیتۆ نووسراوە... نەوزاد) وشەیەکی لاتینیە بە مانای قەدەغەکردن یان دژوەستان، تەنها ئەو پێنج وڵاتە مافی فیتۆیان هەیە کە ئەندامی هەمیشەیین لە شورای ئاسایشی نێودەوڵەتان (مجلس الامن الدولي) ئەو پێنج دەوڵەتەش بریتین لە (یەکێتی سۆڤیەت، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەریتانیا،



فەرەنسا، کۆماری چین). ئەم وڵاتانە لەبەر ئەوەی بە دامەزرێنەر و ئامادەکردنی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکانن بێجگە لە (چین)، مافی فیتۆیان هەیە و سەرکەوتووی جەنگی جیهانی دووەمیشن لە هەمانکاتدا. ئەم وڵاتانە بە پێی بەرژەوەندی خۆیان قەوارەیان بۆ ئەم ڕێکخراوە جیهانیە دارِشتووە و بوون بە ریش سپی. ئەم وڵاتانە پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم بڕیاریان دا لە جیاتی (کۆمەڵی نەتەوەکان- عصبة الامم) ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان دامەزرێنن کە لە گشت روویەکەوە بەهێزتر و چالاك تر بێت لە کۆمەڵی نەتەوەکان.

بڕیاردرا کە ئەنجومەنی ئاسایش لە (١١) ئەندام پێکهاتبێ (لە پاشان بوو بە (١٥)، بە مەرجێ تەنها (٥) وڵاتیان ئەندامی هەمیشەیی بن، ئەم ئەندامانە مافی باڵادەستیان هەیە بۆ جێ بە جێ کردنی بڕیارەکانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و بەکارهێنانی هێز بۆ جێ بە جێ کردنی ئەو بڕیارانە ئەگەر پێویستی کرد. بەڵام ئەو وڵاتانە بە شتێکی راستیان نەزانی کە بە زۆربەی دەنگ و هێز بەکارهێنانی بڕیارەکان جێ بە جێ بکرێت، هەر بۆیەش مافی فیتۆیان بۆ خۆیان دابین کرد. پاش ماوەیەك ئەم (٥) وڵاتە راستەوخۆ دوبەرەکیان تێ کەوت.

یەکێتی سۆڤیەت لە لایەك، ئەوانی تریش لە لایەکی تر، لەم کاتەدا تەنها یەکێتی سۆڤیەت یەك دەنگی هەیە و بەهۆی مافی ڤیتووە ئەتوانێ دژی بڕیارەکان بێتەوە کە لە بەرژەوەندی نی‌یە و زۆربەی دەنگی هەیە- لە هەمان کاتدا یەکێتی سۆڤیەت و ئەمریکا نەیان ئەتوانی ڕێکەون لەسەر بەکارهێنانی هێزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ چارسەرکردنی گیروگرفتە جیهانیەکان. سۆڤیەت و ئەمریکا ڕێکەوتنیان لەسەر چۆنیەتی

بەکارهێنانی هێز و مافی ڤیتۆ ئەوە ئەسەلمێنێ کە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتان نەیتوانی وەك پێویست ئەو ئامانجە پیرۆزە جێ بە جێ بکا کە لە پێناویدا دامەزراوە، چەند جار پێشنیار کراوە بۆ چارەسەکردنی ئەم کێشەیە، یان دانی ئەم مافە بە زۆربەی ئەندامانی تر.

**سەرچاوە:**

**زەنگ، ژمارە ١، لاپەڕە ٢٤.**

## ٢- وتەی زەنگ:
## ئەرکی ئیمرۆمان لە دەرەوەی وڵات

لە مێژووی خەباتی گەلانی بن دەست و چەوساوە و داگیرکراودا، گەلێ وانەی گرنگ و بە سوود تۆمار بوون و بوونەتە پەندێکی بایەخ دار و لە بیرچوونەوەیان کارێکی هەروا سادەو ئاسان نیە. خەباتی گەلی کوردمانیش کە بەشێك لە مێژووی خەباتی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێك دەهێنێت و هەر گۆڕان کارییەك، ڕووداوێك، یان کارەساتێك ڕوویدات بەسەر دەوروپشتیدا ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار ئەکاتە سەری. بە درێژایی مێژووی سەخت و پڕخوێناوی، چەندین ڕووداوی ناهەموار و دڵتەزێن، سەرکەوتن و شکستی، جێی تایبەتی خۆیان لە ناوەڕۆکی پەرتوك و ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا گرتوە، کە هەندێکیان بوونەتە مایەی شانازی سەربەرزی، هەندێکی تریشیان جەرگ بڕو کوشندە بووە.

دیارە ئەوەی گرنگ بێت کە پێویستە لێرەدا پەنجەی بۆ درێژ بکرێت و بایەخی پێ بدرێت ئەنجامی کارەساتە ناهەموارەکانە کە بەسەر گەلی کوردماندا هاتووە مشتێکی ئاشکراشە کە لە هەمان کاتدا نابێ ئەو



کارەساتە دڵ تەزێنانە ببنە هۆی ساردبوونەوە، یان خۆکشاندنەوە لە کێشە گرنگەکان کە برێتییە لە خزمەت کردن و پاراستنی بەرژەوەندی نەتەوەکەمان و بە چاوێکی پڕ هیواوە سەیری دوارۆژ بکەین.

بایەخدان و لێکۆڵینەوە لە ئەنجامی کارەساتەکان، گرنگی یەکی تایبەتی هەیە کە پێویستە لە کات و شوێنی خۆیدا هەوڵی چارەسەکردنی بدرێت و دڵسۆزانە و دوور لە هەست و سۆز لێی بکۆڵرێتەوە. لەو کارەساتە ناهەموارانەی کە ئیمڕۆ هاتووە بەسەر گەلی کوردماندا، کارەساتی جەنگی نێوان دوو وڵاتی داگیرکەری کوردستانە، جەنگی چاوبرسیانەی نێوان ئێران و عێراقە.

ئەوەی لێرەدا مەبەستە ئەنجامی کارەساتی ئەو جەنگەیە کە تا چ رادەیەك یەخەی کوردی گرتووە و هەروەها زوو بەری نادات، کە ڕەنگە ئەو جەنگە لە ماوەی چەند ساڵێکدا کۆتایی پێ بهێنرێت، بەلام ئەنجامە شومەکەی بۆ گەلی کوردمان هەروا بە زووی کۆتایی نایەت و بووە هۆی فاکتەرێکی گرنگی تر بۆ زێتر دەست گرتن بەسەر خاك و دانیشتوانەکەیدا و زێتر پاڵپێوەنەر بێت بۆ تەفر و توناکردن و لەناو بردن و چەسپاندن و جێ بە جێکردنی چەندین رامیاری و شۆڤێنیستانەی تر.

گرنگ لێرەدا دەست نیشانکردنی گشت ئەنجامی کارەساتەکەیە. لەم ئاوارەیی‌یەدا بوونی نزیکەی ملیۆنێك پەناهەندەی کورد لە دەرەوەی وڵات کە زۆربەی زۆریان چاوەڕێی ڕۆژێکی روناك دەکەن و بە ئازادی و بێ ترس بگەڕێنەوە کوردستان. ئاوارەبووەکان برێتین لە چەند گروپێك، هەندێکیان بە ناچاری بە ماڵ و منداڵەوە، بەشێکی تریان بۆ کارکردن و ژیان

گوزەراندن، هەندێکی تریشیان خوێندکار و ئەوانەی کە خوێندنیان تەواو کردوە.

پەناهەندەیی وەك دیاردەیەك ئیمرۆ بۆتە جێی موشتومڕێکی زۆر لەسەر ئاستی جیهانی، بووە بە بەشێك لە کێشەی رامیاری ناوخۆ و دەرەوەی ئەو ولاّتانەی کە پەناهەندە وەردەگرن.

ئیمرۆ ئەبینین بارێکی هێجگار لەبار هاتوەتە پێشەوە بۆ ئێمەی ئاوارەو دەربەدەر، چ لە رووی باری ژیانەوە و دوور لە مەترسی و کوشتن و بڕین یان چ لە رووی باری خوێندن و خۆ فێرکردنی چەندین کاری پیشەیی کە پێویستە بە فیڕۆی نەدەین وە سوودی لێ وەربگرین. ئەرکی سەرشانی ئەو رۆشنبیر و لاوانەی کە ئیمرۆ دوور خراونەتەوە لە وولاّت و وزە و توانای خوێندنیان هەیە، پێویستە هەولّی خۆفێرکردن بدەن بە سوود وەرگرتن لە دانیشگا و ئامۆژگاکانی ئەوروپا، بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا گەلە ژێر دەستەکەمان سودیان لێ وەربگرێت و کەلێنێکی دواکەوتووی باری کۆمەلاّیەتی و ئابووری و رۆشنبیری پربکەنەوەو لە لایەك، لە لایەکی ترەوە چەندین فێرگەی پیشەیی ماوە کورت هەیە بۆ فێرکردنی کاری پیشە دەستیەکان لەسەر شێوەیەکی نوێ.

لە هەمان کاتدا بێجگە لە کاری خوێندن و فێربوون، ئەرکێکی گرنگ و پیرۆز کەوتوتە سەر شانمان ئەویش برێتیە لە خزمەتکردنی بەرژەوەندی گەلە ژێر دەست و چەوساوەکەمان و ناساندنی دەنگی کپ کراوی شۆڕشە خوێناویەکەمان، دیارە ئەم ئەرکە پیرۆزە هەروا بە ئاسانی ئەنجام نادرێ دور لە خۆرێکخستن و کارکردن لە رێکخراوە خوێندکاری و پیشەییەکاندا.



کەرتێکی گرنگی تری پەناهەندە کوردەکان لە دەرەوەی وولاّت برێتیە لەوەی خێزانە کوردەکان کە نیمچە کۆمەلّگایەکی کوردی پێك دێنن لە دەرەوە. پەیوەندی نێوان خێزانە کوردەکان لە لایەك، و کارتێکردنی جۆرو باری ژیانی کۆمەلّگەی ئەوروپایی لە لایەکی ترەوە دوو ئەرکی گرنگی خستوتە سەرشانی باوك و دایکان، ئەرکی بەخێوکردن و فێرکردنی مندالّەکانیان هەولّ دان بۆ لەبیر نەچونەوەی زمانی زکماکی کوردی و کۆشەکردنیان بە رەوشت و نەریتی کوردەواری و وەرگرتنی لایەنە پێشکەوتوەکانی باری ژیانی کۆمەلّگەی ئەوروپی بە مەرجێ نەبێتە هۆی سەرلێ شێواندن و چەواشەکردن و لە بیرچوونەوەی بنج و بنەوانیان.

**سەرچاوە:**

**ژمارە ٢، لاپەڕە ١ و ٢ و ٣**

### ٣- بۆ ئاگاداری:

بە خوشك و برایانی کوردی ئاوارە رائەگەیێنین کە ئەم ئێستگانەی خوارەوە لە ئەوروپا بە زمانی کوردی بەرنامەکانیان پەخش ئەکەن:

یەریڤان: کات ژمێر ١٦ بۆ ١٧،٣٠ (٣١ م- ٧٣٩٠ میگاهیرتز)

بەرلین: کات ژمێر ٢١،٣٠ بۆ ٢٢،٠٠ (١٠٣،٤ کەی ئێگ زێت)

نۆرنبرگ: کات ژمێر ١٧،٤٠ بۆ ١٨،٠٠ (٩٥،٨ کەی ئێگ زێت)


دورتموند: کات ژمێر ١٩،١٠ بۆ ١٩،٣٠ (٨٧،٨ کەی ئێگ زێت)

**سەرچاوە:**

**ژمارە ٢، لاپەڕە ٢٥**

## پاشکۆ

لە پاشکۆی ئەم بەرگەدا بە مەبەستی ئاسانکاریی و بەرچاو روونی خوێنەران و لێکۆڵەران، وێنەی بەرگ و ناوی بابەتەکانی بەرگی یەکەم بڵاودەکەمەوە.






وەزارەتی رۆشنبیری
بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی
زنجیرەی (٥٦٧)

**رۆژنامە لە کتێبدا**

**بەرگی یەکەم**

**نەوزاد عەلی ئەحمەد**

**سلێمانی ٢٠٠٨**

**بابەتەکانی بەرگی یەکەم**

- کوردایەتیو ڕۆژنامە.
- ڕووناکیو پێشەکییەکەی د.کوردستان موکریانی.
- مادێنای ڕاگەیاندنی یەکێتیی.
- ڕۆژی کورد یان کوردۆلۆجیا.
- ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کتێبی ڕۆژنامەگەریی چەپ لە عێراقدا.
- هەواڵ لە ڕۆژانوودا.
- دەوڵەمەندکردنی بابەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە کوردستانی ئێراندا.
- بیبلیۆگرافیای ڕۆژنامەنووسیی کوردیی لە شاری سلێمانی،
هەڵەو کەموکوڕییەکان.

## کتێبە چاپکراوەکانی نووسەر:

١- پۆلووی ژووری نووتەك، شیعر، بەغدا- ١٩٨٥.

٢- ساکەدەشت، شیعر، بە یارمەتی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوان چاپکراوە، بەغدا-١٩٨٨.

٣- مرۆڤ و تابووت، شیعر، هەولێر-١٩٩١.

٤- یەکێتی نووسەرانی کورد یان یەکێتی نووسەرانی کوردستان، لێکۆڵینەوە، هەولێر-١٩٩١.

٥- بازنەکانی مردن، شیعرێکی درێژ، هەولێر-١٩٩٣.

٦- پاڵتۆی حزب، شیعر، هەولێر-١٩٩٥.

٧- بەرەو سەرەتا، لێکۆڵینەوە، چاپەمەنی زاموا، پرۆژەی پاراستنی دەستنووسەکان، سلێمانی-١٩٩٨.

٨- بیبلیۆگرافیای هەردوو گۆڤاری نووسەری کوردو نووسەری کوردستان، بە هاوکاری یاسین قادر بەرزنجی، وەزارەتی رۆشنبیری، لیژنەی یادی ١٠٠ ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی-١٩٩٨.

٩- کێشەی ئاو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لێکۆڵینەوە-ئامادەکردن، بەشی رووناکبیری، مەکتەبی رێکخستنی ی. ن. ك، سلێمانی-١٩٩٨.



١٠- منداڵ و ئەدەب، لێکۆڵینەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی-١٩٩٨، چاپی دووەم، لەسەر ئەرکی چاپخانەی روون لە سلێمانی چاپکراوە، دابەشکردنی کتێبخانەی سۆران لە هەولێر- ٢٠٠٦، چاپی سێیەمی دەستکاریکراو، لە چەند رۆژنامەیەکی ئەلیکترۆنی بڵاوکراوەتەوە- ٢٠٠٧.

١١- شەبەك (مێژوو، ئاین، سەرژمێر) لێکۆڵینەوە- وەرگێڕان، بەشی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی ی. ن. ك، سلێمانی-١٩٩٩

١٢- گۆڤاری گزنگ- لێکۆڵینەوەو بیبلیۆگرافیا، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی-١٩٩٩.

١٣- مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەدو رۆژنامەی خەبات، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-٢٠٠٠.

١٤- کوردستانی نوێ- یەکەمین رۆژنامەی رۆژانەی راپەڕین، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی-٢٠٠١.

١٥- شۆڕشی رۆژنامە- رۆژنامەی شۆڕش، لێکۆڵینەوە، سەنتەری راگەیاندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان، سلێمانی-٢٠٠١.

١٦- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٦١-١٩٩١، بیبلیۆگرافیا، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی-٢٠٠١.

١٧- رۆژنامەی کورد- رۆژنامەی سێپتەمبەر، لێکۆڵینەوە، سلێمانی-٢٠٠٢.

١٨- رۆژنامەو جەنگ، وتار، کتێبی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی ی.ن.ك، سلێمانی-٢٠٠٣.

١٩- رۆژنامەگەریی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەرەوەی کوردستان، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی-٢٠٠٤.

٢٠- رابەری رۆژنامەگەریی نهێنی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، وەزارەتی رۆشنبیری، سلێمانی-٢٠٠٤.

٢١- کێشەی ویلایەتی موسڵ لە دوو رۆژنامەی سلێمانیدا، لێکۆڵینەوە، لە زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی شارەوانی سلێمانی، سلێمانی- ٢٠٠٤.

٢٢- هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، کتێبی رووناکبیری مەکتەبی رێکخستنی ی.ن.ك، سلێمانی-٢٠٠٥.

٢٣- رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی یەکەم، لێکۆڵینەوە، بەڕێوەبەریتیی چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی- ٢٠٠٨

٢٤- رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپاو ئەمریکادا ١٩٤٩- ١٩٩١، لێکۆڵینەوە، سەنتەری کوردۆلۆجی، سلێمانی- ٢٠٠٨.

٢٥- ئەستێرە یەکەمین گۆڤاری نهێنی هەمەڕەنگ بۆ منداڵانی کورد، لێکۆڵینەوە، لە بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی کوردستانی نوێ، سلێمانی-٢٠٠٨.

٢٦- ئەرشیفکردنی وێنە لە بواری رۆژنامەگەریی و راگەیاندندا، وەرگێڕان، خانەی وەرگێڕان، سلێمانی- ٢٠٠٨.